# سایکس/ بیکۆ
# Bye –Bye

د.سەربەست نەبی
بۆ گوڵان دەینووسێت

توێــژەرو ئەکادیمیســتی بەریتانیایــی (ڕیتچــارد تۆی) توێژینەوەیەکی لەســەر کۆمەڵێك دیکۆمێنتی سیاســی و مێژوویــی ئەنجامــداوە کــە مێژوویان بۆ ناوەندی ســەدەی بیســتەم دەگەڕێتەوە، ســاڵی ٢٠١٠دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیەشی لە کتێبێکیدا لە ژێر ناونیشانی (ئیپراتۆریەتی چەرچڵ) بڵاوکردۆتەوە، توێژەری ناوبراو جەختی لەســەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەو ڕێککەوتننامەیەی بە ناوی ســایکس بیکۆ ناسراوە، لە ســاڵی ١٩١٦ دا لە نێوان هــەردوو دیپلۆماتکاری ئینگلیزی و فەرەنســاییدا ئەنجــام دراوەو لە دوتوێی ناوەڕۆکەکەیــدا میراتەکانی ئیپراتۆریەتی عوســمانی لە پاش جەنگــی یەکەمی جیهانییەوە لــە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا دابەشــێنراوە، بــەڵام چەرچڵ کە ئەوکات وەزیــری دەریاوانی بووە، لەســەر ئەو ڕێکەوتنە ڕازی نەبووە، چونکە چەرچڵ پابەندایەتی خۆی بە شەریف حوسێن شــازادەی مەکەوە دوپات کردۆتەوە بە تایبەت لەسەر پابەندبوونی بەو بەڵێنانەی ماکماهۆنەوە کە بەو شەریفەی داوە سەبارەت بە فەرمانڕەوایەت پێبەخشینی شەریف حوسێن لە لوبنان و فەلەستین و سوریاو ئوردن و دورگــەی عەرەبیدا،ڕەنگبێ ئەگــەری ئەوەی تیا بوو بێت ئــەم ڕەوایەتی پێدانە ببوایەتە هەڕەشــەیەك بۆ ســەر دەســەڵاتی بەریتانیی، بە تایبەتی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە کەنداوی فارس و ڕێگا بازرگانیەکەی بەرەو هیندستان کە بە گەوهەری تاجی ئیمبراتۆرییەت لەلایەن بەریتانیاوە ناسراوبوو..

وەك ڕیچــارد تۆی وای بۆچووە کــە چەرچڵ بێ ئەوەی حسابێك بۆ بەرجەستەبوونی حەقیقەتە مێژوویی و کەلتووریەکانــی ناوچەکــەو ناهاوئاهەنگی پێکهاتە ئیتنی و ئاینی و مەزهەبیەکانی بکات نەخشــەیەکی دیکەی بۆ ناوچەکە پێشنیاز کردبوو، نەخشەی چەندین کیانی نوێی لەسەر زەوی کێشا لەوانە عیراق و سوریاو لوبنان و فەلەستین و ئەردەنی ئێستا..

کەواتــە خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســت پــاش دارمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و جەنگی گێتی بە شێوەیەك پێکهات پێچەوانەی ئەو نەخشەیەی لە خەیاڵی هەردوو دیپلۆماتکارە فەرەنسی و بەریتانیەکە دانرابوو، کەوتەوە، ئەگەرچی پاشــی ئەوەش هێڵە پانەکانی خۆرهەڵاتیان دیاری کردەوە بە پێی ئەو دابەشــبوونەی کە سەدەیەکە تا ئەمڕۆ ناسیومانەو ناسراوە بە ڕێکەوتنامە دووقۆڵیە شــوومەکە لە کاتێکدا ئەم دابەشــبوونە پێویستی بە ماوەیەکی مێژوویی و سیاســی دوورودرێژ هەبووە تا شــێوەی کۆتایی خۆی وەربگرێت، لە کۆنگرەی سان ڕیمۆن لە ســاڵی ١٩٢٠ ســەرلەنوێ جەخت کراوەتەوە



لەسەر نەخشـــەنوێیەکەو بڕیارەکانی دواتری کۆمەڵەی گەلانی لە ٢٤ی حوزەیرانی ســاڵی ١٩٢٢ی لەسەر دارێژرایەوە، وەسێتی بەریتانی و فەرەنسا بۆ چەسپاندنی ئەو ناوچانەی پێشـــتر لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوون دوپات کراوەتەوە..

پاش ســاڵێك لەم بەرواره پەیماننامەیەکی نوێ لە نێوان لایەنــەکان و کەمال ئەتاتورك بە نــاوی پەیماننامەی لۆزانــەوە لە ســاڵی ١٩٢٣بەســترا بۆ ڕاســتاندن و هەموارکردنەوەی سنوورەکانی لە پەیماننامەی سیڤەردا دانرابوون، گەورەترین زیانمەند لەم پەیماننامەیەی لۆزاندا گەلی کورد بوو کە بە هۆیەوە نیشــتمانەکەیان بەسەر چـــوار دەوڵەتی جیاواز لە یەکتردا کەرت کەرت کرا، بە پێی ئەو نەخشە نوێیەی سیاسیی وڵاتانی ناوچەکەی لێ دروست بووەو تا ئێستاش بۆمان ماوەتەوە..

ڕێکەوتنامــەی ســایکس بیکــۆ دەرئەنجامـــی تێگەیشـــتنێکی نیمچـــە هەڕەمەکیانەی نێـــوان دوو دپلۆماتکارە، کە ئەمـــڕۆ بووەتە گەورەترین مۆتەکەی سیاســـی و مێژوویی لە ناوچەکەدا،نزیکەی سەد ساڵە چارەنووســـی گەلانی ناوچەکەی گەیاندۆتە ئاســـتێك کە باجەکەی بە ڕۆحکێشـــانی سەدان هەزار مرۆڤ و دەیان ساڵی کۆیلەکردن و ستەمکاری و ژێردەستەبوونی نەتەوەگەلێك لە ژێر جەوری سیســـتمە سیاســـیەکانی گەمە بە چارەنووســـی خەڵکەوە دەکەن، واتە ســـایکس پیکۆ زیندانێکی گەورەیان بۆ هەندێ نەتەوە دروســـت کرد، بێبەشـــیان کردن لەوەی خـــاك و کەلتوورو زمان و بڕواو مێژووی هاوبەشی خۆیان بەکاربهێنن، پەرەسەندن و ســـەربەخۆیی نەتـــەوەی کورد بوو بـــە قوربانی ئەو ڕێکەوتنامەیە..

ئەوەی ئێســـتا ڕوون و ئاشکرایە لە پاش تێپەڕینی سەد ساڵ بەسەر ئەو ڕێکەوتنامە شوومەدا دەسەڵاتە سیاسی و مێژوویەکـــەی خـــۆی لەدەســـت داوەو گۆڕانکاری تێکەوتـــووە، نیمچـــە قەناعەتێك بـــە لای چاودێرانی نێودەوڵەتییەوە دروســـت بووە بۆ چاو پێداخشانەوەی بە پێـــی بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکـــە، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە ئـــەم نەخشـــەدانانەی ڕێکەوتنامەکە بریتی نەبووە لە داخـــوازی گەلانی ناوچەکەو بەڵکو ئارەزووو بەرژەوەندی نێودەوڵەتی بووە بۆ ڕۆڵگێڕانی سیاسییانە لەسەر ئاستی جیهانی و دەرکەوتنی جەمسەرگیری نوێ پێکهاتنی بنکەی هێزی سیاسی ئەوکات، لە سەرەتاکانی هەشتاکانەوە و لە ساتەوەختی جەنگی یەکەمی کەنداو لە نێوان ئێران و عیراقدا ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکایی بریجنسکی ڕایگەیاند کە کۆسپی گەورەی کە ئەمەریکا پێـــوەی دەناڵێنێت لەوەدا کۆدەبێتەوە چۆن جەنگێکی دووەمی کەنداوە ئەکتیڤ بکات تا ئەمەریکا بتوانێت لە میانەیەوە ســـنووری ســـایکس بیکۆ ڕاست بکاتەوە، ئەوەبوو لە ســـەردەمی حوکمی جۆرج بۆشـــی کوڕدا سیاســـەتی ئەمریکا ئەم ئامانجەی بەخشـــییە ئەو ســـەرۆکەی ئەمەریکا تا لە ژێـــر ناوی پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا کاری لەسەر بکات..

ئەم ڕاســـتاندن و هەموارکردنەوە نوێیەی سنوورەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاســـت بابەتی ناکۆکـــی بەردەوامی نێوان ئاکادیمیســـت و سیاســـەتمەداران و چاودێرانی نێودەوڵەتییە،نیمچە قەناعەتێك دروســـت بووە لەســـەر ئەوەی بە لایەنی کەمەوە بەشـــی گەورەی ئەم سنوورە لەسەر لێواری گۆڕانکارییە..


لەم ڕووەوە نعوم چۆمســـکی بیرمەند لـــەم دواییانەدا ڕایگەیاند کە ڕێکەوتننامەی ســـایکس بیکۆ ئەمڕۆ ڕووی لە تێکشـــکانە، چونکە ئەم ڕێکەوتننامەیە بە زۆردارەکێی ئیمپریالیانە ئەنجام دراوەو ئەمڕۆ ڕەوایەتی لەدەســـت داوە، تەنیا بەرژەوەندی هێزەکانی داگیرکاری نەبێت کەس ســـوودی لێ نەبینەوە، ئەم سنوورکێشانە بووەتە هـــۆی توندوتیژی و بەکارهێنانی زەبرو زەنگ، لە گرێژنـــەوە پەلوپۆی مرۆڤایەتـــی دەرهێناوە، لەبەر ئەوە پێویســـتە ئامرازگەلێك بدۆزینەوە بۆ لابردنی ئەم سنوورانە..چۆمســـکی زیاتری لەسەر دەڕوات و دەڵێت پوکانەوەی ســـایکس بیکۆ دەستی پێکردووە، ئەوەی لە سووریا ڕوودەدات دابەشبوونە، ناوچە کوردییەکان خۆیان بەڕێوەدەبەن و لە هەوڵدان پێوەندی بە کوردانی باکوری عیراقەوە بکەن کە ئەوانیش هەرێمێکی خۆجێیی خۆیان هەیە، کە لەوێوەش ئەو هەرێمە کاریگەرێتیەکەی درێژ دەبێتەوە بۆ خۆرهەڵاتی تورکیا..

زۆربەی چاودێرانیش ئەو بەرخودانەی لە ناو نەتەوەی کورد لە ســـوریا بە ئاماژەیەکی بنەڕەتی تێدەگەن بۆ گۆڕان، لەو بارەیەوە ڕۆژنامەنووسی بەریتانیایی ئەنتۆنی لوید لە شرۆڤەیەکیدا کە لە تایمز لەسەر ململانێی سێ ساڵەی ناو ســـووریا پێی وایە ئەو خوێنرشتنە کۆتایی نایەت تا نەخشـــەی سنوورەکانی خۆهەڵاتی ناوەڕاست سەرلەنوێ دانەڕێژرێتەوە، لەو بڕوایەشدایە پێکهێنانەوەی سووریا لەسەر بناغەی فیدراڵیەت ڕەنگە چارەسەرێکی واقیعـــی بێت بۆ کۆتایی هێنان بەو قەیرانە بەردەوامەو ڕەنگە ڕێکەوتننامەی (کیری و لافرۆف) ئەلتەرناتیڤ بێت بۆ ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ..

ڕۆژنامـــەی نیۆیـــۆرك تایمـــز وتارێکـــی درێژی بە پێنووســـی ڕۆبن ڕایت بە ناونیشـــانی چۆن ٥دەوڵەت دەبێتـــە ١٤ بڵاوکردۆتەوەو ئەو حاڵەتە شـــیدەکاتەوە کە چۆن لە پێنج دەوڵەتی عەرەبیدا چواردە دەوڵەت دروست

**سایکس پیکۆ زیندانێکی گەورەیان بۆ هەندێ نەتەوە دروست کرد، بێبەشیان کردن لەوەی خاک و کەلتوورو زمان و بڕواو مێژووی هاوبەشی خۆیان بەکاربهێنن، پەرەسەندن و سەربەخۆیی نەتەوەی کورد بوو بە قوربانی ئەو ڕێکەوتنامەیە**

**نعوم چۆمسکی بیرمەند لەم دواییانەدا ڕایگەیاند کە ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ ئەمڕۆ ڕووی لە تێکشکانە، چونکە ئەم ڕێکەوتننامەیە بە زۆردارەکێی ئیمپریالیانە ئەنجام دراوەو ئەمڕۆ ڕەوایەتی لەدەدست داوە**




دەبێت و نەخشـــەیەکی نوێ بە شێنەیی دەنەخشێنرێتەوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاســـتدا، سوریا دەبێتە سێ دەوڵەت و یەکەمینیـــان لە باکوریەوە تێکـــەڵ دەبێتەوە لەگەڵ دەوڵەتێکی کـــوردی نوێدا کـــە پایتەختەکەی هەولێر دەبێت..

ئەوەی لەم ســـێ ساڵەدا لە ســـوریا دەقەومێت ئاگری بن خۆڵەمێشێکە کە چەندین ســـاڵە لەبنەوە دەسووتێت و بریســـکی هەڵایســـانەوەی لێ دەرکەوتووەو تەشەنە دەســـەنێت بۆ وڵاتانی دەوروبەرو ئەو نەخشەکێشـــانەی پاشـــی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لادەبات، لە واشـــنتۆن پۆســـت ڕوونکراوەتەوە کە ئەمڕۆ لە سووریا چوار ئاڵا هەڵدراوە گوزارشـــتە لە چوار شوناســـانەو تایەفەو نەتەوەی جیاواز کە پێشتر بەزۆری زۆردارەکی پێکەوە دەژیان، ئێســـتاش کاتی خۆسەلماندنەوەی هەر چواریان هاتۆتە پێشەوە..

لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا ساڵی ٢٠١٣ ناوەندی توێژینەوەی ئاسایشی نەتەوەیی لە تەلئەبیب سەبارەت بە ململانێی خوێناوی ســـووریا پوختەکەی بەم شـــێوەیە هاتووە کە چەنـــدی ئەم جەنگەی ناو ســـووریا درێـــژ بێتەوە لە بەرژەوەندی ئاسایشـــی نەتەوەیی ئیسرائیلدایەو سوریا لەسەر هەموو ئاســـتەکانی ئابووری و سەربازی لاواز دەبێت، لەو ڕاپۆرتەشـــدا چوار سیناریۆی هەمەچەشن خراوەتـــە ڕوو بۆ ماوەی ســـاڵی داهاتـــوو، یەکەمیان ئەگەری دوپات بوونەوەی ســـیناریۆی سۆماڵیە واتە بەردەوام بوونی جەنگ بێ ئەوەی بزانرێت کەی کۆتایی پێ دێت، دووەمیان سایکس بیکۆی سوریای نوێیە واتە دابەشکبوونی دەوڵەتی سوریا بۆ سێ دەوڵەت یەکەمیان عەلەوی لە کەنارەکانەوە بە ئاڕاستەی دیمەشق، دووەمیان ســـوننە لە باکورەوە تا بەشـــێکی باشوورو خۆرهەڵات، ســـێیەمینیان کوردی لە باکـــوری خۆرهەڵاتی وڵاتدا، سێیەمین سیناریۆ سەرکەوتنی ڕژێمی ئەسەدە لە پاش خوێنرژانێکـــی زۆرتر لەوەی ئێســـتا ڕژاوە، چوارەمین سیناریۆ ســـەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنە پاش ساڵانێکی پڕ لە توندوتیژی..

لە بەرژەوەندی ئاسایشـــی نەتەوەیی ئیسرائیلیدایە کە سیناریۆی سایکس بیکۆی سووری سەربگرێت و دابەش بێـــت و بەوەش کۆتایی بێت بـــەو ململانێ خوێناوییە، ئـــەوەش دەبێتە واقیعێکی ســـاکار بۆ ئیســـرائیل تا لە

**ئەوەی لەم سێ ساڵەدا لە سوریا دەقەومێت ئاگری بن خۆڵەمێشێکە کە چەندین ساڵە لەبنەوە دەسووتێت و بریسکی هەڵایسانەوەی لێ دەرکەوتووەو تەشەنە دەسەنێت بۆ وڵاتانی دەوروبەرو ئەو نەخشەکێشانەی پاشی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لادەبات**

بەرانبەر هەر دەوڵەتێك لەو دەوڵەتانەی دروست دەبێت ئیسرائیل سیاسەتی خۆی بە ئاسانتر لەسەر چڕبکاتەوەو پێوەندیەکانی سەرلەنوێ بە شێوەیەکی باشتر لە جاران توندوتۆڵ بکات و چونکە ئەو سێ دەوڵەتۆکەیە لاواز دەبن و ناتوانن هەڕەشە بخەنە سەر ئیسرائیل. هەمووان ئەمڕۆ لە سوریادا لە هەوڵی ئەو دابەشکردنەن، ڕەفتاری هەمووان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و جیۆگرافیایی و سیاسییەوە ئاماژە بەوە ڕاستیە دەدەن، هەمووان بوونەتە جیاخوازو سنووری نێوانیان بە ئێسك و پروسك هەڵدەچنن، بە دروشمی ڕقلەیەکتر بوونەوە دروستی دەکەن، ئیخوان، سوننەی عەرەب، عەلەویەکان، تورکمانەکان و تاد بەڵام تەنیا کورد تاوانبار دەکەن بە جوداخوازی، کورد کۆگای چەکی پراکتیکی جوداخوازییانەو نیەتی ژێراو ژێری هەمووانە، لە کاتێکدا تەنیا کوردیشە ڕێگەچارەی پێیە لە سنووری دروست کردنی وڵاتێکی دیموکراتیانەی فرەیی یەکگرتوودا، دەنگیان بەم دروشمەی پێکەوە ژیانی لێ هەڵبڕیوە بێ ئەوەی کەس بڕوایان پێ بکات، ئەم گومانکردنە لە ناواقیعیەت و لێ بایەخی هەموو جەمسەرەکانی ترەوە سەرچاوەی گرتووە سەبارەت بە مافە ڕەواکانی کورد..

حەقیقەتی تاقانە لە پاش سێساڵی وێرانکاری و قوربانیدانەوە ئەوەی کە سوریا وەك وڵات و دەوڵەت ڕووخاوە بێ ئەوەی بۆ ساتێکیش بێت ڕژێمی ئەسەد ڕووخابێت، بە هۆی شەڕی ناوخۆوە سوریا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوورییەوە داڕماوە، لە ژێر داروپەردووی ڕووخاوەوە سوریای تازە دروست دەبێتەوە پاش ئەوەی هەمووان پێکەوە سووریا کاول دەکەن، بە ڕژێم و ئۆپۆزسیۆنەوەش، هەروەها بە جیهانی دەرەوەش،سووریا بووەتە قوربانی بە دەست هەموانەوە، هەر لایەك بە پێی میزاجی نەخۆشکارانەی خۆی دەیەوێت لاقەی بکات، بێگومان بەشار ئەسەد بەم شێوەیەی ئێستای بەرەو کەوتنێکی حەتمییانە دەڕوات، چ زوو بێت یان درەنگ، ڕەنگە هەستانەوەی سووریا بەو شێوانەش نەبێت کە ئێمە لە چاوەڕێیداین، پێویستە کورد درکی تەواویان هەبێت بەوەی هەل لە دەست نەدەن وەك ئەو هەلەی پێش سەد ساڵ لە مێژوودا لە دەستیان داوە،لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە جەخت بکەنەوە لەسەر مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بەر لە هەر ئیعتوباردانانێك بۆ ئیدیۆلۆژیاکان، تۆ هەرچەندە ڕێز دانەنێیت و بەهای مافەکانت نەسەلمێنیت چۆن لە چاوەڕێی کەسانی تردا دەبیت ئەو سەلماندنەت بۆ ئەنجام بدات، بەڵکو فەرامۆشت دەکات، ئەم پەندە باشترین وانەیە تا ڕۆڵەکانی ناو کورد لێی سودمەند بن..

ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ ساڵی ١٩١٦ لە ڕێی چەند دەستنووسێکی نهێنیی لێکتێگەیشتنەوە لە نێوان فەرەنساو بەریتانیادا بە موبارەکەی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا ڕێکخراوە بۆ دابەشکردنی ناوچەی مانگی بە پیت(هلال الخصیب) تا ناوچەکانی خۆرئاوای ئاسیا کە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی داڕماوی عوسمانییدا بوون، سەرلەنوێ سنووریان بۆ دابڕێژرێتەوە، ئەمەش پاش چەند دانوستانێکی نهێنی لە نێوان دیبلۆماتکاری فەرەنساوی فرانسوا جۆرج بیکۆو دیبلۆماتکاری بەریتانیی مارك سایکس بە شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی بەڵگەنامەی لێکتێگەیشتن لەسەر ئاستی وەزارەتەکانی دەرەوەی بەڕیتانیا و فەرەنساو ڕووسیای قەیسەری ئەنجام دراوە، دواتر پاش ساڵی ١٩١٧ ئیتر هەموو ئەو گەلانەی بەم ڕێکەوتننامەیە زیانمەند بوون ئاگاداربوونەوەو نارەزایەتییان لە بارەیەوە دەربڕی لە ناو ئەو گەلانەشدا گەلی کورد زیانمەندی سەرەکی بوو، بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەیە باڵی خۆرئاوای هیلالەکە خرایە سەر سوریا و لوبنان و ناوچەی موسڵیش خرایە سەر ئەو دەوڵەتە نوێیەی بە ناوی عیراقەوە هاتۆتە دامەزراندن، بەشی بەریتانیا لە وڵاتی باشووری شامەوە تا بەغداو بەسرە درێژەبۆتەوەو فەلەستینیش بە ڕاوێژ لە ژێر سایەی کارگێڕییەکی نێودەوڵەتیانەی نێوان فەرەنساو ڕووسیاو بەڕیتانیا دانراوە، ئەم ڕێکەوتنە سەرلەنوێ لە کۆنگرەی سان ڕیمۆی ساڵی ١٩٢٠ جەختی لێکراوەتەوەو بۆ قایلکردنی ئەتاتورك ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان ئینتیدابی ئەو ناوچانەی ڕاگەیاندوەو دواتر لە ساڵی ١٩٢٣ پەیماننامەی لۆزان بۆ سەرلەنوێ هەموارکردنەوەو ڕاستکردنەوەی ئەو سنوورانە سازدرا، کە لە پەیماننامەی سیڤەردا پێشتر بڕیاریان لەسەردرا بوو تا بچەسپێنرێن، گەلی کورد لە ناو ئەم سنوورانەدا لەسەر خاك و ئاوی خۆی بێ پرس پێکردن پێیان، ناوچەکانی دابەشکرا بەسەر وڵاتانێکی بێگانە بە خۆیان و هەر بەشەی بەسەر کۆمەڵێك دەوڵەتی کۆن و تازە دامەزراودا کەرت کەرت بوو..



## ستۆران ستیڤنسۆن

سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پەیوەندی لەگەڵ عیراق لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا:

# مسعود بارزانی سەلماندویەتی سەرۆکێکی لێهاتووەو حکومڕانیەکی لۆژیکانە دەکات بۆیە هەموو جیهانیش ڕێزی لێدەگرێت





فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا لەسەر ئاستی جیهان گەورەترین هێزی ئابوورییەو لەسەر ئاستی بڕیار دروستکردنیش لە ناو ئەنجوومەنی ئاسایش ئەو هێزە گەورەیەن کە ڕێگەیان نەدا لە ساڵی ٢٠٠٣ بڕیاری ئازادکردنی عێراق بکەوێتە ژێر چەتری شەرعیەتی نێودەوڵەتی، لەمەش گرنگتر ئێستا هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) کە گەورەترین هاوپەیمانی سەربازییە لەسەر ئاستی جیهان و ئێستا ٢٩ دەوڵەت لەو هاوپەیمانی ناتۆیەدا ئەندامن، ئەگەر دەوڵەتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپای لێ بهێنرێتە دەرەوە، ئەوا ئەگەر تورکیاش ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئەوا ئەمریکا بە تەنیا لەگەڵ کەنەدا دەمێنێتەوە. کەواتە فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا بۆ سیاسەتی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەموو جیهان هەیەو سیاسەتی فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا کاریگەری لەسەر هەموو دەوڵەتانی جیهان هەیە. هەربۆیە هەموو وڵاتانی جیهان لەداڕشتنی سیاسەتی خۆیان هەوڵ دەدەن جێگەی بایەخی ئەم هێزە ئابووری و سیاسی و سەربازییە گەورەی جیهان بن.

گومانی تێدا نییە عێراق وەک دەوڵەتێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشترو ئێستاش جێگەی بایەخی سیاسەتی فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا و هەموو دەوڵەتانی ئەو یەکێتیە بەشێوەیەک لە شێوەکان بەرژەوەندی لەگەڵ عێراق هەبووە، بۆیە لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە لە ٢٠٠٣ وە یەکێتی ئەوروپا هەوڵی زۆریداوە بۆ ئەوەی هاوکاری بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدرالی و دیموکراتی بکات، بەڵام لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا حکومەتی بەغدا نەیتوانیوە لە ئاستی ئەم ئومێدەی جیهان و ئەوروپا بێت، لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان وەک نموونەی وڵاتێکی دیموکراتی زیاتر خۆی بە ئەوروپا و جیهان ناساند، بۆیە یەکێتی ئەوروپا لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ وە، هەرێمی کوردستانی ناولێنا(عێراقەکەی دیکە)و هەرێمی کوردستان بووە جێگەی بایەخی هەموو دەوڵەتانی ئەم فیدراسیۆنە گرنگەو دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ و بەشی هەرەزۆریان کونسوڵگەری خۆیان لە هەولێر کردەوەو کۆمپانیاکانیان ڕوویان لە کوردستان کرد، ئەمەش ئەوە پیشاندەدا کە هەرێمی کوردستان جێگەی بایەخی فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپایە، هەر بۆیەش چەند ڕۆژێک پێش ئێستا پەرلەمانی ئەوروپا پێشوازی لە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد بۆ ئەوەی وتارێک سەبارەت بە ئایندەی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە پێشکەشی پەرلەمانی ئەوروپا بکات.

بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی هەرێمی کوردستان بۆ یەکێتی ئەوروپا و بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوولا، ئەم وتوێژەمان لەگەڵ بەڕێز ستۆران ستیڤنسۆن سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پێوەندی لەگەڵ عێراق ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.

**گوڵان:** بوونی شاندی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا لە عێراقدا، باشترین ئاماژەی گرنگیدانی ئەوروپایە بە عێراق، هەر لەبەر ئەوەشە کە شاندێکی تایبەت بۆ کاروبارەکانی عێراق پێکهێنراوە، تا لە نزیکەوە چاودێری گۆڕانکارییەکانی ئەم وڵاتەی پێ بکەن..
بەڕێز ستۆران ستیڤنسۆن.. بە لای بەڕێزتانەوە تا چ ڕاددەیەك عێراق بۆ سیاسەتەکانی یەکێتی ئەوروپا گرنگی خۆی هەیە؟

**ستۆران ستیڤنسۆن:** چەند ساڵێکە شاندی پێوەندییەکان لەگەڵ عێراقدا پێکهاتووەو منیش لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا سەرۆکی ئەو شاندە بووم، ئەمەش سەرەتایەکی زۆر گرنگ بوو، چونکە عێراق بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەوەی مایەی ترس بوو بۆ ئێمە، پێدەچوو ئێران دەستڕۆیشتویی خۆی لە عێراقدا زیاتر بکات. هەمیشە عێراق لەگەڵ ئەوروپادا شەریکێکی بازرگانی گەورەبووە، دوا بە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە ئێمە وەبەرهێنانێکی زۆروزەبەندمان لە پێناوی بونیاتنانەوەی ژێرخاندا لەو وڵاتەدا ئەنجامداوەو هەوڵیشمانداوە هاوکاری خەڵکی عێراق بکەین بۆ ئەوەی لە ئاسەوارەکانی شەڕ ڕزگاریان بێت. بەڵام بە داخەوە حکومەتی ئێستا خیانەتی لە خەڵکی عێراق کرد، بەوەی حکومەتێکی تایەفەگەرە، فەزڵی تاقانە پێکهاتەیەکی دانیشتووانی داوە بەسەر پێکهاتەکانی دیکەدا. نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراقیش هەموو وەزارەتە ئەمنیە سەرەکیەکانی وەك سوپا و کاروباری ناوخۆیی و بەرگری لە نووسینگەکەی خۆیدا چڕکردۆتەوە، بە بێ ئەوەی دابەشیان بکات، هەروەك چۆن ڕێککەوتنی هەولێر داوای ئەوەی لیدەکات کە دەبێت ئەو پۆستانە دابەشبکریت، - ئەو ڕێککەوتنەی- لەپاش دوایین هەڵبژاردنەکانەوە هاتەئاراوە، کەواتە خودی مالیکی بەرپرسیارە لە خراپتربوونی مەترسیدارانەی بارودۆخەکەو ئەمەش بۆی هەیە بۆ هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ لە عێراقدا سەربکێشێت.

**گوڵان:** وەك سەرۆکی شاندی عێراقی دەمانەوێت ئەو پرسیارەت لێبکەین کاتێك باسی عێراق دەکەین ڕاستەوخۆ ناسەقامگیری و توندوتیژ دێت بە خەیاڵماندا، بەڵام لەم بارودۆخەدا هەرێمێکی دیموکرات و پێشکەوتوو هەیە کە هەرێمی کوردستانە، ئایا یەکێتی ئەوروپا چۆن لە هەرێمی کوردستان دەڕوانێت و تا چ ڕاددەیەك یەکێتی ئەوروپا گرنگی بە هەبوونی ئەم هەرێمە دیموکراتیە لە عێراقدا دەدات؟

**ستۆران ستیڤنسۆن:** ئێمە پێمان وایە کوردستان گرنگیەکی لە ڕادەبەدەری هەیەو کاتێکیش سەرۆك بارزانی هەفتەی پێشوو سەردانی برۆکسلی کرد بۆ ئەوەی وتارێك پێشکەشی لیژنەی کاروباری دەرەوە بکات. چاوم پێیکەوت و پێشتریش چەندین جار چاوم پێیکەوتووەو بەم دواییەش پارساڵ کە لە هەولێر بینیم. ئەو کاتە پێم وت کە جیاوازی هەبوو لە پێشوازی کردنی نوری مالیکی کە پێشوازییەکی زۆر ساردوسڕی لە واشنتۆن لێکرا، بە بەراورد بەو پێشوازییە زۆر گەرموگوڕەی لەلایەن سەرۆك وەزیران و حکومەتی تورکیاوە لە ئەنقەرە لە مسعود بارزانی کرا، ئەمە ئەوەمان پیشان دەدات کە بەلای ڕۆژئاواوە مسعود بارزانی گرنگترین سەرکردەی سیاسییە بۆ سەرتاسەری عێراق و پێویستە ڕۆژئاواش بە وریاییەوە گوێ بۆ بۆچوونەکانی مسعود بارزانی ڕابگرێت، لە پێوەندیدا بە ئایندەی سەرجەم عێراق، نەك تەنیا کوردستانیش.
هەروەها ئێمە زۆر سوپاسگوزاربووین- کە ئەمەش لە کۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردوودا جەختی لەسەرکرایەوە- بۆ ئەو هاوکاریەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاوارە مەسیحی و شەبەك و تورکمانەکان پێشکەشی دەکات، کە ژمارەیان زۆرەو بۆ کوردستان هەڵاتوون، لەبەرئەوەی کوردستان تا ڕاددەیەکی باش سەلامەتە، ئەو- ئاوارەبوونەی- لە ماوەی ئەو یاخیبوونەی لە دوای داگیرکاری ئەمەریکاوە دروست بوو، هەروەها لە دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا عێراقیان جێهێشت. هەروەها بەم دواییەش ٢٥٠ هەزار ئاوارەی سوریایی شوێنێکی سەلامەتیان لە کوردستاندا بۆ خۆیان بەدی کردووە. کاتێك لە کوردستان بووم، لە تشرینی دووەمی ڕابردوودا سەردانی یەکێك لە کامپەکانی ئاوارەکانی سوریاییم کرد کە لەنزیك هەولێر دروست کراوەو ئەو هەموو کارانەم بینی کە دەکرێن بۆ دابینکردنی هاوکاری و سەلامەتی بۆ زۆرێك لە منداڵ و ئافرەتان کە لە شەڕی ناوخۆیی سوریا هەڵاتبوون، ئەمە کارێکی تەواو ڕێك و پێك و تایبەت بوو.

ڕۆژئاواش بە تێکڕا سوپاسگوزاریەکی زۆرەوە، قەرزاری مسعود بارزانی و کوردستانە. هەمیشە کوردەکان سەلماندویانە خەڵکانێکن پێشوازیان لە ئاوارەکان کردووە و نەوایەکی ئارامیان بۆ دابینکردون. لەم بارەیەوە زۆر گرنگە کە ڕۆژئاوا هەر تەنیا سوپاسگوزار نەبێت، بەڵکو هاوکاری دارایی و سەرچاوە بۆ کوردستان دابین بکات، ئێستا ئەوان بە سەدان هەزار ئاوارەیان لە خۆ گرتووە و بە تەنیا ناتوانن هاوکارییان بکەن ئەگەر لەلایەن ڕۆژئاواوە هاوکاری نەکرێن، من جەختم لەسەر ئەمە کردەوەو مسعود بارزانیش هەفتەی ڕابردوو لە برۆکسل ئەمەی

**بەلای ڕۆژئاواوە مسعود بارزانی گرنگترین سەرکردەی سیاسییە بۆ سەرتاسەری عێراق و پێویستە ڕۆژئاواش بە وریاییەوە گوێ بۆ بۆچوونەکانی ڕابگرێت**

**ئێمە فشار دەخەینە سەر کاسرین ئاشتۆن کە نوێنەری باڵای کاروباری دەرەوەیەو پێی دەڵێین پێویستە بە زووترین کات نووسینگەیەکی یەکێتی ئەورپا لە هەولێر بکەینەوە، بۆ ئەوەی پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەوروپا بە شێوەیەکی فەرمی دانی پێدا بنرێت**

**ئومێدی ئێمە ئەوەیە کە دڵنیابین لەوەی بەغدا ڕێز لە ئیمتیازە دەستوریەکانی کوردستان دەگرێت، کە کوردستان شایستەی ڕێژەیەکی زامنکراوە لە سەرجەم ئەو سەرچاوانەی نەوت کە لە خاکەکەیدا هەن**

**زۆر گرنگە کە ئێمە لە ئەوروپا ئیعتیراف بە ئێش و ئازارەکانی کورد لەسەردەمی سەدام حوسێندا بکەین و ئەنفال وەک جینۆساید بناسێنین و کار بۆ ئەمە بکەین و دان بەوەدا بنێین کە چۆن خەڵکی کوردستان نائومێدانە تاڵاویان چەشتوە و ڕێز لەوە بگرین کە تا چ ئەندازەیەک پێشکەوتنیان بەدی هێناوە**





**پێویستە ئەورپا ڕێز لە ئیرادەی کورد بگریت بەوەی هەرێمێکی سەلامەت و جوانیان بونیاتناوە، لەم هەریمە ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ و مافی ئافرەت و دیموکراتی دەگیرێت، ئاستی گوزەران و ژیان لە کوردسستان لە بەرزبوونەوەدایە، بۆیە ئێمە لە ڕۆژئاوا ڕێز لەم ڕاستیە دەگرین و هەروەها ڕێز بۆ سەرکردایەتی سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان بارزانی دادەنێین، لەبەرانبەر بەدەستهێنانی هەموو ئەو شتە باشانەی وەدییان هێناوە**

وت کە ئەوەندەی پێمان دەکرێت هاوکارییان بکەین.

**گوڵان:** لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا سەرۆك بارزانی لە بەردەم شـــاندنی سیاسەتی دەرەوەی پەرلەمانی ئەوروپا سەبارەت بە بارودۆخی ناوچەکە وتارێکی پێشکەش کرد، بە تایبەتیش لەبارەی عێراق و هەرێمی کوردســـتانەوە. لە وتارەکەیدا بارزانـــی داوای کرد تا لەلایەن یەکێتی ئەوروپـــاوە هـــاوکاری زیاتر بکرێت. تـــا چ ڕادەیەك یەکێتی ئەوروپا دەتوانێت هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات؟

**ســـتۆران ستیڤنســـۆن:** یەکێك لە ڕێـــگا بەرچاوەکان کـــە بتوانین هـــاوکاری بکەین بریتیە لـــە کردنەوەی نووسینگەی خزمەتگوزاری دەرەکی ئەوروپی لە هەولێر، ئێمـــە باڵیۆزمان هەیە کە بەڕێز یانا هیباتشـــکوڤایەو کە لە نووســـینگەی ناو باڵێۆزی بەریتانیا لە ناوچەی ســـەوز لە بەغدا کار دەکات. ئەمەش تەواو نەگونجاوە بۆ ئـــەوەی ڕووماڵـــی ناوچەی کوردســـتان بکەین. کوردســـتان بە پێچەوانەی باقی بەشـــەکانی دیکەی عێراقـــەوە ناوچەیەکی زۆر ســـەلامەتە، هەر ئەمەش هـــۆکاری ئەوەیە کـــە ئەوروپـــا وەبەرهێنانی دەرەکی زۆری تێدا بکات، بە ســـەدان بزنس لەلایەن ئەوروپاوە لە کوردســـتاندا خراونەتەگەڕو بە چەندەها هەزار کەس لە خەڵکی ئەوروپا لە کوردستاندا کار دەکەن و هەروەها چەندەهـــا هەزار قوتابی کوردیـــش دێن لە زانکۆکانی ئەوروپا دەخوێنن، کەواتە ئێســـتا پێوەندییەکی ئاشکرا و ڕایەڵێکی ڕاســـتەوخۆ هەیە کە هەرێمی کوردستان بە ئەوروپاوە گرێ دەداتەوە، ئەمەش ئەوەمان لێ دەخوازێت ئامادەبوونمان هەبێت لە هەولێر و من پێشتر داوای ئەمەم کردووە و دووبارە مسعود بارزانیش لە وتارەکەیدا جەختی لەســـەرکردەوە. من پێم وایە ئەمە دەبێت پشتیوانییەکی بەرچاوو ڕوون بۆ کوردســـتان کە ئێمە وەڵامدانەوەمان هەبێت بۆ ئەمەو لە ئێســـتادا نووسینگەیەك لە هەولێر بکەینەوە.

**گوڵان:** ئێســـتا کونســـولگەری چەندیـــن وڵات لە کوردســـتاندا کراونەتەوە. بەڵام نووســـینگەی یەکێتی ئەوروپا نەکراوەتەوە. بۆچی تا ئێســـتا ئەم نووسینگەیە نەکراوەتەوە؟ ئایا کردنەوەی ئەم نووسینگەیە نابێتەهۆی خزمەتکردن بە بەرژەوەندیە هاوبەشـــەکانی کوردستان و یەکێتی ئەوروپا؟

**ســـتۆران ستیڤنســـۆن:** ئێمە ئەوەنـــدەی پێمان بکرێت فشار دەخەینەسەر کاسرین ئاشتۆن کە نوێنەری باڵای کاروبـــاری دەرەوەیەو پێی دەڵێین کە ئەمە بە دڵنیاییەوە گرنگیەکی بنەڕەتی هەیەو پێویســـتە بە زووترین کات نووسینگەیەك لە هەولێر بکەینەوە، بۆ ئەوەی پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەوروپا بە شێوەیەکی فەرمی دانی پێدا بنرێت.

**گوڵان:** ســـەرەڕای ئەوەی کوردســـتان هەرێمێکی دیموکراتیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا، بەڵام خاوەنی ســـەرچاوەیەکی گەورەی وزەشەو لە ئێستا بە پرۆسەی بنیاتنانـــەوەدا تێدەپەڕێت. یەکێتی ئەوروپا پێویســـتی بەسەرچاوەی وزە هەیەو هەرێمی کوردستانیش پێویستی بە کۆمپانیا و بزنســـمانەکانی ئەوروپا هەیە بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە کوردســـتاندا بکەن. تا چ ڕادەیەك ئەم دۆخە بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان هەردوولادا دروست دەکات؟

**هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا ئەوەیە ناتوانێت لەگەڵ دەرئەنجامێکدا بێت کە پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەو دەستوورەی کە خەڵکی عێراق و لە نێویاندا خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ داوە**



**ستۆران ستیڤنسۆن:** ئاشکرایە ئەمە توخمێکی بنەڕەتیە بۆ هەر وەبەرهێنانێکی دەرەکی لە داهاتوودا کە بتوانن کاربکەن بۆ ڕاکێشانی بۆ کوردستان، من ئەوەم بۆ خاوەنی کارانی ئەوروپا دوپات کردەوەو جەختم لەسەر کردۆتەوە، کە کوردستان شوێنێکی سەلامەت و زۆر باشە بۆ پەرەپێدان و بۆ بەرژەوەندی کارەکانیان. نەك هەر تەنیا بەرژەوەندی نەوت و غاز، بەڵکو دەبێت هەموو جۆرە بەرژەوەندییەکانی کار لە کوردستاندا ئاوڕی لێبدرێتەوە، لەبەرئەوەی ناوچەیەکە کراوەیە بۆ بزنس و سەلامەتە و کەشێکی پێشوازیلێکەری هەیە، ئاشکرایە ئەمەش مایەی ئیمتیازێکی گەورەیە بۆ ئێوە، بەڵام مایەی ئیمتیازە بۆ بزنس و گەورە کۆمپانیا پیشەسازیەکانی ڕۆژئاواش. کاتێك لە تشرینی دووەمی ڕابردوودا لە کوردستان بووم، بۆرییەکی نوێی نەوت بەرەو تورکیا کرایەوە، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی بتوانن بڕێکی زۆر نەوت بۆ تورکیا بنێرن، ئێمەش لە ڕۆژئاوا ئەو سەرچاوانەمان پێویستە، کەواتە ئیمکانیەتێکی گەورە هەیە کە هەناردەکردنی نەوت و غاز بۆ ئەوروپا گەشەکردن بەخۆوە ببینێت. ئومێدی ئێمە ئەوەیە کە دڵنیابین لەوەی بەغدا ڕێز لە ئیمتیازە دەستوریەکانی کوردستان دەگرێت، کە کوردستان شایستەی ڕێژەیەکی زامنکراوە لە سەرجەم ئەو سەرچاوانەی نەوت کە لە خاکەکەیدا هەن، لە چاوپێکەوتنەکانم لەگەڵ سەرۆك و سەرۆك وەزیران و بەرپرسانی باڵای حکومەت پێیان وتم کە ئیلیتزاماتە دەستووریەکان جێبەجێ نابن، تاوەکو کوردستان بەشێکی شایستەی خۆی لە سەرچاوەی نەوت و غاز بەدەست نەهێنێت.




**ستۆران ستیڤنسۆن لە چەند دێڕێکدا**

ستۆران ستیڤنسۆن یەکێکە لە سیاسەتمەدارە گەورەکانی سکۆتلەنداو لە ساڵی ١٩٩٩ ەوە نوێنەرایەتی سکۆتلەندا دەکات لەناو پەرلەمانی ئەوروپادا، ئەم سیاسەتمەدارە پێش ئەوەی ببێتە ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا لە سێ هەڵبژاردن ( ١٩٨٧، ١٩٩٧،١٩٩٢) لەسەر ئاستی وڵاتەکەی بۆ پەرلەمان هەڵبژێردراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە سیاسەتمەدارێکی دیاری سکۆتلەندایەو لە ساڵی ١٩٩٩ ەشەوە کە نوێنەرایەتی سکۆتلەندا دەکات لەسەر ئاستی ئەوروپا، بۆتە یەکێك لە سیاسەتمەدارە دیارەکان لەسەر ئاستی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ستیڤنسۆن لەماوەی ١٥ ساڵی رابردوودا ئەوەی سەلماندووە کە دەتوانێت لەسەر ئاستی یەکێتی ئەوروپا کاروبارەکانی سکۆتلەندا رێکبخات.

ستیڤنسۆن لەسەر ئاستی لیژنەکانی پەرلەمانی ئەوروپا رۆڵێکی دیاری هەیەو جێگری سەرۆکی لیژنەی ماسیگرانی پەرلەمانی ئەوروپایە، هەروەها سەرۆکی لیژنەی گۆڕانکارییەکانی ژینگەو هەمەجۆری بایلۆژی و پەرەپێدانی بەردەوامە لە ناو وڵاتانی ئەوروپادا.

ستۆران ستیڤنسۆن سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپایە بۆ پێوەندی لەگەڵ عێراق و هەروەها سەرۆکی گرووپی دۆستانی ئێرانی ئازادە و وەك پەرلەمانتارێکی کۆنزێرفاتیفی یەکێتی ئەوروپاش ئەندامی گرووپی کۆنزیرفاتیفە ریفۆرمیستەکانی ئەوروپایە (ECR).




**گوڵان:** هێشتا ڕوون نییە ئایا عێراق بەرەو وڵاتێکی دیموکراتی هەنگاو دەنێت، یاخود بەرەو دیکتاتۆریەت. بەڵام لە ئێستادا دەبینین کە حکومەتی عێراق، لە دیکتاتۆریەت نزیك دەبێتەوە. تا چ ڕادەیەك یەکێتی ئەورووپا ئامادەیە پشتیوانی هەرێمی کوردستان بکات و ڕێگەنەدات بکەوێتە ژێر حکومڕانی دیکتاتۆرێکی دیکەوە، ئەمە ئەگەرهاتوو حکومەتی عێراق هەنگاوی بەم ئاڕاستەیەدا هەڵگرت؟

**ستۆران ستیڤنسۆن:** ئێمە زۆر نیگەرانین لە خراپ بوونی بارودۆخەکە لە بەشەکانی دیکەی عێراق، کە سەروەری یاسا لە ئارادا نییەو لە سێدارەدانی ژمارەیەکی زۆر خەڵك بۆتە هۆی ڕەخنەگرتن لەلایەن سەرتاسەری جیهانەوە، پێدەچێت پرۆسەی قەزائی فەرامۆش کرابێت و زۆرێك لەوانەی لە سێدارە دەدرێن بە پرۆسەیەکی قەزائی گونجاودا تێناپەڕن، ئایا تاوانەکانیان چی بووە؟ ئایا شایەت هەبووە؟ ئایا بە شێوەیەکی گونجاو دادگاییکراون؟ ئایا ڕێگا بە پارێزەری بەرگری دراوە نوێنەرایەتیان بکات؟ پێدەچێت سزای لەسێدارەدان بە شێوەیەکی مەترسیدار بەکار بهێنرێت بۆ ئەوەی بەشێکی خەڵکی عێراق بترسێنن و ناچار بە ملکەچکردنیان بکەن. هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد، ئێمە حکومەتێکی خۆسەپێنمان هەیە کە زیاتر بەرەو دیکتاتۆریەت دەچێت و پێدەچێت بە تەواوەتی ڕەنگی تائیفیەتی گرتبێت و مافەکانی مرۆڤی فەرامۆش کردبێت...

ئێستا هێرش دەکاتە سەر ناوچە سوننەنشینەکانی وەك ڕومادی و فەللوجە بۆ کوشتنی ژنان و منداڵان،ئەوەش بە بەکارهێنانی چەکی ئەمەریکی و هەموویان بەوە تاوانبار دەکەن کە تیرۆریستی سەر بە داعش و ئەل قاعیدەن، ئاشکرایە ئەمەش شتێکی بێمانایە، ئەمە ڕەوتێکە مایەی نیگەرانیەکی زۆرە. من ئێستا زۆر خۆشحاڵم و ئەمەشم بە مسعود بارزانی وت کە من زۆر خۆشحاڵم پێشمەرگەی کوردستان توانیویەتی سنووری کوردستان لەگەڵ باقی بەشەکانی دیکەی عێراقدا بپارێزێت و کاریگەری ئەو تیرۆرو تاوانانەی بەشەکانی تری عیراق ڕابگرێت لەوەی پەلنەکێشن بۆ ناوچەی هەرێمی کوردستان.

**گوڵان:** ئەگەر لەم بارودۆخەداو لە ترسی گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت لە عێراقدا کوردستان بڕیاری سەربەخۆییدا، ئایا تا چەند یەکێتی ئەورووپا ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەگرێت و وەك دەوڵەتێکی نوێ مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا دەکات؟ بە تایبەتی کە سەرۆك بارزانیش لە وتارەکەیدا باسی ئەوەی کرد چیتر سەربەخۆیی کوردستان خەون نییەو دەکرێت بهێنرێتەدی؟

**ستۆران ستیڤنسۆن:** بە دڵنیاییەوە ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە، لەبەر ئەوەی ئێمە پێمان باشە ئاشتی و سەقامگیری و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادی لەسەرتاسەری عێراقدا ببینین. بۆچونی شەخسی من ئەوەیە ئەگەر لە ئێستادا کوردستان لەم بارودۆخەدا خۆی وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ ڕابگەیەنێت، ئەوا ئەگەری شەڕو ناکۆکی لەگەڵ ئێران و لایەنەکانی دیکە کە هاوسنوورن، ئەگەرێك دەبێت کە زۆر ڕێی تێدەچێت. منیش نامەوێت کوردستان- کە وڵاتێکە ئاشتی تێدا چەسپیوەو وڵاتێکی جوانە-، بکەوێتە شەڕێکی مەترسیدارەوە لەگەڵ دراوسێکانیدا. لەبەرئەوە لەو بڕوایەدام باشترە ئاشتی و سەقامگیری لەسەرتاسەری عێراقدا بێتەدی، لەو سیاقەدا کوردستان لە پێگەیەکدا دەبێت کە سەرکردایەتیەکی مەزن بکات و مسعود بارزانیش یەکێکە لە ڕێزدارترین سەرکردەکانی کە لە سەرتاسەری ناوچەکەدا پشتیوانی لە دیموکراسی دەکات.

هەڵوێستی یەکێتی ئەورووپاش ئەوەیە کە ناتوانێت لەگەڵ دەرئەنجامێکدا بێت کە پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەو دەستوورەی کە خەڵکی عێراق و لە نێویاندا خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ داوە.

**گوڵان:** ئەگەر سەرۆك بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەموو عێراق بوایە، ئایا بارودۆخەکە

**ئێستا بەکەشی ئارامی کوردستان زۆر خۆشحاڵم و ئەمەشم بە مسعود بارزانی وت کە من زۆر خۆشحاڵم بەوەی پێشمەرگەی کوردستان توانیویەتی سنووری کوردستان لەگەڵ باقی بەشەکانی دیکەی عێراقدا بپارێزێت**

**هەمیشە کوردەکان سەلماندویانە خەڵکانێکن پێشوازییان لە ئاوارەکان کردووە و نەوایەکی ئارامیان بۆ دابینکردوون. لەم بارەیەوە زۆر گرنگە کە ڕۆژئاوا هەر تەنیا سوپاسگوزار نەبێت، بەڵکو هاوکاری دارایی و سەرچاوە بۆ کوردستان دابین بکات**

**باشترە ئاشتی و سەقامگیری لە سەرتاسەری عێراقدا بێتەدی، لەو سیاقەدا کوردستان لە پێگەیەکدا دەبێت کە سەرکردایەتیەکی مەزن بکات و مسعود بارزانیش یەکێکە لە ڕێزدارترین سەرکردەکانە کە پشتیوانی دیموکراسی دەکات لە سەرتاسەری ناوچەکەدا**








زۆر لە ئێستا باشتر نەدەبوو؟

**ســـتۆران ستیڤنســـۆن:** پێم وایە ئەو سەرکردەیەکی زۆر باشەو سەلماندی کە حوکمدانەکانی زۆر لە جێی خۆیدان و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە باشی ڕێزی لێدەگیرێت، هەرگیز ناکرێت ئەمە لەسەر نووری مالیکی بووترێت.

**گوڵان:** دوا وتەو دوا پەیامت چییە؟

**ستۆران ستیڤنســـۆن:** پێم وایە زۆر گرنگە کە ئێمە لە ئەورووپا ئیعتیراف بە ئێش و ئازارەکانی کورد لەسەردەمی سەدام حوسێندا بکەین و ئەنفال وەك جینۆساید بناسێنین و کار بـــۆ ئەمـــە بکەین و دان بـــەوەدا بنێین کە چۆن خەڵکی کوردســـتان نائومێدانە تاڵاویان چەشتوە و ڕێز لـــەوە بگرین کە تا چ ئەندازەیەك پێشـــکەوتنیان بەدی هێناوە، چۆن ناوچەیەکی سەلامەت و وڵاتێکی جوانیان هەیە لـــە پێوەندیدا بە ڕێزگرتن لـــە مافی مرۆڤ و مافی ئافرەتان و ڕێزگرتن لە دیموکراسی و ئازادی کە هاتونەتەئاراوە کە بەڵگەی ئەمەش لە ئارادایە، وەك ئەو هەموو وەبەرهێنانە دەرەکیە، بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان و گـــوزەران کە خەڵکی کوردســـتانی لێی بەهرەمەندە. هەمیشـــە گەشەکردن لەگەڵ ئاشتیدا دێتە ئاراوە، ئێمە لە ڕۆژئاوا ڕێز لەم ڕاســـتیە دەگریـــن و هەروەها ڕێز بۆ سەرکردایەتی ســـەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی دادەنێین، لەبەرانبەر بەدەســـتهێنانی هەموو ئەو شـــتە باشانەی وەدییان هێناوە.

# هەناردەکردنی نەوت سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی کوردستانە

■ پرۆفیسۆر مایکڵ گەنتەر
■ تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ئابووریی هیچ وڵاتێك بە تەواوەتی سەربەخۆ نابێت لە دنیای جیهانگەرایی ئێستادا کە جیهانێکە هەموولایەك پشت بەیەکتر دەبەستن. لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت ئابووری دەوڵەت کەم تا زۆر سەربەخۆ بێت، کە ئەمەش بەندە بە سەرچاوە ناوخۆییەکانی و پێگەی لە سیاسەتی جیهاندا. لەساڵی ٢٠١١دا، د. ئاشتی هەورامی، کە ئەو کاتە وەزیری نەوت و ئێستاش وەزیری سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، رایگەیاند کە مەزەندە دەکرێت هەرێمی کوردستان (KRG) خاوەنی نزیکەی ٤٥ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگ بێت.

ئەمەش ئەوا بە مانای ئەوەیە کە ئەگەر هەرێمی کوردستان (KRG) سەربەخۆ بێت، ئەوا دەبێتە خاوەنی شەشەمین گەورەترین یەدەگی نەوت لە جیهاندا!

ئەگەر هەرێمی کوردستان (KRG) سەربەخۆ بێت، ئەوا دەبێتە خاوەنی شەشەمین گەورەترین یەدەگی نەوت لە جیهاندا!

لە ئێستادا چەندین دەوڵەتی سەربەخۆ هەن لە جیهاندا کە ئابووریەکەیان زۆر لاوازترە لە ئابووری هەرێمی کوردستان(KRG). بەو پێیە، لە یەکەم سەرنجدا وا دەردەکەوێت دەوڵەمەندی هەرێمی کوردستان(KRG) لە رووی نەوتەوە گەرەنتی بێت بۆ ئەوەی سەربەخۆبوونی سیاسی مسۆگەر بکات. لە راستیدا، هەرێمی کوردستان(KRG) گەیشتە رێککەوتن لەگەڵ ئێکسۆن مۆبێل، شیفرۆن، و تۆتاڵ لە چوارچێوەی هەوڵەکانیدا بۆ پەرەپێدانی پیشەسازیی وزە و ئەگەری سەربەخۆبوونی سیاسیشی -لێکەوتەوە- لەسەر بنەمای سەرچاوەکانی وزە.

نەوتی خاوی کوردستان لە رێی بۆریی نوێوە بەرەو بەندەری جیەانی تورکی لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست هەناردەکرا. تەنەر یەڵدز، وەزیری وزەی تورکیا رایگەیاندووە کە ئەم بۆریە لە رۆژێکدا ٣٠٠،٠٠٠ بەرمیلی پێدا دەڕوات و بەم زووانەش دەگاتە ٤٠٠,٠٠٠ بەرمیل. لە کۆتاییدا کوردستان دەتوانێت ٢ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا و بەلای کەمەوە ١٠ ملیۆن سێجا غازی سروشتی لە ساڵێکدا بۆ تورکیا هەناردە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، بەغدا نارەزاییە و پێی وایە کردەوەکانی هەرێمی کوردستان(KRG) بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ لەبەریەکهەڵوەشانەوەی عێراق و بە توندی بەرهەڵستی رێککەوتنی هەرێمی کوردستان(KRG) و تورکیا لەبارەی نەوتەوە دەکات.

تورکیا بەغدا دڵنیادەکاتەوە کە رێز لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەگرێت و — رایدەگەیەنێت- رێککەوتنی نەوتی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا (KRG) سوود بەهەموو لایەك دەگەیەنێت لە عێراقدا. تەنانەت یەڵدز بەڵێنیدا بە بەغدا کە ئەو نەوتەی لە هەرێمی کوردستانەوە دەنێرێتە تورکیاو هەناردە ناکرێت بە بێ رەزامەندیی بەغدا نەبێت. بەو پێیە، تورکیا دەڵێت رێککەوتنی نەوتی تورکیا و هەرێمی کوردستان(KRG) بە هەمان شێوە بۆ بەغداش سوودمەندە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئامانجی سەرەکی تورکیا لە هاوردەکردنی نەوت ئەوەیە بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی بەکاری بهێنێت، نەك




هەناردەی بکات بۆ دەوڵەتانی دیکە.

لەوەش زیاتر، لەبەر ئەوەی لە سەدا ٩٥ بودجەی عێراق- کە بڕیارە لە سەدا ١٧ی ئەو بودجەیە بدرێت بە هەرێمی کوردستان(KRG)- لە داهاتی نەوتەوە دابین دەکرێت، ئەوا هاتنەدی ئەگەری سەربەخۆبوونی کوردستان، دەبێتەهۆی ئەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان ببنە دەوڵەتی ڕەیعی تەقلیدی و ڕووبەڕووی هەموو ئەو کێشانە ببنەوە کە لەو دۆخەوە دروست دەبن، ئەمە لە کاتێکدا بەرهەمێکی کەمی پیشەسازی یان کشتوکاڵیان هەیە. زۆرینەی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان هاوردە دەکرێن. هەر دابەزینێك لە نرخی نەوتدا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت.

کەواتە، سەرەڕای سامانی نەوت، سەربەخۆبوونی کوردستان- کە قابیلی درێژەکێشان بێت- پێویستی بە جۆراجۆرکردنی سەرچاوەکانی ئابووری، و سیستمی بانکی و سیستمێکی سەرکەوتویی باج دەبێت. ناکرێت سەرکەوتنی سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستان(KRG) تەنها پشت بە هەناردەکردنی نەوت ببەستێت.

بەڵام ئایا سەربەخۆبونێك بێ ژێرخانێکی پتەوی ئابووری چ سوودێکی دەبێت بەتایبەتی کە هەرێمی کوردستان(KRG) لە دۆخێکی تا ڕادەیەك باشدایە —کە وەك هەرێمێکی فیدراڵی بە ڕەسمی وەك بەشێك لە عێراق بمێنێتەوە- ئەمە لە کاتێکدا بە ڕادەیەکی گەورە کاروبارە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی خۆی بەڕێوەدەبات؟

بە بەراورد بە عێراق، تورکیا بەردەوام وەك دەوڵەتێکی دیموکراتی سەربەخۆ دەمێنێتەوە کە هەنگاوی گەورە و ئیجابی هەڵگرتووە بۆ پێشەوەو لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا خۆی گونجاندووە لەگەڵ پێداویستی و خواستەکانی کوردەکان بۆ ئەوەی تورکیا پتر سەرکەوتوو بێت. لەوەش زیاتر، حاڵی حازر تورکیا ١٦یەمین گەورەترین ئابووریە لە جیهاندا. ئاشکرایە کوردستان کە سنوورێکی داخراوی هەیە پێویستی بە پەیوەندی گەلێکی باشە لەگەڵ تورکیادا بۆ ئەوەی بەهرەمەندبێت لە هەر دەرفەتێك بۆ سەرکەوتنێکی ئابووری بەردەوام.

**ئەگەر تورکیا بچێتە نێو یەکێتی ئەوروپاوە، کە بە شێوەیەکی ڕەسمی و لە ساڵی ٢٠٠٥وە هەوڵی بەم ئاڕاستەیەدا خستۆتەگەڕ، ئەوا کوردستان لە ڕووی ئابووری و سیاسیەوە دەبێتە هاوپەیمانی یەکێک لە هەرە پێشکەوتووترین بلۆکە ئابووریەکان لە جیهاندا**

لەوەش زیاتر، ئەگەر تورکیا بچێتە نێو یەکێتیی ئەوروپاوە، کە بە شێوەیەکی ڕەسمی ولە ساڵی ٢٠٠٥وە هەوڵی بەم ئاڕاستەیەدا خستۆتەگەڕ، ئەوا کوردستان لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە دەبێتە هاوپەیمانی یەکێك لە هەرە پێشکەوتوترین بلۆکە ئابوورییەکان لە جیهاندا، کە لە ڕووی سیاسیەوە بە شێوەیەکی بەرچاو پارێزگاری لە هاوپەیمانەکانی دەکات. کوردەکانیش لەلایەن خۆیانەوە هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ تورکیا بەرژەوەندی هاوبەش لەڕووی ئابووری و دابینکردنی ئاسایشەوە دەبێت، ئەوەی دەیەیەك پێش ئێستا وا دەردەکەوت دژ بە واقیع و ڕاستی بێت، ئێستا بۆتە واقیع.

ئەیاد سامەرایی

ئەمینداری حزبی ئیسلامی عێراق بۆ گوڵان:

# هەموو پێکهاتەکانی عێراق کێشەیان لەگەڵ نوری مالیکی و لیستی دەوڵەتی یاسا هەیە

**کێشەکانی ئێستای عێراق تەنها کێشەی ناسەقامگیری ئاسایش نییە، بەڵکو پرۆسەی سیاسیی دووچاری ئیفلیج بوون بووە و رۆژ لەدوای رۆژ بارودۆخەکە خراپتر دەبێت، بۆ هەڵسەنگاندن و قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز ئەیاد سامەرایی ئەمینداری حزبی ئیسلامی عێراق کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** بارودۆخی عێراق رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر ناسەقامگیر و ئاڵۆزتر دەبێت، ئەمەش نەك هەر لەرووی باری ئاسایشەوە بەڵکو لەناو پرۆسە سیاسیەکەشدا لە بری نزیکبوونەوەی لایەنەکان لەیەکتری هەست دەکەین دووردەکەونەوە، لەم ژینگە ئاڵۆزەدا بەرەو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن نزیك دەبینەوە، ئایا تاچەند مەزندە دەکرێت لە ژینگەیەکی لەو جۆرە هەڵبژاردن سەرکەوتوو بێت؟**

- هەڵمەتەکانی ئەم هەڵبژاردنەی کە بەم زووانە لە ماوەی چەند مانگی داهاتوو ئەنجام دەدرێت کاتەکەی زۆر گونجاو نییە، ئەم کەشوهەوا گرژو نیگەرانکارانە کاریگەری سلبی لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەیە، بۆ نموونە ئێستا خەڵکی فەلوجە شاروماڵباتی خۆیان جێ دەهێڵن بۆ ناوچەکانی تر بە کۆمەڵ ڕەو دەکەن و ناوچەکانی تری عیراق سەقامگیر نین، ئەمە ژینگەیەکی گونجاو دروست ناکات تا هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام بدرێت کەواتە لە ڕاستیدا پێویستە لەسەر حکومەت کەشوهەوای گونجاو فەراهەم بکات، نەك بە سیاسەتی ئەمنی بەڵکو بەجۆرێك لە حیکمەت و کۆنترۆڵکردنی هەڵوێستەکان و دۆزینەوەی ئەو تێزو ڕێگەچارانەی دەبنە هۆی ئارامبوونەوەی بارودۆخەکان، تا هەڵبژاردنەکان بە شێوەی دروست و بە باشی بەڕێوەبچێت.

*** لەو بڕوایەدایت کە پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دۆخەکە نەرم بکرێتەوە، یان پێوەندییەکان ئەکتیف بکرێن لە نێوان فراکسیۆنە سیاسیەکان، ئەمەی ئێستا دەبینرێت دوژمنایەتییە پێش هەڵبژاردنەکان چۆن پاش هەڵبژاردنەکان ئەم پێوەندییانە دەگۆڕدرێن بۆ دۆستایەتی؟**

- لە ڕاستیدا زۆربەی فراکسیۆنە سیاسیەکان لە ناو یەکتردا پێوەندییان باشە، گفتوگۆ لە نێوانیاندا هەیە سەبارەت بە ئایندە، ئەو ناکۆکیانەی هەیە ناکۆکین لە نێوان فراکسیۆنەکان و دەوڵەتی یاسا، یان لەگەڵ حکومەت یان لەگەڵ سەرۆك وەزیراندایە، گرژییەکانی کە هەن چڕبوونەتەوە لەسەر ئەوانەی کە لە دەسەڵاتدان، بەڵام کۆی پێوەندییەکان لە نێوان فراکسیۆنە سیاسیەکان ئەرێنییە.

*** لەو بڕوایەدایت شتێك سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان هەبێت یان شتێك بگۆڕدرێت ؟**

- ئەگەری ئەوە هەیە، حکومەتی داهاتوو حکومەتی هاوبەشایەتی و شەراکەت نەبێت، ڕەنگە بە هۆی ئەو ناکۆکیانەوە ناچار بن شێوەیەك لە شێوازەکانی حکومەتی زۆرینە ڕابگەیەنن، چاوەڕوانم جۆرێك لە گۆڕانکاری لە ڕێچکەی گشتیدا لە پاش هەڵبژاردنەکانەوە دروست بێت.

*** کەشی گشتی ئاڵۆزکاو بەتایبەتی لە ناوچەکانی خۆرئاوای عیراق، پەرلەمان لەم بارەیەوە چی لە هەگبەدایە بۆ هاووڵاتیان، لەم کەش و دۆخە پڕ لە کێشانەی عیراقدا شتێك هەیە بۆ وتن؟**



- پەرلەمان دەسەڵاتی لا نییە، بەڵکو دەسەڵات لای ئەو لایەنانەیە کە خاوەنی بڕیارو هێزن، ئەوان دەتوانن بۆ بەرانبەرەکانیان نەرمی نیشان بدەن تا چارەسەر بدۆزنەوە، پێویستە ئەوان ئامادەیی نیشان بدەن تا ئاڕاستەکان دیاری بکرێت،سەبارەت بە پەرلەمان تەنیا ئامادەییە، ئەگەر هەبوونی نەبێت پەرلەمان ناتوانێت شتێك بکات، لەو بڕوایەدام ئەو هەڵچوون و هەرایەی لە ژینگەی ئەنبار دروست بووە، پێویستی بە چارەسەرێکی حەکیمانەیە، حیکمەت لەوەدایە حکومەتی ناوەندی یان لۆکاڵی لە ڕێی پەرلەمانەوە کار بکات بۆ ئەهوەنکردنەوەی جەماوەر، چونکە جەماوەری ئەو شارە لەگەڵ لایەنە تیرۆریستیەکان ڕێك نین، بەو شێوەیە بتوانرێت متمانەی جەماوەر بگەڕێنرێتەوە، تا جەماوەری ئەو ناوچانە وابەستە بێتەوە بەلای حکومەتەوە ئەو کاتە زەمینەساز دەبێت بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە لەلایەن تیرۆرستانەوە قۆرخ نەکرێن، ئەم ڕێگایە باشترە لەوەی جەماوەری ئەو ناوچانە پەراوێز بخرێن و لە ناوچەکانیان دوور بخرێنەوە، یەکەمین چەکی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر ئەوەیە چۆن وا لە جەماوەر دەکەیت پاڵپشتی حکومەت بن و متمانەیان پتەوبکەن، ئەمە تەنیا ڕێگەیە بۆ چارەسەرێکی مەبدەئیانە.

*** تائێستا بەرنامە سیاسییەکانی فراکسیۆنەکان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو هیچی لێ شین نەبۆتەوەو وەك لە زۆربەی وڵاتانی دنیا لە کاتی هەڵبژاردن دەیبینین، کێبەرکێکردنەکان لەسەر ئاستی پێشکەشکردنی پلان و بەرنامەی خزمەتگوزارییە بۆ هاووڵاتیان، بەڵام تا ئێستا ناکۆکییەکان بوونیان ماوەو ئێمەش لە کەناری هەڵبژاردنەکانداین و دەپرسین بەرنامە سیاسیەکان چین بۆ هەڵبژاردنەکان، کوا بەرنامە خزمەتگوزارییەکان؟**

- هەر فراکسیۆنێك بەرنامەیەکی هەیە، بەڵام، بەربەستە گەورەکەی ئەمڕۆ لە ئارادایە بریتیە لە تەواونەبوونی بونیادنانی دەوڵەتی عیراقی، گرفتەکان زۆرن، هەر لە دەستوورییەکان تا کێشەکانی دەسەڵات و پێوەندییەکان و جۆریان لەگەڵ حکومەت و لەو حاڵەتەدا بەرنامەکانی گەشەسەندن و بەرنامەکانی حزبەکان هیچ بەهایەکیان نییە لەبەردەم کێشە بنەڕەتیەکەدا کە پێکدێت لە دەسەڵات و پێوەندی دەسەڵات و سروشتی پێوەندییەکان، چارەسەرکردنی ئەمانە پێویستن بەو واتایەی هەر حکومەتێك ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی مسۆگەر بکات، شەفافیەت و نەزاهەت مسۆگەر بکات، ئەو کاتە گرفتێکی نامێنێت بۆ فەراهەمکردنی پرۆژە پێشنیازکراوەکان، بەڵام ئیشکالیەتی عیراق لە ناو ئەو هەموو گەندەڵیەی تێدایە وای لە عیراق کردووە ئەو هەموو پارەیەی کە هەیەتی بەشی نەکات ئەمەیە کە ناسەقامگیری سیاسی دروست کردووە و بارودۆخی ئەمنی تێکداوە، بۆیە زەحمەتە تواناسازی هەبێت بۆ پەرەپێدانی هەندێك بەرنامەی پەروەردەیی.

**پێویستە لەسەر حکومەت کەشوهەوای گونجاو فەراهەم بکات، نەک بە سیاسەتی ئەمنی بەڵکو بە جۆرێک لە حیکمەت و کۆنترۆڵکردنی هەڵوێستەکان**

**ئەو ناکۆکیانەی هەیە ناکۆکین لە نێوان فراکسیۆنەکان و دەوڵەتی یاسا، یان لەگەڵ حکومەت یان لەگەڵ سەرۆک وەزیراندایە، بەڵام کۆی پێوەندییەکان لە نێوان فراکسیۆنە سیاسیەکان ئەرێنییە**

**پەرلەمان دەسەڵاتی لا نییە، بەڵکو دەسەڵات لای ئەو لایەنانەیە کە خاوەنی بڕیارو هێزن، ئەوان دەتوانن بۆ بەرانبەرەکانیان نەرمی نیشان بدەن تا چارەسەر بدۆزنەوە**

**یەکەمین چەکی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر ئەوەیە چۆن وا لە جەماوەر دەکەیت پاڵپشتی حکومەت بن و متمانەیان پتەوبکەن، ئەمە تەنیا ڕێگەیە بۆ چارەسەرێکی مەبدەئیانە**

## گۆڤاری فۆرن ئەفێرز:

# عێراق وەک دەوڵەتێکی فاشیل خۆی بۆ جیهان نمایش دەکات




لەگەڵ دەستپێکی ساڵی نوێ گۆڤاری بەناوبانگی فۆرن ئەفێرز کە گۆڤارێکە ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا دەریدەکات، یەکەم چالاکی خۆی بەگرێدانی پەنیلێك بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و مەترسی ئەو بارودۆخەی لە عێراق دروستبووە دەست پێکردەوە، بۆ ئەم پەنێڵەش هەریەك لە پرۆ فیسۆر ماکس بوت گەورە توێژەری ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە و تایبەتمەند بۆ دیراساتی ئاسایشی نیشتمانی و هەروەها نید پارکەر بەڕێوەبەری پێشووی ئۆفیسی رۆژنامەی لۆس ئەنجلوس تایمز لە بەغدای بانگهێشت کردبوو، پەنێڵەکەش لەلایەن گودن روس بەڕێوەچوو کە بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری فۆرن ئەفێرز و ئەندامی ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە، پێشتر لە ئیدارەی بیل کلینتۆن یاریدەدەری بەڕێوەبەری کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ئاسیا بووە لە ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمریکا. پەنێڵەکەش بە ناونیشانی بانگهێشتی میدیایی فۆرن ئەفێرز لەسەر عێراق لەگەڵ ماکس بوت و نید پارکەردا.

گرنگی ئەم پەنێڵە هەر ئەوە نییە کە گۆڤارێکی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی جیهان لەسەر پرسێکی گرنگ وتووێژێکی گرنگ دەوروژێنێت، بەڵکو گرنگی ئەم پەنێڵە لەوەدایە ئەم پەنێڵە وەك گووتنی راستیەکانە لەبەردەم کونگرێسی ئەمریکادا و هەوڵدانە بۆ ئاگادارکردنەوەی ئیدارەی ئەمریکی بەوەی بارودۆخی عێراق خەریکە لەدەست دەردەچێت و چیتر کۆنترۆڵ ناکرێت، جێگەی وەبیرهێنانەوەیە لەماوەی تەنیا حەوت مانگدا، دوو کەناڵی راگەیاندنی گرنگ پرسیاری گرنگ ئاراستەی هەموو جیهان بەگشتی و رای گشتی ئەمریکا بە تایبەتی دەکەن، کە بریتین لە:

١. لە ٢١ی ئایاری ٢٠١٣ کریستیان ئامانپور سەرۆکی پەیامنێرانی نێودەوڵەتی و رۆژنامەنووس لە کەناڵی CNN ئەو پرسیارەی لەو کەناڵە بەناوبانگەوە وروژاند کە ئایا عێراق لەبەریەکهەڵوەشاوە؟ (Is Iraq unraveling)، دوای

# The Failed States Index




کەمتر لە ٤٨سەعات لە بڵاوبوونەوەی ئەم پرسیارە، مایکل نایت بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی عێراق لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیك وەڵامی پرسیارەکەی ئامانپوری دایەوە و وتارێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی:(بەڵی عێراق لەبەریەکهەڵوەشاوە Yes Iraq is unraveling.).

٢. لە ٢٠١٤/١/٨ش، گۆڤاری فۆرین ئەفێرز پەنێڵێك بۆ دوو کەس ڕێکدەخات، کە یەکێکیان نید پارکەرە و لە ژمارەی مارت و نیسانی ساڵی ٢٠١٢ی هەمان گۆڤار دیراسەتێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی: (ئەو عێراقەی بە جێمانهێشت: جیهان پێشوازی لەدەوڵەتێکی دیکەی فاشیل دەکات)، ئەوی دیکەشیان بێجگە لەوەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە چاودێربووە لەسەر بارودۆخی عێراق و بەسەدان وتار و دەیان توێژینەوەی بڵاوکردۆتەوە، خاوەنی کتێبی (چەکە نەبینراوەکانە) وەك مەترسیەك بۆسەر ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا.

**فۆرن ئەفێرز ئیدارەی بوشی والێکرد هێز زیاد بکرێت بۆ عێراق**

لەساڵی ٢٠٠٦ گۆڤاری فۆرن ئەفێرز دیراسەتێکی بۆ ستیفن بیدل گەورە تۆژەری ستراتیژی لە ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە بە ناونیشانی (بەغدا دەبینین سایگۆنمان بیر دەکەوێتەوە) بڵاو کردەوە، ئەم وتارە هۆشداری بوو بە ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش، بەوەی دۆڕانێکی دیکەی هاوشێوەی ڤێتنام ڕووبەڕووی ئەمریکا دەبێتەوە، ئەم وتارە لەناو ناوەندەکانی توێژینەوە و ئیدارەی ئەمریکا دەنگدانەوەیەکی سەیری دروستکرد، بۆیە هەر دوای بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە هەمان گۆڤار مێزگەردێکی بۆ ٥ پسپۆر و تایبەتمەند و راوێژکار لەسەر ڕەوشی عێراق گرێدا کە ئەوانیش بریتی بوون لە (جامس دۆبینز سەرۆکی ئامۆژگای رەند، لاری دایمۆند راوێژکاری بریمەر لە عێراق، لیسلی گلب سەرۆکی فەخری ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە، چیم کۆفمان تایبەتمەند لەسەر کێشە ئیتنی و مەزهەبیەکان لە زانکۆی

**کاتێک دەڵێن ئەمریکا ناتوانێت لەوە زیاتر کاریگەری لەسەر سیاسەتی عێراق هەبێت، ئەمە تەنها بۆ عێراق وانییە، ئەوەتا وەک دەیبینین لە ٥٠٪ی گەلی سوریا ئاوارە بوون ئەمریکاش وەک دەوڵەتێکی دیکە سەیری دەکات و هیچی پێناکرێت**



پەنسلڤانیا، هەروەها ستیفن بیدل خاوەنی دیراسەتەکە)، ئەو مێزگردەی فۆرن ئەفێرز نەك بۆ ئەوە بوو مەترسی دیراسەتەکەی ستیفن بیدل کەمبکەنەوە، بەڵکو ئامانج لێی ئەوەبوو سیاسەتی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش لەعێراقدا لە کوێدا هەڵەی کردووە، بۆیە مێزگردەکەش بەناونیشانی (لەکوێدا هەڵەمان کردووە؟) بەڕێوەچوو.

ئەم مێزگەردە راسپاردەی دایە حکومەتی ئەمریکا کە لیژنەیەك لە هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتی پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی پێکەوە ئەو هەڵانە راستبکرێنەوە، بۆ ئەمەش جۆرج دەبلیو بوش دەست بەجێ بڕیاریدا کە ئەو لیژنەیە پێکبهێنرێت و لە هۆڵی وینستۆن چەرچل لەناو کۆشکی سپی بڕیار بدەن، ئەو لیژنە هاوبەشە کە لەلایەن حزبی کۆمارییەوە جیمیس بیکر سەرپەرشتی دەکرد و لەلایەن دیموکراتەکانەوە لی هاملتۆن سەرپەرشتی دەکرد، بڕیاریاندا گروپی دیراسەتی بارودۆخی عێراق پێکبهێنن، (Iraq Study Group)، ئەم گروپە بۆ راستکردنەوەی هەڵەکان پەنای بۆ هەموو سەرۆك و وەزیرانی دەرەوە و راوێژکارانی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا ئەوانەی لە ژیاندا مابوو برد، ئەمە بێجگە لەوەی بڕیاریاندا بۆچوونی هەموو سەرکردە عێراقیەکان و شارەزایان و ئەکادیمیستی تایبەت لەسەر عێراق وەربگرن، پاشان ئەم هەموو هەوڵە ئەو راپۆرتەی لێ بەرهەم هات کە دوایی بە راپۆرتی (بیکەر—هاملتۆن) ناسرا، ئەم راپۆرتە لەگەڵ ئەوەی بەدەیان راسپاردەی دابووە حکومەتی ئەمریکا، بەڵام سەرەنجام رێگەی راست ئەوەبوو کە بوش بڕیاریدا بە پەلە هێزی زیاتر رەوانەی عێراق بکرێت، بەمەش توانرا عێراق لە دووبارەبوونەوەی ڤیتنامێکی دیکە دوور بخەنەوە.

کەواتە ئەم باکگراوەندەی فورن ئەفێرز پێمان دەڵێت، دیراسەتەکەی نیدپارکەر بەوەی جیهان پێشوازی لە عێراق دەکات وەك دەوڵەتێکی فاشیل، هەروەها پرسیارەکەی کریستیان ئامانپور بەوەی ئایا عێراق لەبەر یەکهەڵوەشاوە یان نە؟ هیچی لە دیراسەتەکەی ستیفن بیدل کەمتر نییە کە ئەمریکای ناچار کرد پرۆسەی (Surge) واتە زیادکردنی بەپەلەی هێز بۆ عێراق جێبەجێ بکات.

**بۆچی ئیدارەی ئۆباما**
**هێشتا وەڵامی نیدپارکەری پێ نییە؟**

ستۆران ستیڤن سۆن سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پەیوەندی لەگەڵ عێراق، کە لەم ژمارەیەی گوڵان دیمانەیەکی تایبەتمان لەگەڵ ئەنجامداوە، ئاماژە بە پێشوازی ئیدارە ئۆباما لە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەکات لەدوایین سەردانیدا بۆ ئەمریکا، ئەو سەرنجی ئەوەی داوە، ئیدارەی ئەمریکا و شەخسی باراك ئۆباما پێشوازییەکی ساردوسڕیان لە سەرۆك وەزیرانی عێراق کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئیدارەی ئۆباما بەو بارودۆخەی عێراق خۆشحاڵ نییە کە ئێستا لەسایەی حکومڕانی تاکڕەوی مالیکی و حزبی دەعوە بەڕێوە دەچێت، بەڵام ناتوانێت لەوە زیاتر کاریگەری لەسەر سیاسەتی عێراق هەبێت، لەوانەیە کاتێك دەڵێن ئەمریکا ناتوانێت لەوە زیاتر کاریگەری لەسەر سیاسەتی عێراق هەبێت، ئەمە تەنها بۆ عێراق وانییە، ئەوەتا وەك دەبینرێت لە ٥٠٪ی گەلی سوریا ئاوارە بوون ئەمریکاش وەك دەوڵەتێکی دیکە سەیری دەکات و هیچی پێناکرێت، ریچارد هاس سەرۆکی ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە هەفتەی رابردوو لە داڤۆس زۆر راشکاوانە دانی بە راستیەکی گرنگدا نا، کە ئەمریکا هەوڵدەدا کاریگەری لەسەر سوریا هەبێت، بەڵام هەوڵەکانی بێ بەرهەمە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو سیاسەت و دیپلۆماتیەتەی لەسەدەی بیست کاری پێدەکرا لەسەدەی بیست و یەکەم کاری پێناکرێت، جۆزیف نای سەبارەت بە کاریگەری سیاسەت و دیپلۆماسیەت جەخت لەوە دەکاتەوە لە سەدەی بیست و یەك بەتەنها هێزی نەرم کاریگەری نییە، زەحمەتە کیم ئیل سۆنگی دووەمی سەرۆکی کۆریای باشور فیلمەکانی هۆلیود کاریگەری لەسەری هەبێت و دەستبەرداری چەکە نیوکلیارییەکانی بێت، هەروەها لەسەدەی بیست و یەك مەرج نییە سوپای بەهێز و رۆکێتی کیشوەر بڕ بتوانێت بارودۆخی ئێستای عێراق و ئەفغانستان چارەسەر بکات، بەڵکو ئەوەی دەتوانێت لە سەدەی بیست و یەك کاریگەری دیپلۆماتیەت و سیاسەت دیاری بکات، بەرهەمهێنانی هێزی زیرەکە(Smart Power)، بێگومان هێزی زیرەکیش بەرهەمی کۆکردنەوەی هەموو ئیمکانیەتێکە بۆ ئەوەی بتوانرێت کاریگەری

**هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێت بارودۆخی ئێستای سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکی بارودۆخی ساڵی ٢٠٠٦ نییە کە کۆمارییەکان و دیموکراتیەکان بتوانن پێکەوە کێشەکان چارەسەر بکەن و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە**



لەسەر کێشەکان دروست بکرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لە ئێستادا ئیدارەی ئۆباما دەتوانێت ئەم هێزە زیرەکە بەرهەم بهێنێت؟ بێگومان هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێت بارودۆخی ئێستای سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکی بارودۆخی ساڵی ٢٠٠٦ نییە کە کۆمارییەکان و دیموکراتیەکان بتوانن پێکەوە کێشەکان چارەسەر بکەن و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە، لەبەر ئەوەی ئێستا جەمسەرگیری و سیاسەتی حزبایەتی لەنێوان هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە زۆرجار لە ناو کۆنگرێس بڕیار دەرناچێت و حکومەت پەکی دەکەوێت، ئەمە بێجگە لەو تەنگژە ئابوورییەی ئەمریکای گرتۆتەوە، کە ساڵی پار بە فشاری کۆمارییەکان هێندەی دیکە بودجەی پێنتاگۆن کەمکرایەوە، بۆیە لەم لایەنەوە ئەگەر سەیری تێڕوانینی جۆن مەکین سەبارەت بە سوریا بکەین هەست دەکەین تێڕوانینی کۆمارییەکان و دیموکراتیەکان بۆ بارودۆخی سوریا زۆر لێکجیاوازە و تەنانەت لەسەر دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین ڕێکناکەون و ئێستا بیر لەوە دەکەنەوە لەناو تورکیاوە و بەرێگەی رۆکێتی پاتریۆت ڕێگە نەدەن فڕۆکەکانی رژێمی ئەسەد لە ٥٠ کیلۆمەتری سنوری نێوان سوریا و تورکیا نزیك ببنەوە، بێگومان ئەم هەوڵەش بەرهەمێکی بۆ بارودۆخی هاووڵاتیانی سوریا نابێت.

لەلایەکی دیکە نید پارکەر زۆر راشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ بووە هۆکاری ئەوەی ئەو سەرکەوتنەی پرۆسەی زیادکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠٠٩—٢٠١٠ بەرهەمی هێنابوو بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز توندوتیژی و کارە تیرۆریستیەکانی کەمکردبۆوە، هەمووی لەدەست بچن و ئێستاش هەتا ئەگەر حکومەتی عێراق و سەرکردە عێراقیەکانی دیکە رازی بن ئەمریکا هێز بنرێتەوە بۆ عێراق، ئەوا باراك ئۆباما ناتوانێت ئەم بڕیارە بدات، چونکە بەپێی ڕێککەوتنی سۆفا سەروەری عێراق پێشێل دەکرێت و دووبارە عێراق داگیر دەکرێتەوە.

بارودۆخی عێراق بە بەراورد بە بارودۆخی ئەفغانستان لەگەڵ ئەوەی وەك دوو بارودۆخی هاوشێوە و دوو دەوڵەت کە ئەمریکا رژێمی تالیبان و رژیمی بەعسی تێدا رووخاندوون، بەڵام دیسان لەرووی مامەڵەکردن لەگەڵ هەردوو بارودۆخەکە دوو بارودۆخی جیاوازن، لەبەر ئەوەی بۆ ئەفغانستان تەنها ئەمریکا بەرپرسیار نییە و ناتۆ ئەرکێکی زۆری لە کۆڵکردۆتەوە، بەڵام بۆ عێراق ئەمریکا بە تەنیایەو هیچ چەترێکی نێودەوڵەتی نییە هەتا هەوڵبدات لەو ڕێگەیەوە چارەسەرێك بدۆزێتەوە.

## عێراقیەکان جارێکی دیکە بە دیکتاتۆریەت رازی نابن عێراقیش نابێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدرالی

گروپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان لە دوو توێژینەوەی جیاوازدا جەخت لەوە دەکەنەوە فیدرالیزم و ئەو دەسەڵاتانەی کە دەستووری عێراق بە هەرێمەکانی داوە، بۆتە تەنگژەیەکی سەرەکی بۆ عێراق و بۆتە هۆکاری ئەوەی کە حکومەتی عێراق نەتوانێت کێشەکانی چارەسەر بکات، کێشەکە لێرەدا ئەوەنییە کە دەستووری عێراق نەخشەی ڕێگە نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کە دەستووری عێراق بوار نادات جارێکی دیکە هیچ پێکهاتەیەك پێکهاتەکانی دیکە بچەوسێنێتەوە، هەروەها دەستووری عێراق ڕێگە نادات پێکهاتەیەك هاووڵاتی پلە یەك بێت و پێکهاتەیەکی دیکە هاووڵاتی پلە دوو بێت، هەروەها دەستووری عێراق بواری ئەوە نادات داهاتی عێراقیەکان لەلایەن ناوەندەوە کۆنترۆڵ بکرێت و بخرێتە خزمەتی پاراستنی دەسەڵاتدارانی بەغدا، هەموو ئەمانەش بە نوری مالیکی قبوڵ ناکرێت کە دەیەوێت ئەو خۆی لە عێراقدا بڕیاربدات و هەموو عێراقیەکانیش جێبەجێی بکەن.

گروپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان وای دەبینین، ئەگەر ئەو دەسەڵاتانەی لە دەستووری عێراقدا بە هەرێمەکان دراوە، تەنها وەك حاڵەتێکی ئیستیسنا بۆ هەرێمی کوردستان بوایە، لەبەر ئەوەی پێش بونیادنانەوەی عێراق ئەم هەرێمە بوونی هەبووە و دەوڵەتێکی دیفاکتۆی سەربەخۆ بووە، ئەوا دەکرا بۆ پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا میکانیزمێك بدۆزرێتەوە، بە واتایەکی دیکە ئەگەر دەستووری عێراق ڕێگەی بدایە حکومەتی بەغدا بەتەواوەتی حکومڕانی بەشە عەرەبیەکەی عێراق بکات، ئەوکات مەسەلەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا بە بنبەست نەدەگەیشت، بۆیە سەرۆکی گروپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان پرۆفیسۆر یۆست هیلترمان پێشبینی

**ئەو بارودۆخەی ئێستای عێراق وەڵامێکی گونجاوە بۆ ئەوەی بزانرێت بۆچی مالیکی بەوجۆرە حکومڕانی دەکات، لەبەر ئەوەی نوری مالیکی و حزبی دەعوا، لەناو خودی پێکهاتەی شیعیدا شەڕی دەسەڵات دەکەن**

ئەوە دەکات کە (تۆڵەسەندنەوەی کورد دوورکەوتنەوە بێت لە عێـــراق)، ئەمە بەو مانایە دێت، حکومەتی عێراق هەرگیز ناتوانێت ئەو دەســـەڵاتانەی ئێســـتای هەرێمی کوردستان قبوڵ بکات، بە تایبەتی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بـــو دەرهێنانی نـــەوت و گاز و هەناردەکردنـــی بۆ دەرەوە، لەبەرامبەردا هەرێمی کوردستانیش نەك هەر سازش لەسەر مافە دەستوورییەکانی خۆی ناکات، بەڵکو قبوڵیش ناکات جارێکی دیکە دیکتاتۆر لە عێراقدا دروســـت بێتەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا وەك پرۆفیســـۆر مایکل گەنتەر لە وتارکەیدا کە لـــەم ژمارەی گوڵان بڵاودەبێتەوە، جەخت لەســـەر ئەوە دەکاتەوە، هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردســـتان، تەنیا سەربەخۆیی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان دروست ناکات، بەڵکو سەربەخۆیی سیاسیشی بۆ دروست دەکات.

پرســـیار لێرەدا ئەوەیە ئەو هۆکارانە چین کە وادەکات نوری مالیکی و حزبی دەعوای ئیســـلامی نەیانەوێت دەستووری عێراق جێبەجێ بکەن؟ ئایا ئەم دەستوورە زیانی بۆ پێکهاتەی شیعە لە عێراقدا هەیە؟ ئەگەر وایە بۆچی لە ساڵی ٢٠٠٥ ســـەرووی ٩٥٪ شـــیعە دەنگی پێداوە، خۆ ئەگەر ئەم ڕێژە بـــەرزە دەنگـــی پێنەدایە، ئەوا دەســـتوور بەرێژەی ٨٠٪ی دەنگی عێراقیەکان پەسەند نەدەکرا.

ئەو بارودۆخەی ئێســـتای عێـــراق وەڵامێکی گونجاوە بۆ ئەوەی بزانرێت بۆچی مالیکی بەوجۆرە حکومڕانی دەکات، لەبەر ئەوەی نـــوری مالیکی و حزبی دەعوە، لەناو خودی پێکهاتەی شـــیعیدا شەڕی دەســـەڵات دەکەن و دەیانەوێت خۆیان بەناوی پێکهاتەی شـــیعەوە حکومڕانی عێراق بن، ئەگـــەر نا بەو حوکمەی پێکهاتەی شـــیعە خۆی بە تەنیا زۆرینەیە و لایەنی کوردستانیش هەموو کات ڕای بەو جۆرە بـــووە کە هاوپەیمانی لەگەڵ شـــیعە بکات بەو هۆیەی کە هەردوو پێکهاتەی کورد و شیعە قوربانی دەستی دیکتاتۆر بوون، ئەوا حکومڕانی بەغدا هەر لەدەستی پێکهاتەی شیعە دەمێنێتـــەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی مالیکی و حزبەکەی تەنها مەبەســـتیان حزبی دەعوە و مانەوەی مالیکیە لە پۆســـتی ســـەرۆك وەزیران، ئەوا وەك هەموو سەرکردە خۆسەپێنەکانی جیهان پێویســـتیان بەســـەرچاوەیەکی داهاتی گەورەیە بۆ ئەوەی سوپای گەورەی پێ بونیاد بنێن و دەسەڵاتی خۆیان پێ بپارێزن.


لەنێو ئـــەم بارودۆخە ئاڵۆزەی عێراقـــدا، ئەمریکا ناتوانێت هەوڵەکانی هیچ بەرهەمێکی هەبێت، تەنانەت ئەگەر سەرنج لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە گرین زۆن بدەین، هەست دەکەین ئەم باڵیۆزخانەیە هەرگیز لە باڵیۆزخانەی دەوڵەتێك ناچێت کە بانگێشـــتەی ئەوە بکات ســـەرکردایەتی جیهان بکات، یـــان لانی کەم لـــە باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتـــەش ناچێت کە وڵاتێکی داگیرکردبێت، ئەوەش بزانێت شکستی ئەو دەوڵەتە پشـــکی گەورەی ڕووبەڕووی ئەو دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا سەیری هەوڵەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بدەین، هەست دەکەین کە باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا بەتەواوەتی لە پرۆســـەی سیاســـی عێراق دوور کەوتۆتەوەو پرۆســـەکەی بەجێهێشتووە بۆ شەخســـی نوری مالیکی بۆ ئـــەوەی بە ئارەزووی خۆی ئاراســـتەی بکات، ئەم حاڵەتە پەیوەندی بەوەوە نییە کە عێراق ســـەروەریی بۆ گەڕاوەتەوە و پێویستە عێراقیەکان خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن، بەڵکو پەیوەندی بەو نائومێدییەوە هەیە کە ئەمریکا ناتوانێت وەك پێویست ڕۆڵی خۆی لە عێراقدا بگێڕێت.

> **لەنێو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی عێراقدا، ئەمریکا ناتوانێت هەوڵەکانی هیچ بەرهەمێکی هەبێت، بۆیە ئەگەر سەیری هەوڵەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بدەین پرۆسەکەی بەجێهێشتووە بۆ شەخسی نوری مالیکی بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی ئاراستەی بکات**

## عێراق وەك دەوڵەتێکی فاشیل
## جیهان چۆن پێشوازی دەکات

ئێستا ئیدارەی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا لەوە دڵنیابوون، کە عێـــراق وەك عێراقێکی یەکپارچە و دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدرالی دروســـت نابێتەوە، فەرید زەکەریا لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ کاتێـــك بوش رایدەگەیاند لە عێراقدا ســـەردەکەوین و شـــەڕەکە دەبەینەوە، ئەو پرسیاری ئەوەی لێدەکرد: (جەنابی ســـەرۆك مەبەستت لەسەرکەوتن چیە؟ ئایا مەبەستت ئەوەیە ڕژێمێکـــت رووخاندووە یان مەبەســـتت ئەوەیـــە دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدرالی و ئازادت بونیادناوەتەوە؟) ئاشـــکرایە هەر ناوشیانی ئەو پرۆســـەی ڕژێمی پێشووی پێ رووخێنرا (پرۆســـەی ئازادکردنی عێراق بوو) بۆیـــە کاتێك ئەمریکا نەتوانێت عێراقێکـــی ئازاد بونیاد بنێتـــەوە، دەبێت وەڵامی ئەو پرســـیارە بداتەوە چۆن هاوکار دەبێت عێراقیەکان ڕێگەی ئازادی خۆیان بدۆزنەوە؟ ئەم پرســـیارە لە پەنێڵەکەی فۆرن ئەفێرز هەوڵی بـــۆ دەرێت وەڵامبدرێتەوە، بەوەی پێویســـتە ئەمریکا چیدیکە بوار نەدات سیاســـەتی حکومەتی ئێستای عێراق بەم شـــێوەیە لەدوورەوە تەماشـــابکات و پێویســـتە بۆ ڕێگەیەك بگەڕێت پرۆســـەی سیاســـی لە عێراقدا راســـت بکاتەوە، راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی عێراقیش کە ئێستا هەمووی کەوتۆتە دەستی مالیکی و حزبەکەی ئەوا پێناچێت بە ئاسانی راستبکرێتەوە، دەبێت بوار بدرێت لانی کەم هەرێمی کوردســـتان خۆی بڕیـــاری خۆی بدات و پێـــش هەموان ئەمریکا ڕێزی ئەو بڕیارەی گەلی کوردستان بگرێت، ئەگەر لەم هەنگاوە ئەمریکا پشتگیری ئیرادەی کوردستان بگرێت، ئەوا دەرگا بۆ چارەسەری کیشەکان واڵا دەبێت و پێکهاتەی سوننەش بەهەمان چارەسەر رازی دەبێت، دوای ئەمەش وەك سندوقی ئاشتی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٦ پێشنیاری کردبوو، با عێراق بکرێتە سێ دەوڵەت و پاشان یەکێتی یان فیدراسیۆنی دەوڵەتەکانی عێراق پێکبهێنرێت و عێراق بە تەنها نوێنەرایەتی ئەو سێ دەوڵەتە لەنەتەوە یەکگرتووەکان بکات، ئەم چارەسەرە ئەگەر بە ئاشـــتی هەنـــگاوی بۆ هەڵبگیرێـــت عێراق بە یەکگرتوویی دەهێڵێتەوەو کێشەکانیشی پێ چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەگەر ئـــەم واقیعە بووە ناچاری و عێراق خۆی لەبەر یەکهەڵوەشـــا، زەحمەتە بتوانرێت بەشـــە عەرەبیەکەی عێراق کۆنترۆڵ بکرێت، بە تایبەتی کە ئێستا بۆتە زۆنێکی بەپیت بۆ گەشەی تیرۆریستان.

> **کاتێک ئەمریکا نەتوانێت عێراقێکی ئازاد بونیاد بنێتەوە، دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە چۆن هاوکار دەبێت عێراقیەکان ڕێگەی ئازادی خۆیان بدۆزنەوە؟**



**نەسرین ئەنوەر**
**پەرلەمانتاری عیراق لە فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ گوڵان:**

# تەنیا هەرێمی کوردستان کێشەی لەگەڵ بودجەی عێراق نییە بەڵکو پرۆژەیەکی ناتەواوە لایەنەکانی دیکەش کێشەیان لەگەڵیدا هەیە

**ماوەیەکە بودجەی عێراق قەیرانێکی نوێی لە نێوان لایەنەکان دروست کردووە، تەنانەت مالیکی هەڕەشەی بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان دەکات، سەبارەت بەم پرسە نەسرین ئەنوەر تەها ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن:**

پرۆژەی بودجەی عێراق پڕیەتی لە کەموکوڕیی، ئەم کێشانەش تەنیا هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە بەڵکو لایەنەکانی دیکەش، وەکو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق کە بودجەکەی کەم کراوەتەوە بۆ ٤٨٪ لە چاو ساڵانی پێشوو، هەروەها مەسەلەی پترۆدۆلار کە یەك دۆلار بۆ هەر بەرمیلە نەوتێك دانراوە،کە داوای پێنج دۆلار دەکەن، هەرچەندە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری داوە بکرێتە پێنج دۆلار، بەڵام هەر بەقسە بووەو پێویستە بودجەکە بگەڕێنرێتەوە ئەنجومەنی وەزیران تاکو ئەو کۆی پارەکەی بۆ دیاری بکرێت، سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش هەروەکو هەموومان ئاگادارین ئەوان کێشەی نەوتیان هێناوەتە ناو بودجە ی عیراقەوە و داوادەکەن کە ئەگەر رۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیل لە نەوتی کوردستان رەوانە نەکرێت و حساب نەکرێت لەسەر بودجەی عیراق ئەوان بودجەی هەرێم دەبڕن بە راستی ئەوانە هەمووی کێشەن بودجەکەش پڕ لە کێشەیەو بۆیە داوا دەکرێت ئەو بودجەیە بگەڕێنرێتەوە ئەنجومەنی وەزیران و لەوێ کەموکورتییەکان چارەسەر بکرێن،بۆیە لە دانیشتنی رۆژی پێنج شەممە وەك نوێنەرانی سەرجەم کوتلەکانی کوردستان لە بەغدا بایکۆتی کۆبوونەوەکەمان کرد کە هەر نەکراو لیژنەیەکمان لە کۆی ئەو کوتلانە پێك هێنا،تاکو بچێت لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی بۆ پرۆسەی سیاسیی عیراق گفتوگۆبکەن و دواتر بگەڕێنرێتەوە پەرلەمانی عیراق و لە دانیشتنەکاندا تاوتۆ بکرێن، سەبارەت بە مەسەلەی نەوتی کوردستان، خۆشبەختانە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان راشکاوانە ئەم پرسەی بۆ نوێنەرانی کورد لە بەغدا روونکردەوە بۆیە ئیستا دوای ئەو کۆبوونەوەیە پرۆسەی نەوتی کوردستان شەفافە و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند ئێمە ئەگەر نەوتمان رەوانەی دەرەوە کرد، پێمان خۆشە ئەوان لە بەغدا بێن سەرپەرشتی بکەن لەسەر تەندەرو شێوەی ناردن و نرخەکەی و روونی کردەوە کە هەرزانتر نایفرۆشین لە چاو بازاڕەکان بەڵکو وەك بازاڕەکانی جیهان نەوت دەفرۆشین کە ئەمە شەفافییەتەکە بوو سەبارەت بە بەغدا، دەربارەی ئێمەش دەبینین راپۆرتێك دەربارەی نەوت بڵاوکرایەوە، هەروەها چەند دیکۆمێنتێکیان بەسەرهەموو پەرلەمانتارانی کورد لە بەغداو بە پەرلەمانتارانی کوردستان دابەش کرد کە تێیدا بە تەواوی هەموو لایەنەکانی پرۆسەکە بڵاوکراوەتەوە لە دەرهێنان و هەناردەکردن و نرخ،کەواتە ئەمە شەفافییەتە، هاوکات وەزارەتی سامانە سروشتییەکانمان هەیە کە بەرپرسە لەم لایەنە و میکانیزمی ناردن و فرۆشتنی نەوتی لە ئەستۆ گرتووە،بۆیە ئەمە بە هەنگاوێکی بەرز دادەنرێت تاکو بۆ هەموو لایەنەکان بە تایبەتیش ئۆپۆزسیۆن دیاربێت کە دڵنیابن لە شەفافییەتی پرۆسەکە و زیاتر متمانە بە پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت بکەن، ئەمەش وادەکات کە هەموومان بە ئیرادەیەکی زیاتر داکۆکی لە پرسەکە بکەین و ریگە نەدەین مافی گەلی کوردستان پێشێل بکریت، لەمەش زیاتر مایەی شانازییە کە هەموو لایەنەکانی ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا یەك هەڵوێستن لە ئاست پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و ئەمەش زیاتر هێزمان پێ دەبەخشێت تاکو سووربین لەسەر جێ بەجێ کردنی داواکانی گەلەکەمان لە بەغدا.

حوسێن عەلوان پەرلەمانتاری کوتلەی ئەحرار بۆ گوڵان:

# بارودۆخی عیراق بەرادەیەک شڵەژاوە بۆتە هۆکاری ئەوەی زۆر زەحمەت بێت




**بارودۆخـــی عێراق بەرادەیـــەك گەورە بووە كە هیچ كەسـێك ناتوانێت بە گەشـــبینی ســـەیری ئایندەی ئەم وڵاتە بكات و ئاكامی هەموو ئەمانەش ئەوەیە كە سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەم حكومەتەی كردۆتە حكومەتی كێشـــە و قەیران ، لە كێشەیەك رزگار نابین كێشەیەكی دیكە دروست دەكات، سەبارەت بەرەوشی ئێستای عیراق حوســـین عەلوان پەرلەمانتاری كوتلەی ئەحرار لە پەرلەمانی عیراق، لەلێدوانێكی تایبەتی بۆ گوڵان بەم جۆرە رەوشی ئێستای عیراقی خستە روو:**

((لـــە بارودۆخی ئێســـتای عیراقدا زۆر زەحمەتـــە بتوانرێت هەڵبژاردنێكی پاك و بێگەرد بكرێت، من وای دەبینم تەحەمولی ئاكامەكانـــی هەڵبـــژاردن نەكرێـــت نە لە لایـــەن ئەنجومەنی نوێنەرانـــەوە نە لە لایەن لایەنەكانی ترەوە، تەمومژی هەیە لەو بارەوەو تەنانەت لە مەرجەعیەتیشـــەوە هەمان شـــێوە، گەرچی فشـــارێكی جەماوەری بە ئاراســـتەی دانانـــی مەوعیدێكی دیاریكراو بوونی هەیە، بەڵام لە پشـــت كەوالیسەوە هەندێك لە هەوڵـــی ئەوەدان هەڵبژاردنەكان دوا بخرێت، بەڵام با وای دابنێین لـــە كات و وادەی خۆیدا هەڵبژاردنەكان هـــەر ئەنجام بدرێت، رێژەی پێشـــبینیەكان لە هەڵبژاردن وەك رای شەخســـی خۆم بریتی دەبێت لە ٥٠٪ی بەشـــداربوون بە هۆی قەیرانی ئەنبارو ناكۆكییەكانی نێوان حكومەتی ناوەندی و هەرێمی كوردســـتان و چەندیـــن قەیرانی تر كە ناو بە ناو دەردەكەون و وا دیارە ئێمە لە قەدەرمان نووســـراوەتەوە كە لە قەیرانەكاندا ژیانی ســـەخت بەرێ بكەین، پێش چەند رۆژێكیشـــە قەیـــران لە پارێزگاكان ســـەری هەڵداوەو كردنەوەی ئەم دەرگایـــە وای لە زۆر قەزای تریـــش كردووە هەر بە خۆیان بە پارێزگابـــوون رابگەیەنن، لەم كاتەدا راگەیاندنی ئەم پارێزگابوونانەی قەزاكان ئاراستەكراوە، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە كێشـــە بنرێتەوەو هەنجەتێك دروست بكرێت بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەكان، بۆ ئەوەی ناچار بكرێین لەگەڵ حكومەتـــی كاربەرێكـــەردا عیراق بچێت بەرێـــوە، ئەمە بۆ خۆی قەیرانێكـــی تەواوەتی دەنێتەوەو بۆشـــایی كارگێری و سیاسی دروســـت دەكات..هەربۆیە بارودۆخی ئێستا نەك تەنیا لە ئەنباردا بەڵكو لـــە زۆربەی پارێزگاكانی عیراقدا دۆخێكی ناهەموارو ئاڵۆزكاو هەیە، ئەم ئاڵۆزییە تەشەنەی سەندووە بەرەو پارێزگای ســـەڵاحەدین و دیالاو شـــوێنانی تریشی گرتۆتەوە،

فاتیح داراغایی پەرلەمانتاری عیراق لە کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بۆ گوڵان:

# پێمان باشە دانیشتنەکانی نێوان نوێنەرانی کورد لە بەغدا و حکـــومەتی



**یەكرێـــزی و یەك گوتاری نێوان نوێنەرانی لایەنە سیاســـیەكانی كوردســـتان لە بەغدا ، گەورەترین دەسكەوتە بۆ ئەوەی بتوانرێت لـــە بەغدا بەرگری لـــە مافەكانی خەڵكی كوردســـتان بكرێت، هەر بۆ ئەم مەبەســـتەش بەرێـــز نێچیرڤان بارزانی ســـەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردســـتان لەگەڵ پەرلەمانتارانی كورد لە بەغـــدا كۆبۆوە و وردەكارییەكانی بۆ باســـكردن ، بۆ قســـەكردن لەسەر یەك گوتاریی نوێنەرانی كورد لە بەغدا فاتیح داراغایی پەرلەمانتاری كۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عیراق بەم جۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

((ئەو بارودۆخەی ئێســـتا عیراق پێیـــدا تێپەردەبێت زۆر ئاڵۆزەو دەتوانین بڵێین گەیشتۆتە بن بەست كە چارەسەری زۆر زەحمەتەو، هۆكاری ســـەرەكیی ئەم كێشـــانەش ناكۆكیی نێوان لایەنەكانی عیراقە بە تایبەتیش تاكرەویی حكومەتی عیراق و حساب نەكردن بـــۆ لایەنەكانی دیكە كە بە تەوافوق و رێككەوتن بەشـــدارن لە حوكمـــی ئەم وڵاتە، بە داخەوە دەتوانیـــن بڵێین كە ئەم تاكرەوییە وای كردووە كە دەسەڵات حیساب بۆ هیچ كەس و لایەنێك نەكات و عیراقی بەرەو هەڵدێر بردووە،كەواتە پرۆسەی سیاسیی لە عیراق خراوەتە ژێر پرســـیارەوە، لەم بارودۆخەدا كە ئێستا كۆمەڵێك كێشە لەنێوان هەرێم و بەغدا هەیە، مایەی شانازییە بۆ هەموو لایەكمان، كە ئێمە لە بەغدا سەلماندوومانە كە نوێنەری هەموو كوردین نەك نوێنـــەری كوتلەو لایەن و حزبەكان،ئـــەو لیژنەیەی كە پێك هات دوای ئەوەی كە كۆتا یاســـای بودجە هاتە پەرلەمان بینیمان كە كەموكوریی زۆری تێدایە لەســـەر ئاســـتی عیراق و لایەنەكان و لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان،ئەوە بوو دانیشتنێكی هاوبەشمان كرد لە نێوان سەرجەم كوتلە كوردستانییەكان و لیژنەیەكمان پێك هێنا بۆ دانووســـتان لەگەڵ سەرۆكی پەرلەمان و كوتلە سیاسییەكان ، هەموو ئەو كەم و كورییانەی هەیە لە بودجەی عیراقدا بیانخەینە روو، هاوكات هەوڵدان بۆ دروســـت كردنی كۆدەنگییەك تاكو ئەو بودجەیە بگەرێنینەوە بۆ حكومەت بەمەبەســـتی چارەسەركردنی كەم وكورییەكان،پاشـــان بێتەوە پەرلەمان و خوێندنەوەی یەكەم و دووم و دەنگدانـــی بۆ بكرێت. هەروەها ئەو دانیشـــتنەی لەگەڵ بەرێز نێچیرڤان بارزانی ســـەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان كردمان ئەم دانیشـــتنانە شـــتێكی باش بوو، بـــەڵام درەنگ بوو ، ئێمە چوارســـاڵە لە بەغدایـــن گلەییمان لە حكومەتی هەرێمی كوردســـتان ئەوە بووە كە شاندەكان دێن و لێرە لەسەر ئاستی چەند كەســـێك گفتوگۆ دەكەن و ئێمە هیچ ئاگادارییەكمان لێی نەبوو،

## لایەنەکان متمانە بەیەکدی بکەن

ئێستا کێشـــەیەکی تریش بەهۆی بودجەی ئەمساڵەوە ڕوویداوە کاتێك برایانمان لە کوردســـتان بە بەشی خۆیان ڕازی نەبوون و کێشە کەوتۆتە نێوان کوردستان و حکومەتی ناوەندییەوە، پێشتر وتومانە کە وا پێویســـتە ئەم کێشـــانە بە شێوازی دیپلۆماسی چارەســـەریان بۆ بدۆزرێتەوە، پێویســـتە لیژنـــەی تایبەتی بۆ دابنرێـــت، بە پێی ئەو ڕێکەوتنانەی پێشـــتر لە نێوان هەرێمی کوردســـتان و حکومەتی ناوەندی کراون ئەو لیژنانە کارەکانیان چڕ بکەنەوەو بەرەو چارەسەر ببیەن، سوپاس بۆ خوا شاندێك لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە گەیشتنە بەغداو گەیشتوونەتە چەند ئەنجامێـــك، ئەم بابەتە زۆر هەســـتیارە، بەو پێیەی دواکەوتنی بودجە بە نێگەتیڤ دەشـــکێتەوە لەسەر واقیعی خزمەتگوزاری لـــە عیراقدا، گرفتـــی زۆر هەن و عیراق لـــە توانایدا نەماوە بارەقورســـەکانی هەڵگرێت ، ئەم حکومەتەی عیراق لەوەتەی دامـــەزراوە حکومەتی پڕ قەیران بوون، لە کێشـــەیەك نابینەوە کێشـــەیەکی تری بەســـەردا دێت، بۆیە لەو بڕوایەدام دۆخەکە هێندە مەترسیدار بووە حەوسەڵەی ئەوەی تێدا نەماوە متمانەیەك لە نێوان لیست و فراکسیۆنەکان بمێنێتەوە)).

## هەرێمی کوردستان بەردەوام بن

بۆیە ئەگەر ئەم دانیشـــتنانە زووتر بکرایە بەرچاورۆشنیمان باشتر دەبوو،چونکە چەند متمانەو شـــەفافییەت لـــە نێوانماندا هەبێت ئەوەندە گوڕو تینمان پێ دەدات زیاتر لەســـەر هەڵوێستمان سوور و پێداگـــر بین بۆ بەدیهێنانی ئـــەو داخوازییانەی کورد کە ئێمە کە نوێنەرایەتیی دەکەین لە بەغدا،ئەو دانیشـــتنە باش بوو، بەڵام تاکو ئێستاش زانیارییانەکان دەربارەی گرێبەست و داهاتی نەوت پێویســـتیان بە زانیاریی زیاترە،بۆیە پێویستی بە دانیشتنی زیاتر هەیـــە تاکو بەرچاوڕوونی دیکە بخرێتە ڕوو، ئەمەش زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی بوونی ئیرادەیەك و هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی شەفافیەت بۆ نێوان لایەنەکان و نوێنەرانی کورد لەگەڵ دەسەڵات لەهەرێمی کوردســـتان ئەمە شتێکی باشـــەو یەك گوتاریی کورد لە بەغدا تۆکمەتر دەکات و ئەو گلەییانەشـــی کـــە دەیکەین تەنیا گلەیی ئەو لایەنانە نین کە پێشتر بە ئۆپۆزسیۆن ناودەبران بەڵکو گلەیی هەموو لایەنەکانی کوردە تەنانەت هاوپەیمانیی کوردستانیش، کە ئەو شاندانە دێنە بەغداو ئێمە بە تێکرا لێیان ئاگادارنین و نازانین ڕێککەوتنەکان چین و چۆنن،بۆیە ئەگەر ئەو بەستەڵەکە بشکێت و ئێمە زیاتـــر ئاگاداربین دیارە ئەو کاتـــە زیاتر لە بەرژەوەندیی میللەتەکەمان تەواو دەبێت))

بەکر حەمە سدیق
پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئێمە وەک نوێنەرانی کورد لە بەغدا یەک هەڵوێستین و ڕێگەش نادەین مافی خەڵکی کوردستان پێشێل بکرێت



**کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا ، کێشەی ئەمڕۆ و دوێنێ نین، بەڵکو ئەم کێشـــانە لەگەڵ دووبارە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق لە دوای ســـاڵی ٢٠٠٣ ەوە بوونی هەیە، هەموو ســـاڵێك لەسەر بەشە داهاتی کوردســـتان لە بودجەی عیراق ئەم کێشـــانە تازە دەبنەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم کێشـــانە، پەرلەمانتار بەکر حەمە ســـدیق لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیســـلامیی کوردســـتان بەم جۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

ئێمـــە وەکو نوێنەرانـــی کورد لە پەرلەمانی عێـــراق هەموومان یەك هەڵوێستین لە بەغدا لە ئاست کێشەکانی هەرێم و بەغدا، ئێمە لە رووی دەستووری و یاساییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشانە دەکەین و پێداگریی لەسەر بەشی خۆمان دەکەین و ئەگەر ئەوان هەر سووربن، بێ گومان ئێمە توندتر هەڵوێســـتی خۆمان دەبێت تا ئەو کاتەی بە ئەنجامێکی باش دەگەین. لەلایەکی دیکەوە ئەو کێشانەی ئێستای لە نێوان بەغداو هەرێم هەن، راستەوخۆ پەیوەندیان بە بودجەوە هەیە،هەرێمی کوردستان هەندێ تێبینی و ســـەرنجی هەبوو لەسەر بڕگەکانی بودجەی ٢٠١٤، هەروەها تێبینی لەســـەر بڕی نەوتی دەرهێنراو هەندێ پرسی دیکە پەیوەســـت بە ڕێـــژەی ١٧٪ی بودجەی هەرێمی کوردســـتان یان ئەو بەشەی بۆ سیادی و خەرجییەکانی دیکە دانراون، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەمانە بڕگەی سەرەکیی بودجەی ئەم ساڵن،بۆیە لە گفتوگۆکردن لەسەر بودجە رۆژی پێنج شەممە ئێمەی کورد بە تێکڕا هاتینە دەرەوە، چونکـــە بە تێپەڕاندنی ئەم بودجەیە وەکو پار قایل نابین هەروەها تاکو پەیامێکیان پێ بدەین کە ئەوان لەم کێشـــەیە تێ بگەن کە بەم شێوەیە مامەڵـــە لەگەڵ میللەتێك و قووتی ئەو میللەتـــەدا دەکەن، هەروەها تا بزانن واز لە پشـــکی تەواوی خۆمان ناهێنین،بۆیە پرســـەکە هەروا ماوەتەوە و ئەگەر هەر بەم شـــێوەیە بێت ئێمەش هەر لەسەر هەڵوێستی خۆمان پێداگری دەکەین. بێ گومان چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیەی نێوان هەرێم و بەغدا، کێشـــەکانی عیراق ئاڵۆزتر دەکات بە تایبەتیش باری ئەمنی کە ئێستا خەریکی کێشەی شەڕی ناوچەکانی ئەنبارە و تا ئێســـتاش هەردوو فراکسیۆنی ئەلموتەحددون و عیراقیە لە دەرەوەی پەرلەمانـــن و نایەنە ژوورەوە، بۆیە مالکی و حکومەتی عیراق هەوڵ دەدەن ئەم کێشـــانە چارەسەر بکەن و نەرمییەك بنوێنن، بەڵام نەك بەم شـــێوەیە کە دوور بێت لە بواری یاسایی و دەستووری و مافی کوردی تێدا پێشـــێل بکرێت،هەر بۆیە کۆنگرەی رۆژنامەنووسیی هاوبەشمان لـــە پەرلەمانی عیراق بـــە ئامادەبوونی هەموو ســـەرۆك کوتلەکان و پەرلەمانتاران سازکردو بە راشـــکاوی پێداگریی خۆمان لەسەر کێشە نیشتمانی و نەتەوەییەکان دووپات کردەوەو بەردەوامیش دەبین لەسەر ئەم هەڵوێستە تاکو داواکارییەکانی گەلی کوردستان جێ بەجێ دەکرێن.

# چۆن یاخیبوون گەڕایەوە ئەنبار؟



دەیڤید رۆمانۆ*

کاتێك ئەمریکا لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠١١دا هێزەکانی لە عێراق کشاندەوە، ئەوا بەغدایان بۆ بەرپرسیاریێتی وڵاتێك جێهێشت کە تا رادەیەکی ماقوڵ سەقامگیر بوو. لە ساڵی ٢٠١٠دا و بەهۆی توندوتیژی سیاسییەوە نزیکەی ٤،١٠٩ کەس لە عێراقدا کوژران. ژمارەی کوژراوەکان بۆ ساڵی ٢٠١١ (٤،١٤٧) کەس و بۆ ساڵی ٢٠١٢(٤،٥٧٤) کەس. ئەگەرچی ئەم ژمارانە جێی نیگەرانین و هەر حاڵەتێکی کوژرانیش مایەی کارەساتە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە بەپێی سایتی Iraqbodycount.org، رێژەی کوژراوان بەهۆی یاخیبوونەوە زیاتر بوو لە ٢٩،٠٠٠ کەس لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٥،٨١٣ کەس لە ساڵی ٢٠٠٧دا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ساڵی ٢٠١٣دا، رێژەی کوژراوەکان پاشەکشەی کرد- - نزیکەی ١٠،٠٠٠ کەس لەو ساڵەدا. پێدەچێت ئەو قەسابخانەیەی کە لە ساڵی ٢٠١٤دا هاتۆتە ئاراوە ببێتەهۆی ئەوەی ژمارەکە لەو ژمارەیە تێپەڕببێت، ئەویش بەهۆی ئەو شەڕەی لە دەوروبەری فەللوجە و روممادی و ناوچەکانی دیکەی روودەدەن کە ناوچەی سوننەنشینن لە عێراقدا.

ئایا چی روویدا؟ کاتێك ئەمریکا عێراقی جێهێشت، بە دەیان هەزار سەربازی عێراقی مەشقێکی پیشکەوتوویان پێکرا لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە لە عێراق و ئەردەندا، و بودجەی بەغدا لە رەوشێکی باشتردابوو وەك لە بودجەی واشنتۆن. بەدەستهێنانی داهاتی نەوت بە بەردەوامی مژدەی دەستەبەرکردنی داراییەکی زۆری هەڵگرتبوو بۆ هەر پرۆژەیەك کە پێویست بێت لە عێراقدا جێبەجێ بکرێت. لە کۆتاییدا، هەڵبژاردنەکانی ئازاری ساڵی ٢٠١٠ لە عێراق سەریان کێشا بۆ حکومەتی یەکێتی نیشتمانی، کە لیستی دەوڵەتی یاسایی بە سەرۆکایەتی نوری ئەل مالیکی، و لیستی ئەل عێراقیەی ئەیاد عەللاوی، و هاوپەیمانی کوردستانی، بزووتنەوەی سەدریەکانی موقتەدا ئەل سەدر و ئەوانی دیکەی کۆکردەوە. کاتێك زۆر شتێك لە بەرژەوەندی وڵاتەکەدا بوو و کاتێك هاوپەیمانییەکی حکومڕان لە هەموو گروپە سیاسیە گرنگەکانی عێراق پێکهاتبوو، چۆن ناسەقامگیری دەتوانێت شێوەیەی ئێستا بگەڕێتەوە؟

بەشێکی ئۆباڵی گەڕانەوەی ئەو توندوتیژییە سیاسییە سەختە بۆ عێراق دەکەوێتە ئەستۆی ئەو شەڕە ناوخۆییەی لە وڵاتی دراوسێی سوریادا لە ئارادایە. هەر لە ئازاری ساڵی ٢٠١١وە، بەرهەڵستی عەرەبی سوننە دژ بە رژێمەکەی ئەسەد سوریای کردە گێژاوی نائارامی و شەڕێکی پڕ لە پشێوی. ناسەقامگیریش رێگای پەڕینەوە و پەلکێشانی خۆی هەیە لەم بارودۆخانەدا، بە تایبەتی کاتێك عەرەبە سوننەکانی عێراق خاڵی هاوبەشی زۆریان هەیە لەگەڵ براکانیان لە دەوڵەتە دراوسێکەدا.

* مانگی جارێک تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

لەگەڵ ئەوەشدا، نابێت ئۆباڵێکی زۆر بخەینە ئەستۆی شەڕەکەی سوریا بۆ ئەوەی لە عێراقدا ڕوودەدات. زۆرێك لە جیهادیستەکان لە عێراقدا وڵاتەکەیان جێهێشت بۆ ئەوەی پەیوەندی بەو شەڕەوە بکەن کە لە دەوڵەتی دراوسێیاندا بەرپابووە، کە ژمارەیەکی زۆریان لە شەڕەکەدا کوژران. ئەردەن، و تورکیا و ئیسرائیلیش سنوریان هەیە لەگەڵ سوریادا، بەڵام هیچ یەکێك لەم وڵاتانە ناکۆکیەکی ناوخۆیی ئاست بەرزیان بەخۆوە نەبینی لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆیی دەوڵەتە دراوسێکەیان. تەنها لوبنان، کە هاوشانی عێراق، وڵاتێکی زۆر دابەشبووە، لە دۆخێکدا خۆی بینیوە کە ناسەقامگیریەکی ڕوو لە زیاد بەخۆوە ببینێت دوای ئەوەی بزووتنەوەی حزبوڵڵای لوبنانی پەرۆشانە دەستی بە شەڕکردن کرد لەبری ڕژێمەکەی ئەسەد. هەروەها حکومەتی لوبنان هەمان هێزی سەربازی عێراقی نییە، و سەلماندی کە توانای ئەوەی نییە ڕێگری بکات لە شەڕکردنی عەلەویەکان و سوننەکانی لوبنان لە تەرابلوس.

لە ڕاستیدا دەکرێت بەشێکی گەورەتری ئۆباڵی سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی لە عێراقدا لە ناو عێراق خۆیدا بدۆزرێتەوە. کارەکانی بەڕێز مالیکی لە دوای دانیشتنی حکومەتە نوێیەکەی لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٠دا ئەو تەنگژەیەی هێنایەئاراوە کە وڵاتەکە خۆی تێدا دەبینێتەوە کە تەنگژەیەکە بەرەو خراپتر دەچێت. لە هەمووشی گرنگتر، بەڕێز مالیکی ئیلیتزاماتەکانی خۆی پێشێلکرد کە بەپێی ڕێککەوتنەکەی هەولێری ساڵی ٢٠١٠ دەبوو جێبەجێیان بکات- - کە لە کۆتاییدا ئەم –ڕێککەوتنە- بووەهۆی ئەوەی پشتیوانی کوردەکان بە دەست بهێنێت، لەگەڵ ڕازیبوونی عەرەبە سوننە ڕق لە دڵەکان، بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ. بەڵێنە شکێنراوەکانی مالیکی بۆ عەرەبی سوننە، و کورد و ژمارەیەك لە گروپە عێراقیەکانی دەرەوەی پارتە سیاسییەکەی، لە بارەی کۆمەڵێك پرسی پەیوەست بە دابەشکردنی دەسەڵات و دەستورەوە، بوونەهۆی زیادبوونی موعارەزە بۆ حکومەتەکەی.

پێویستە ئەوەمان لە یاد بێت کە حکومەتەکەی بەڕێز مالیکی نەك هەر تەنها بەڵێنەکانی شکاند لە ئاست کوردەکاندا لەبارەی کۆمەڵێك کێشەوە، و وەرزێکی نوێی بە ڕووی سەرکردە سوننەکاندا کردەوە وەك تاریق ئەل هاشمی، ساڵح موتڵەگ (بۆ ماوەیەك)، رافیع ئەل عیساوی و تەنانەت خۆپیشاندەرە سوننە ئاساییەکانیش. ئەنجومەنەکانی بێداربوونەوەی سوننە، سەحوە، کە هاوکاری ئەمریکایان کرد بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەنبار، سەلاحەددین، نەینەوا، دیالە و تەنانەت بەغداش لە ساڵی ٢٠٠٧دا، بەڵام بەشێکی زۆری ئەم بەرنامەیە پەکی کەوت کاتێك جڵەوی جێبەجێکردنەکەی کەوتە دەستی حکومەتەکەی مالیکی. واتە لەبری ئەوەی ئاوێتە بکرێن لە سیستمی ئەمنی عێراقدا، کار و پێگەکانیان لەدەستداو و لە هەمان کاتدا سەرکردەکانیان دووچاری دورخستنەوەی سیاسی هاتن لەو –حکومەتەی- پێی دەووترێت « حکومەتی یەککگرتوو.» لە هەر دە کەسێکی زیندانیکراو لە عێراقدا نۆیان عەرەبی سوننەن، کە ڕێژەی- عەرەبی سوننەش- لە سەدا بیستی دانیشتوانی وڵاتەکەیە.

لە هەمان کاتدا، زۆرێك لە پارێزگاکان بەڵێنی شکێنراویان لە بەغداوە بینی. ٣٠ ملیار دۆلار بۆ تۆڕی کارەبا «خەرجکرا»، بەڵام هێشتا کارەبایەکی ئەوتۆ دابین نەکراوە. هێشتا سەرجەم خزمەتگوزاریەکانی دیکەی حکومەت کە بەڵێنی دابینکردنیان دراوە بۆ زۆربەی خەڵکە ئاساییەکە دەستەبەرنەکراون. تەنانەت ئەو بەڵێنەی بەم دواییە درا بە پێدانی ٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوت بە پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان، کە بەم دواییە لە پەرلەمانی عێراق تێپەڕێنرا، بە شێوەیەك لە شێوەکان کرایەوە بە ١ دۆلارەکە کە لە پرۆژە بودجەی مالیکی لە کانونی یەکەمدا هاتبوو کە ئامادەکرابوو بۆ بودجەی عێراقی ساڵی ٢٠١٤. لە ساڵی ٢٠١١ و ٢٠١٢دا، تەنانەت بەڕێز مالیکی بە دروستکردنی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە هەڕەشەی بەرپاکردنی توندوتیژی کرد لە نێوان کورد و حکومەتەکەیدا، کە ئەم هێزە نوێیە جوڵەی پێکرا بۆ ئەوەی هەوڵی ناچارکردنی پێشمەرگە بدات لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دوورکەوێتەوە. ئەمەش لەبری چارەسەرکردنی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە پێی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، کە مالیکی لە ڕێککەوتنی هەولێری ٢٠١٠دا بەڵێنیدا ئەم کارە بکات، بەو پێیە-ئەم هێزە- هێزێکی سەربازی نادەستووریە و ڕاستەوخۆ لەبەردەم خۆیدا بەرپرسیارە (کە فەرماندەکەی لەلایەن پەرلەمانەوە دانەمەزرێنرا کە بە گوێرەی یاسا دەبێت وابێت) و بەردەوام بوو لە ڕەوانەکردنی بۆ کوردستان. ئەوە تەنها ڕوودانی خۆپیشاندانەکان بوو لە بەشە عەرەبیە سوننەکەی عێراقدا، لەگەڵ بڕیاری مالیکی بۆ ئەوەی بە زەبری هێز خۆپیشاندەران سەرکوت بکرێت، کە هێزی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلەی ناچارکرد دەست لە ڕووبەڕووبونەوەی کورد هەڵبگرن و ڕووبکەنە ناوچەکانی سلێمان بەگ.

بە دڵنیاییەوە بەڕێز مالیکی و حکومەتەکەی هۆکاری خۆیان هەیە بۆ گرتنەبەری سیاسەتەکانیان، و بانگەشەی ئەوە دەکەن کار بۆ بەرژەوەندیی عێراقیەکان دەکەن. تەنانەت وا دەردەکەوێت ڕوونکردنەوەکانیان بە ئەندازەیەکی دیاریکراو ڕوونکردنەوەی باش بن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر هەڵسەنگاندنێك بۆ بژاردە هەر گرنگەکان بکەین کە حکومەتی مالیکی لە ساڵی ٢٠١٠وە گرتوونیەتیەبەر، ئەوا پێدەچێت زەحمەتە بێت کە بژاردەیەکی لەمە باشتر هەبێت بۆ هێنانەئارای نائارامی و توندوتیژیەکی سەخت لە عێراقدا.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزوری**

**بەشێکی ئۆباڵی گەڕانەوەی ئەو توندوتیژیە سیاسیە سەختە بۆ عێراق دەکەوێتە ئەستۆی ئەو شەڕە ناوخۆییەی لە وڵاتی دراوسێی سوریادا لە ئارادایە**

**ئەگەر هەڵسەنگاندنێک بۆ بژاردە هەر گرنگەکان بکەین کە حکومەتی مالیکی لە ساڵی ٢٠١٠وە گرتوونیەتیەبەر، ئەوا پێدەچێت زەحمەتە بێت کە بژاردەیەکی لەمە باشتر هەبێت بۆ هێنانەئارای نائارامی و توندوتیژیەکی سەخت لە عێراقدا**

# بێ سەرو بەریی سیاسەتی ئابووریی لە عیراقی فیدراڵدا



کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسینی

لە ئێستادا گەلی عیراق لە هەموو بوارەکانی ژیانیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و رۆشنبیری و ژینگەو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی رووبەڕووی چەندین کێشەو گرفت بۆتەوە،هەروەها لە رووی پەیوەندییەکانی ناوخۆی نێوان حکومەتی فیدرال ونێوان هەرێمی کوردستان هاوکات لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکانی دیکەی عیراق.هاوکات لە پەیوەندییەکانی دەرەوە لەسەر هەردوو ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی،کە بەردەوام لە هەڵکشان و گرژیدایە.لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی عیراق دووچاری تەڵەیەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی ترسناك بۆتەوە لە لایەن تاقمی حوکمڕان کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت باکیان بە ئێش و ئازاری میللەت نییە،بە شێوەیەك کە لە هەموو روویەکەوە کارەسات دوای کارەسات رووبەڕووی ئەو خەڵکە بەش مەینەتە دەبێتەوە، تەنانەت تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە ژیانی ئاساییان لێ بۆتە دۆزەخ و حکومەتیش توانای بیرکردنەوەی سەربەخۆی نەماوەو بەرپرسانیش دەستبەرداری بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان نابن و ئاوڕ لە گوزەرانی هاووڵاتیان نادەنەوە.

ئەو سیاسەتەی کە لە ئێستادا حکومەتی فیدراڵ پیادەی دەکات،تەنیا بەوە وەسف ناکرێت کە سیاسەتێکی هەڵەیە و بەس، بەڵکو سیاسەتێکی تا بڵێی چەوت و تاکرەوەو تژییە لە هەڵەو کەموکورتی،ئەوە وێڕای ئەوەی کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی باڵای عیراق و سەروەری و سەربەخۆیی ئەو وڵاتە یەك ناگرێتەوە و رۆڵی خراپیش دەبینێ لە نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی و هزریی و سیاسی.ئەو سیاسەتە ناسنامەی ئازادی و یەکسانبوونی هاووڵاتیبوون دەشێوێنێت و لەکەداری دەکات،کە ئەمەش فاکتەرێکە بۆ هاتنەکایەی دووبەرەکی و ململانێی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە،دیارە سیاسەتی (پەرت کە و زاڵ بە) کە کۆلۆنیالیستەکان بۆ دەیان ساڵ لە عیراق و هەموو ئەو دەوڵەتانەی دەستیان بەسەردا گرتبوو پەیڕەویان کرد،لە رێی کودەتاگەلی سەربازییەوە یان داگیرکاریی ئەمریکی و میتۆدی لیبرالیەتی تازەوە گەیشتۆتە تاقمە فەرمانڕەواکەی عیراق تاکو بۆ ماوەیەکی زۆر پارێزگاری لە کورسیی حوکمیان بکەن،چونکە هەندێ لەوانە پێیان وایە کە مادامەکی لە چاوقوچانێکدا دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست بۆیە هەر دەبێ بۆ ماوەیەکی زۆر بمێننەوە هەتا ئەگەر وڵات پڕیش بێت لە گۆڕستانی بە کۆمەڵ، ئەمە لەسەردەمی بەعس روویدا کە دەیانگوت: (( هاتووین تاکو بمێنینەوە))بەڵام ئەوانەی ئێستا دەڵێن(( وەرمانگرت و نایدەینەوە بە کەس))ئەمە زمانی کەسانی ستەمکارو دژ بە دیموکراسییەت و مافی هاووڵاتیبوون و مرۆڤ و سەرجەم کۆمەڵگەیە.ئەو عیراقەی ئێستاش تەنیا بەدەست تایفییەتی حوکمڕانەوە ناناڵێنێت بەڵکو بەدەست چالاکیی هێزەکانی تیرۆرو تەکفیرییە خوێنڕێژەکانەوە گیری خواردووە کە هەردەم نایەنەوێت ئەم وڵاتە سەقامگیر و ئارام بێت و پەرەبسێنێت،بۆیە ئەم میللەتە کەوتۆتە نێوان بەرداشی تیرۆری خوێناوی و تایفەگەریی دووبەرەکییەوە،ئەمە وێڕای دەستتێوەردانی دەرەکی کە بە هەموو شێوەیەك کاریگەرییان بۆ سەر سەقامگیری و سەربەخۆیی وڵاتەوە هەیە.

جا ئەگەر گەلی عیراق بەدەست سیاسەتی دژ بە دیموکراسییەوە بناڵێنێت کە رژێمی ئێستای تایفی پەیڕەوەی دەکات، هەروەها گرفتارە بەدەست ئەو بارودۆخە شلۆقەی ئەمنی وڵات کە تیرۆریستان بە هەموو رێگەیەك هەوڵی لەباربردنی کایەکانی

پێشکەوتن و داهات و بنەما ئابوورییەکانی دەدەن، ئەوا سیاسەتی ئابووریی ئەو حکومەتە زیاتر کوێرەوەری و نەهامەتی پێوە دیارەو بێ سەروبەرییش لە بەهەدەردانی سامانی دارایی تا رادەیەکی زۆر پەرەی سەندووە،بۆیە ئێمە لەبەردەم واقعێکی گرژو هەڵکشاوی دواکەوتوویی و شێواوی داین،ئابووریناسانی عیراق قسە لە هۆکارەکان و چۆنێتیی رزگاربوون لەو قەیرانە دەکەن،کە ئەمەش بێگومان ئەرکێکی زۆر پێویستە،بەڵام کەموکورتییەکە لەوەدایە کە هەندێ کەس بەو چاوە سەیری رەوشە ئابوورییەکە دەکەن،نایانەوێ ئەمە بە دەرهاویشتەی لۆژیکێکی واقیعی سیاسی و ستراکچەری دەسەڵاتدارانی تایفی لەقەڵەم بدەن،ئەو هزرە دواکەوتووەی کە سیاسەتی ئەم وڵاتە بەڕێوەی دەبات سروشت و ڕێڕەوی ئەو قەیران و کێشە ئابووریانەی عیراق دیاری دەکات،ئەمەش بەبێ هیچ گومانێك مانای وایە کە گۆڕانکاریی ئابووریی عیراق راستەوخۆ پەیوەستە بە گۆڕانکاریی سیاسی کە خەڵکەکە بە ئاواتی دەخوازێت تاکو لە لایەکەوە لە تایەفەگەری لە هەر بەرگێکدا بن رزگاریان بێت، هاوکات لە تیرۆری خوێناوی و تەکفیری کە هێزگەلێکی تایفی و تیرۆریستیی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەڕێوەی دەبات لە لایەکی دیکەوە.

هەموو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بەر لە گەیشتنی بۆ دەسەڵات باسیان لە ستەمکاری و دژواریی و سەرکوتکردن و نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دواکەوتوویی ئابووری دەکرد،بۆیە پرسیارەکە بەم شێوەیەیە: ئایا ئەم هێزانە بۆچوونی خۆیان بەرامبەر ئەو سیاسەتە گۆڕیوە کە لەسەردەمی رژێمی پێشوو دژی وەستابوونەوە، یان درێژەپێدەری هەمان سیاسەتن، بەتایبەتیش لە نەبوونی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و شێوانی ئابووریی عیراق؟ با وەڵامی ئەم پرسیارە لە بەدواداچوونی گفتوگۆی شارەزایانی ئابووری و دارایی عیراقەوە ببیستین لە میانی کۆڕێکدا کە پەیمانگای پەرەپێدان و پێشکەوتن سازی کرد: دکتۆر مەهدی حافز سەرۆکی پەیمانگاکە و وەزیری پێشووتری پلان لەم رووەوە دەڵێت: لەوەتەی ئەو گۆڕانکارییەی لە عیراق روویدا و بووە هۆی گۆڕینی رژێمی سیاسیی کۆن بە رژێمێکی تازە، بەداخەوە نیشانەو ئاکارەکانی کۆنی بنیاتنانی ئابووری هەر وەکو خۆی ماوەتەوە،تەنانەت لە هەندێ لایەندا ئاڵۆزترو خراپتر بووە، دیارە رۆڵی نەوتیش زیاتر زیانی لە پلەبەندی داهاتی دارایی وپەرەپێدانی ئابووری داوە.

رۆڵی زیانەکانی نەوت لەم رووەوە لەبەر چەند هۆکارێکە کە ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین:

١- زیاد بەرهەمهێنان بێ ئەوەی عیراق بتوانێت ئەم داهاتە لە پەرەپێدانی ئابووری بەکاربێنێت بەهۆی نەبوونی توانای کارگێری و تەکنیکی .

٢- بوونی ئەو داهاتە گەورەیە وا لە عیراق دەکات کە لە پەرەپێدانی کردارەکیی کە عیراق پێویستییەتی دوور بکەوێتەوە،کە بریتییە لە پەرەپێدانی پیشەسازی و مۆدێرنگەریی کشتوکاڵ و دواتر سەرهەڵدانی دواکەوتوویی و تێکچوونی بنیادیی ئابووریی عیراق.

٣- بێ توانایی عیراق لە دەستەبەرکردنی هەلی تازەی کار لە رووی زیادەی ساڵانەی ئەوانەی دێنە نێو بازاڕی کارەوە لە عیراق لەبەر نەبوونی پەرەپێدانی نیشتمانی.

٤- خۆدەرخستنی زیاتر لەسەر ئاستی دەرەوە کە پاشکۆیەتی و کورتهێنان توندتر دەکات لە رووبەڕووبوونەوەی هەر رەوشێکی سیاسی کە هاوتایە لەگەڵ رەتکردنەوەی گەمارۆی ئابووری سەپێنراو بەسەر عیراق،بەم شێوەیە نرخی هاوردەکانی عیراق لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣ وە تاکو ساڵی ٢٠١٣ بەم شێوەیە زیادی کردووە: قەبارەی هاوردە لە ٢٠٠٣ لە نزیکەی ٩،٦ملیار دۆلارەوە بۆ زیاتر لە ٥٨ ملیار دۆلار لە ٢٠١٠ بەرز بووەوە،هەروەها لە ٦٤ ملیار دۆلارەوە لە ٢٠١١ بۆ ٧٥،٢ لە ساڵی ٢٠١٢ بەرزبووەوە،کە هاوردەیی حکومی و تایبەت و خزمەتگوزاریی دەگرێتەوە.

٥- هەڵکشانی حاڵەتی گەندەڵیی دارایی کە رووبەڕووی سامان و دارایی گشتی بۆتەوە لە ئەنجامی زیاد دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی خاو،لەم رووەوە رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی ئاماژە دەکات بۆ عیراق کە یەکێکە لە چوار دەوڵەتی پلەبەندیی گەندەڵی دارایی لەسەر ئاستی جیهان.هەروەها لەدەستدانی ئەم سامانە و بەم حاڵەتەی ئێستا نەوەی عیراق لە داهاتی سامانی نەوت بێ بەش دەکات.،

لە راپۆرتی پەیمانگاکەشدا هاتووە کە دکتۆر ماجد صوری جەخت لە واقعی شەرمەزاری کەرتی بانکیی عیراق دەکاتەوە،هەروەها ئەو کێشانەی بەرەورِوویان دەبێتەوەو پێویستی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە هەیکەلبەند و چالاکیی سیستەمی بانکیی عیراقی بە دوو ئاراستە:چاکسازیی یاسایی کەرتی بانکی دەبێتە هۆی چاککردنی ئەدای بانکەکانی عیراق و ناوبانگیان لەسەر هەر دوو ئاستی ناوخۆیی و جیهانی. بەڵام کار بۆ ئەکتیڤکردنی رۆڵی ئابووری ئەو بانکانە ناکات،مەگەر هەمووارکاریی پێویست لە یاسای بانکەکاندا بکرێت کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئابووریی عیراق بگونجێت،هەروەها داوای جیاکردنەوە دەکات لە نێوان چالاکیی بانکەکان لەسەر بنەمای ئەو ئامانجانەی کە لە پێناویدا دامەزراون و دیاریکردنی بوارەکانی کارکردنیان، بەپێی پێویستییەکانی قۆناغەکە بەم پێیەی کە بانکی بازرگانین و چالاکیی بانکایەتیی بانکەکانی وەبەرهێنان لەئەستۆ دەگرن.

ئابووریناسان چاك دەزانن کە سیاسەتی دارایی بە سیاسەتی دراویشەوە، بریتییە لە ئامرازێکی جێبەجێکاری سیاسەتی ئابووری،جا لەبەر ئەوەی کە سیاسەتی ئابووری دووچاری نەبوونی هەر ستراتیژیەتێکی پەرەپێدانی ئابووری بۆتەوە لە وڵاتدا، بۆیە ئەم واقیعە رەنگدانەوەی بۆ سەر سیاسەتی دارایی و بانکی دەبێت کە بە شێوەیەکی وردو لە کۆڕەکەدا دەست نیشان کرا،کاتێ دکتۆر مەزهەر محەمەد ساڵح ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت: پرۆژەی هەیکەلبەندیی بانکەکان لەبەر هۆگەلێکی نادیار شکستی هێنا، بانکە ئەهلییەکانیش بە چەندین سیستەم و یاساگەلێکی کۆن گەمارۆدراون و چاودێریش هیچ بایەخ و بەهایەکی نییە،چونکە بازاڕەکانی حکومی لەگەڵ بازاڕەکانی تایبەت یەکانگیر نین،هەروەها چەکەکانی بانکە تایبەتییەکان لای حکومییەکان پەسند نین، ئەمەش وای کرد لێکترازانێك لە ناو بازاڕدا سەر هەڵبدات و پارەو سەرمایەی وڵات بەرەو دەرەوەی عیراق ببرێت.

ئەمرۆ عیراق بەدەست چەندین گرفتەوە دەناڵێنێت، مەترسیدارترینیان گرفتی سیاسییە کە دەرئەنجامی ترسناکی بۆ سەر هەموو کایەکانی وڵاتی لێ دەکەوێتەوە،ئەویش خۆی لە سیاسەتی تایەفەگەری و پشکایەتیی و ململانێی بەردەوامی دەسەڵات و دارایی هەژموونی کۆمەڵایەتی و پلەو پایەی دەبینێتەوە، لە جیاتی دامەزراندنی حوکمێك لەسەر بنەمای ئازادی و دیموکراسی و مافی هاووڵاتیبوون و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

**گەلی عیراق بەدەست سیاسەتی دژ بە دیموکراسییەوە دەناڵێنێت کە رژێمی ئێستا پەیڕەوەی دەکات و گرفتاریشە بەدەست ئەو بارودۆخە شلۆقەی ئەمنی کە تیرۆریستان بە هەموو رێگەیەک هەوڵی لەباربردنی کایەکانی پێشکەوتن و داهات و بنەما ئابوورییەکانی دەدەن**

**رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی ئاماژە دەکات بۆ عیراق کە یەکێکە لە چوار دەوڵەتی پلەبەندیی گەندەڵی دارایی لەسەر ئاستی جیهان**

**لەبەر ئەوەی سیاسەتی ئابووری دووچاری نەبوونی هەر ستراتیژیەتێکی پەرەپێدانی ئابووری بۆتەوە لە وڵاتدا، بۆیە ئەم واقیعە رەنگدانەوەی بۆ سەر سیاسەتی دارایی و بانکی دەبێت**



### تاچەند ژمارەکان لەدوای ژنێڤەوە ریز دەبن

# چارەسەری سیاسیی بۆ تەنگژەی سوریا خۆهەڵخەڵەتاندنە



پرۆفیسۆر ئارام نێرگوزیان توێژەری باڵا لەسەنتەری ستراتیژیی دیراساتی نێودەوڵەتی (CSIS) و تایبەتمەند لە تەنگژەی سوریا لە وتوێژێکی تایبەتی گوڵاندا کە لەگەڵ ئەم راپۆرتە بڵاودەکرێتەوە، سەبارەت بە کۆنگرەی ژنێف ۲ ئاماژەی بەوەکرد نابێت چاوەڕێی ئەوە بین ژمارەکانی دوای دانوستانەکانی ژنێف دەگەنە چەند، لەبەر ئەوەی هەردوو لایەنی دانوستاندکار واتە رژێمی ئەسەد و ئۆپوزسیۆن زەمینەی هاوبەشیان بۆ رێککەوتنی سیاسیی نییەو ئەوانەشی سەرپەرشتی ئەم دانوستاندنە دەکەن ئیرادەی تەواویان بەسەر بارودۆخی ناو واقیعی ئێستای سوریا نییە، هەر سەبارەت بەم لایەنە نەبوونی ئیرادە و نیەت بۆ چارەسەری سیاسی و ئاشتیانە لەلایەن رژێمی ئەسەدەوە، رۆژنامەی شەرقولئەوسەتی لەندەنی دوای تەواو بوونی کۆنگرەی ژنیف بەپشت بەستن بەسەرچاوەی مەرسەدی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ لە لەندەن بڵاوی کردۆتەوە، لەماوەی دانوستاندنەکانی ژنیف۲، لەنێوان رژێمی ئەسەد و چەکدارانی سوریا ۱۸۷۰ کەس کوژراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەو ساتانەی کە شاندی رژێم و ئۆپۆزسیۆن لە ژنیف دانوستاندیان کردووە لەناو سوریا شەڕێکی خوێناوی بەڕێوەچووە، کەواتە ئەم واقیعەی ناو سوریا و لێکتێنەگەیشتن لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و رژێمی ئەسەد، ئەوە پشاندەدا، کە نە رژێمی ئەسەد و نە ئۆپۆزسیۆن بیر لە ئایندەی سوریا و خەڵکەکەی ناکانەوە و ئەوان هەردوولایان لە چوونیان بۆ کۆنگرەی ژنیف ۲ ئامانجی تایبەتی خۆیان هەبووە، هەندێك لە چاودێران وای دەبینین کە چوونی شاندی ئۆپۆزسیۆن و شاندی رژێمی ئەسەد بۆ کۆنگرەی ژنیف دوو لەبەر ئەم دووخاڵە بووە:

١. ئامادەبوونی شاندی رژێمی ئەسەد بۆ کۆنگرەکە بۆ پیشاندانی ئەوەبوو ئێستاش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەم رژێمە شەرعیەتی ماوە و وەك دەوڵەتێکی خاوەنی شەرعیەتی نێودەوڵەتی بوونی هەیە.

٢. ئامانجی شاندی ئۆپۆزسیۆنیش بۆ ئەوە بوو کە رژێمی ئەسەد لەبەر چاوی جیهان دان بەوەدا بنێت، لە سوریا ئۆپۆزسیۆن هەیە، لەبەر ئەوەی رژێمی ئەسەد پێشتر ئۆپۆزسیۆنی بە یاخیبوو و تیرۆریست وەسف دەکرد و لە باشترین حاڵەتدا پێی دەگووتن ئەوانەی بەخۆیان دەڵێن ( ئۆپۆزسیۆن).

ئەگەر ورد سەرنج لەم دوو ئامانجە بدەین و بەراوردیك لەسەر واقیعی ناو سوریا بکەین، ئەوا بەپێی ئامارەکان نزیکەی ٢,٥- ٣ ملیۆن هاووڵاتی سوری ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون، بەپێی لێدوانی نەتەوەیەکگرتووەکانیش نزیکەی ١٠ ملیۆن هاووڵاتی سوریا لە ناوەوە و دەرەوە پێویستیان بەوەیە هاوکاریی مرۆییان پێ بگەیەنرێت، لەم بارودۆخەدا کە نزیکەی ٥٠٪ هاوڵاتیانی سوریا پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی بێت، زیاتر ٢٥٪ هاووڵاتیانی سوریا ببوونە ئاوارە لە ناوەوە و لەدەرەوەی وڵات، لە هەمانکاتدا بەیانی کۆتایی کۆنگرەکەش ئاماژە بەوە بکات کە هیچ بەرەو پێشەوە چوونێك رووینەدابێت، ئەمە مانای ئەوەیە زۆر زەحمەتە هەفتەی داهاتوو واتە لە ٢٠١٤/٢/١٠ جارێکی دیکە درێژە بە دانوستانەکان بدەنەوە و بەرەو پێشەوەچوون رووبدات.

## ئاکامەکانی کۆنگرەی ژنیف٢

ئەوەی چاودێران لەسەر ئاکامی کۆنگرەی ژنیف ٢ ئاماژەی پێدەکەن، بێجگە لەوەی کە هەردوولا ئۆپۆزسیۆن و رژێمی ئەسەد ویستوویانە نمایشی سیاسی خۆیان بکەن، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە د.عومەر عیمادی تایبەتمەند لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و توێژەر لەسەنتەر دیراساتی سوریا لە زانکۆ سات ئەندریۆس لە بەریتانیا کرد و ئەویش لەوەڵامی گوڵاندا سەبارەت بە ئاکامی کۆنگرەی ژنیف٢ بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن:

(دوو شێواز هەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئاکامی کۆنگرەی ژنیف ٢. یەکەمیان ئەوەیە کە ئەوەی لە ڕواڵەتدا دەردەکەوێت مایەی ڕەشبینییە، لەبەر ئەوەی هیچ شتێکی بەرچاو بەدەست نەهاتووە و هەروەك ئەخزەر ئیبراهیمی سەرنجیدا، کەلێنی نێوان هەردوو لایەنەکە زۆر بەرفراوانە. شێوازی دووەم، کە من لەگەڵیدام، ئەوەیە کە تەنها ئەو ڕاستیەی ژنێف ٢ ڕوویدا خۆی لە

**ئەوەی جۆرێک لە نائومێدی سەبارەت بە ئاکامی ئەم کۆنگرەیە پیشاندەدات، ئەوەیە لەلایەک رژێمی سوریا دوورخستنەوەی ئەسەد لە دەسەڵات بە خەتی سوور دەزانێت و لەلایەکی دیکە ئۆپۆزسیۆن نەمانی ئەسەد بە هەنگاوی یەکەم دەزانێت**

**تەنها ئەو ڕاستییەی ژنێڤ ٢ ڕوویدا خۆی لە خۆیدا ڕووداوێکی گرنگە. بۆ یەکەم جارە لە ماوەی سێ ساڵدا نوێنەرانی حکومەتی سوریا لە یەک ژووردا لەگەڵ نوێنەرانی هاوپەیمانێتی- نیشتیمانی سوریا- دابنیشن**

**تاوەکو گۆڕانگاریی گرنگ لە هاوسەنگی هێز لە سەر ئەرزی واقیع لە سوریادا نەیەتەئاراوە، ئەوا پێناچێت جیهانی دەرەوە کارێکی زۆریان لە دەست بێت**

**هیچ چارەسەرێک نایەتە ئاراوە تاوەکو لایەنەکانی سوریا گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا نەکەن و سەرکەوتنەکەش دەوەستێتە سەر هێزی ئەو لایەنانە**

خۆیدا ڕووداوێکی گرنگە. بۆ یەکەمجارە لە ماوەی سێ ساڵدا نوێنەرانی حکومەتی سوری لە یەك ژووردا لەگەڵ نوێنەرانی هاوپەیمانێتی-نیشتیمانی سوری- دابنیشن و گفتوگۆ لەسەر پرسە مرۆییەکان و حکومەتی ئینیتقالی و تیرۆریزم بکەن. ئەوە ڕاستە کە لە گەڕی یەکەمی دانیشتنەکاندا لەسەر چەند خاڵێکی دیاریکراو ڕێك نەکەوتوون، بەڵام گەڕی دووەمی دانیشتنەکان لە ماوەی هەفتەیەکی دیکەدا دەستپێدەکات. لەم کاتەدا، تیمی موعارەزەی سوری بانگهێشتکراون بۆ مۆسکۆ. پێدەچێت» تێگەیشتنێك» لەنێوان ئەمەریکا و روسەکاندا هەبێت کە لە تەمموزی ٢٠١٤دا (کاتێك خولی دووەمی سەرۆکایەتی ئەسەد کۆتایی دێت) بناغەی چارەسەرێکی سیاسی لە ئارادابێت. بە کورتی، هێشتا زۆر زووە بڵێین ئەم گفتوگۆیانە بە تەواوەتی شکستیان هێناوە)).

ئەوەی جۆرێك لە نائومێدی سەبارەت بە ئاکامی ئەم کۆنگرەیە پیشاندەدات، ئەوەیە لەلایەك رژێمی سوریا دوورخستنەوەی ئەسەد لە دەسەڵات بە خەتی سوور دەزانیت و لەلایەکی دیکەوە ئۆپۆزسیۆن نەمانی ئەسەد بە هەنگاوی یەکەم دەزانێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت هەردوو تەفسیری جیاوازیان بۆ ناوەڕۆکی کۆنگرەی ژنیف یەك هەبێت، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای کۆنگرەی ژنیف یەك کۆنگرەی ژنیف ٢ گرێدراوە، سەبارەت بەم لایەنە د.عومەر عیمادی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گولان گوتی: (بەیانی ژنێڤی یەکەم بە ڕوونی ئەوەی تێدا هاتووە کە بە ڕەزامەندی هەردوولا دەستەیەکی حکومڕانی کاتی پێکبهێنرێت کە هەموو دەسەڵاتێکی جێبەجێکردنی هەبێت( لە نێویاندا بەرگری و ئاسایش). ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە ئەو دەستە ئینتیقالیە هیچ کەسێك لە خۆناگرێت کە موعارەزە ڕازی نەبێت لەسەری، هەروەها هیچ کەسێکیش لە خۆناگرێت کە حکومەتی سوریا ڕەزامەندی لەسەر نەبێت. ئەمە تەنها چوارچێوەیەکی ڕاستەقینەیە کە لەلایەن ئەمەریکا و روسیاوە پشتیوانی لێدەکرێت. هەموو شتەکانی دیکە، لە نێویاندا لێدوانی کێری و ئەوانی دیکە پتر گوزارشت لە هەڵوێستێك دەکەن نەك لە نیازی گۆڕینی واقیعەکە لەسەر زەوی. لەم ساتەوەختەدا، ناکرێت نە ئەمەریکا و نە ئەوانی دیکە وا وەسف بکەین کە بە جیددی هەوڵی ئەوە دەدەن ئەسەد ناچاری دەستبەرداری بوونی دەسەڵات بکەن.من دەزانم کە ئەمە بێ ئەندازە سەختە. هەرچۆنێك بێت، باوەڕم وانییە کە ئەمە مەحاڵ بێت، بە مەرجێك فشاری پێویست بخرێتەسەر هەردوولا بۆ گەیشتن بە سازشێك لە هەڵوێستەکانیاندا، ئەگەر ئەم گوشارە هەبێت ئەوا باوەڕم وایە ژنێڤ ٢ چوارچێوەیەکی گونجاو دەستەبەردەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنها ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر ڕێککەوتنێك لە نێوان ئەمەریکا و ڕوسیادا بێتەئاراوە بۆ فشارخستنەسەر هاوپەیمانەکانیان بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی پرەنسیپەکانی ژنێڤ ١ بە تەواوەتی جێبەجێ دەکرێن. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ژنێڤ ٢دا شکست بهێنێت، ئەوا دەبێت شکستێکی مێژویی گەورە کە ئاکامی مرۆیی بێپێشینەی لێدەکەوێتەوە. و بە دڵنیاییەوە، بە مانای ئەوە دێت کە هیچ کێشەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك پێویست چارەسەر ناکرێن. لەلایەکی دیکەوە ئێستا هەندێك لایەن هەن کە دەیانەوێت لایەنی کارەساتی مرۆیی سوریا لە بارودۆخە سیاسیەکە جیابکەنەوە، باوەڕیان وایە سەرەتا دەبێت تەرکیز لەسەر دۆخە مرۆییە سەختەکە بکەن پێش ئەوەی بێینەسەر لایەنە سیاسیە ئاڵۆزەکانی. لەگەڵ ئەوەشدا، کێشەکە بریتییە لەوەی تاوەکو ناکۆکییە سیاسییەکە بەردەوام بێت، ئەوا قەیرانی مرۆیی زیاتر سەرهەڵدەدەن. کەواتە، شێوازی نموونەیی بریتییە لە گەیشتن بە چارەسەرێکی گشتگیر)).

کەواتە ئەوەی د.عومەر عیمادی ئاماژەی پێکرد، کارەساتی مرۆیی لەسوریا چارەسەرناکریت ئەگەر چارەسەرێکی سیاسی ئاشتیانە نەدۆزرێتەوە، بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر داڤید بۆتەر تۆژەری باڵا لە پرۆگرامەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا لە ئامۆژگای چاتام هاوسی پادشایەتی بەریتانیا کرد، ئەویش سەبارەت بە رەوشی سوریا و ئاکامی کۆنگرەی ژنیف ٢ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گولان دەربڕی و وتی :(من پێم وانییە کۆنگرەی ژنیف ٢ گۆڕانگاریەکی کۆنکرێتی زۆر بهێنێتە ئاراوە، لە ئێستادا گرنگە ئێمە باسی گەیاندنی هەندێ هاوکاریی مرۆیی بکەین، بەڵام لە رووی سیاسییەوە بووە هۆی ئەوەی موعارەزە میسداقیەتێکی زیاتر بەدەست بهێنن، و ڕەنگە هەندێ لاوازی رژێمەکەی پیشان دابێت. لەمەش زیاتر من پێموانییە کۆنفرانسی ژنێڤ٢ بتوانێت لە دەرئەنجامدا دەسەڵاتێکی حکومڕانی ئینتیقالی پێکبهێنێت، هەروەك لە ئامانجەکاندا هاتووە. بەڵام دەبێتەهۆی دروستبوونی سابقەیەکی سیاسی لە ڕوانگەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕوسیایەوە، ئەگەر هەندێ پرۆسە لە ئایندەدا ئەهێنێتە ئاراوە، بەڵام تاوەکو گۆڕانگاری گرنگ لە هاوسەنگی هێز لە سەر ئەرزی واقیع لە سوریادا نەیەتەئاراوە، ئەوا پێناچێت جیهانی دەرەوە کارێکی زۆریان لە دەست بێت بۆ ئەوەی ڕێگری لە ئەسەد بکەن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی دووبارە ببێتەوە بە سەرۆك، ئەگەرچی لە واقیعدا ئەمە دۆخە سیاسیەکە لە مەودای دووردا دەگۆڕێت. بەڵام ئەوەی ئێستا دۆخەکەی قورس کردووە بارودۆخی هاووڵاتیانی سوریا، ناکرێت ئەو بارودۆخە بێ چارەسەر بمێنتەوە، چونکە ئێستا ژمارەی ئاوارە تۆمارکراوەکان لەلایەن UNCHR ٢,٥ ملیۆن کەسە لە دەرەوەی سوریا، و لە پەیوەندیدا بەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕایدەگەیەنێت کە ٩,٣ ملیۆن کەس پێویستیان بە هاوکاری هەیە لە ڕووی دابینکردنی خۆراکەوە- کە نزیکەی نیوەی دانیشتوانەکەیە- و ئاشکرایە کە چارەسەرێك نییە بۆ نیشتەجێکردنەوەی ئاوارەکان یان بنیاتنانەوەی وڵاتەکە تاوەکو چارەسەرێکی سیاسی نەیەتە ئاراوە. لەم بارودۆخەشدا پێم وانییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چارەسەرێکی پێبێت، دەکرێت هەندێ هاوکاری بکات وبگرە دەکرێت هەندێ ئاستەنگ دروست بکات. فۆرمەکە و چوارچێوەکە لە ئارادایە و ئاشکرایە هیچ چارەسەرێك نایەتە ئاراوە تاوەکو لایەنەکانی سوریا گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا نەکەن و سەرکەوتنەکەش دەوەستێتە سەر هێزی ئەو لایەنانە، تا ئێستا هاوپەیمانێتی نیشتیمانی سوریا ئەوەندە لاواز و دابەش بوو نییە کە گریمانەی دەکرا و تا ڕادەیەکی باش لە ڕووی پەیوەندییە ئیعلامیەکان و پەیوەندیە گشتییەکانەوە کارێکی باشیان کردووە.



## پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز
### بەڕێوەبەری سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئەمریکا هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە ئەسەد گۆشەگیر بکات و کودەتای سەربازی رووبدات ئەمەش ئەگەرێکی دوورە

**پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز ئوستادی زانستی سیاسەت و بەڕێوەبەری سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەزانکۆی ئۆکلاهۆما و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرسی سوریا و لە نزیکەوە چاودێری رەوشی سوریا دەکات و بۆ ئەمەش بلۆگێکی کردۆتەوە بەناوی کۆمینیتی سوریا و رۆژانە لەسەر گۆڕانکارییەکانی سوریا بۆچوونی خۆی بڵاودەکاتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای سوریا و خوێندنەوەی ئاکامەکانی کۆنگرەی ژنێف ٢، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر لاندیز ئەنجامداو بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** کۆنفرانسی جنێف ٢ تەواو بوو، بەڵام ئەنجامێکی گەورەی بەدەست نەهێنا، ئایا مەزندە دەکرێت ئەم کۆنفرانسە چ گۆڕانکارییەك بەسەر بارودۆخی سوریادا بهێنێت؟**

- هیچ شتێك روون نییە و نازانرێت ئەم کۆنفرانسە چ گۆڕانکارییەك دروست دەکات، لەبەر ئەوەی ئەسەد و تیمەکەی باوەڕیان وایە ئەوان لە پێگەیەکی بەهێزدان کاتێك بەرەو ئەم گفتوگۆیانە دەچن، هەروەها باوەڕیوایە کە جیهان، ئەمریکا و رۆژئاوا، رژێمەکەی بە چارەسەرێك دەبینن بۆ دژی جیهادیزم و پشێوی لە سوریا. بەڵام دەرکەوت کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، جۆن کێری، نەکەوتە نێو ئەم گەمەیەوە، لەبری ئەوە باسی ئەوەی کرد کە پێویستە گۆڕانکاری لە رژێمەکەدا بێتەئاراوە لە سوریا و دەبێت ئەسەد بڕوات. بەڵام ئەسەدیش مل نادات و هەتا ئێستا لەو باوەڕەدایە شەڕەکە دەباتەوە و دووبارە کۆنترۆڵی سوریا دەکاتەوە. هەروەها ئەم دۆخەش مایەی سەرلێشێوانە بۆ شیکەرەوەکان، لەبەر ئەوەی ئەمریکا رایدەگەیەنێت کە لەگەڵ گۆڕینی رژێمەکەدایە، بەڵام هیچ کارێك ناکات لەو رووەوە. کەواتە کەلێنێکی گەورە هەیە لە نێوان خیتابی ئیدارەی ئۆباما و ئامادەبوونی بۆ ئەنجامدانی کارێك لەو رووەوە.

*** دوو مەسەلەی بەرچاو هەبوون لە کۆنفرانسەکەدا، یەکێکیان لێدوانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو کە رایگەیاند ئەسەد هیچ شوێن و مەکانەتێکی نییە لە ئایندەی سوریادا، لەگەڵ لێدوانەکەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیان کە وتی چارەنووسی ئەسەد بریتییە لە دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی وەك تاوانباری جەنگ دادگایی بکرێت، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع ئەم دوو وڵاتە هەڵوێستێکی بەهێزیان نییە، ئایا چۆن ئەم لێکدژیە دەخوێنرێتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە بە مانای شەڕی زیاتر دێت، مانای ئەوەیە ئەسەد بەردەوام دەبێت لەسەر شەڕکردن و ئاگربەست نایەتە ئاراوە و ئاشکرایە کە رۆژئاواش باوەڕیوایە یاخیبوان دەتوانن سەرکەوتوو بن، من مانایەکی دیکەی بۆ نابینمەوە. یان ئەوەتا بە مانای گۆشەگیرکردنی ئەسەد دێت بۆ ئەوەی رژێمی سوریا وا لێبکەن کودەتا دژی ئەسەد بکەن. ئەمە خەونێکی لەمێژینەی ئەمریکیەکانە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، لە سەردەمی بوشدا سەرکەوتوو نەبوو و من نازانم بۆچی لە ئێستادا سەرکەوتوو دەبێت. چونکە هەر کەسێکی ئاست مامناوەندی لە رژێمەکەی سوریادا دەنگ بەرز بکاتەوە و داوای رۆیشتنی ئەسەد بکات، دەستبەجێ زیندانی دەکرێت یان دەکوژرێت، کەواتە زەحمەتە ئەوە ببینین کە کێ لە ناو سوریادا داوای رۆیشتنی ئەسەد دەکات.

*** هاوپەیمانەکانی رژێمی سوریا لە گفتوگۆکانی کۆنفرانسی جنێف ٢ بەشار ئەسەدیان بە هێڵی سور دانا و جەختیان کردەوە لەسەر ئەوەی مافی دووبارە خۆهەڵبژاردنەوەی هەیە، لەو هەڵبژاردنەدا کە لە سایەی ئەم حکومەتەی ئێستای سوریادا ئەنجام دەدرێت، ئایا ئەمە هیچ مانایەك بۆ کۆنفرانسی ژنێف ٢ دەهێڵێتەوە؟**

**ئەمریکا رایدەگەیەنێت کە لەگەڵ گۆڕینی رژێمی ئەسەد دایە، بەڵام هیچ کارێک ناکات لەو رووەوە. کەواتە کەلێنێکی گەورە هەیە لە نێوان خیتابی ئیدارەی ئۆباما و ئامادەبوونی بۆ ئەنجامدانی کارێک لەو رووەوە**

**دەستێوەردانی ئەمریکا عێراقی گۆڕی، بەڵام کێشەکەی چارەسەرنەکرد، بەڵکو تەرازووی هێزی گۆڕی، کە بە دڵنیاییەوە هێزی بە شیعەکان و هێزی بە کوردەکان بەخشی و سوننەکانیش دۆڕان بووە بەشیان**

**پێموایە کوردەکان لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی دەڕۆن و ئەوان سەرکەوتوانە بەرگریان لە خۆیان کردووە لە دژی داعش(دەوڵەتی ئیسلامی) و بەرەی نوسرە و یەکگرتوویەکی لە رادەبەدەریان پیشانداوە**

- هەنـــدێ مانای هەیە، هەر کۆبوونەوەیان لەســـەر مێزی گفتوگــۆ بۆ خـــۆی جۆرێکە لـــە ســـەرکەوتن، پێموایە خەڵکانێکـــی زۆر لە موعـــارەزە و خەڵکانێکی زۆر لە ناو رژێمەکەدا باوەڕیان وایە هیـــچ لایەك ناتوانێت بە تەواوەتی سەرکەوتوو بێت. هەروەها سەرەڕای ئەو خیتابەی هەیە، ئەوا هەســـتێك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا لە گەشەکردندایە کە هیچ لایەك ناتوانن تەواوی کێکەکە بەدەست بهێنن، و دەبێت دابەشـــی بکەن. ئەمەش بە رادەیەکی زۆر دەوەستێتەســـەر ئێران و ســـعودیە بۆ ئەوەی جۆرێك لە ســـازش لە ســـوریا بێتەئاراوە. ئێمە زۆر دوورین لە گەیشـــتن بەم سازشـــە. بە دڵنیاییەوە ئێران بانگهێشـــت نەکرا. بـــەڵام لە کۆتاییدا هەر دەبێت ســـعودیە و ئێران بگەنە جۆرێك لە رێککەوتن لەبارەی ئەوەی دەتوانن چـــی قبوڵ بکەن، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ســـعودیە ئەو کارە بکات کە رایدەگەیەنێت ئەنجامی دەدات، ئەویش خەرجکردنی پارەیە، نەك تەنها چەند ملیۆنێکی کەم، بەڵکو دەیان و بگرە ســـەدان ملیۆن دۆلار بۆ تێکشـــکاندنی ئەســـەد و بۆ ئەوەی بە راســـتی موعـــارەزە ببێتە هێزێکی شەڕکەر. ئەمەش مەترســـیەکی راستەقینەیە بۆ کوردەکان، لەبەر ئەوەی ئەگەر سعودیە پارە خەرج بکات ئەوا هەوڵدەدات ئەو دەرئەنجامە بەدی بهێنێت کە خۆی دەیەوێت.

*** بە ملیۆنەها هاووڵاتی ســـوری وڵاتیان جێهێشـــتووە و روویـــان کردۆتەوە تورکیا و هەرێمی کوردســـتان و ئەردەن و لوبنان و هەندێکیان ئاوارەی ناوخۆیین، ئایا چۆن ئەم کێشەیە یەکلادەکرێتەوە، ئەگەر چارەسەرێکی سیاسی نەیەتە ئاراوە؟**

- ئەوە پرسیارێکی گەورەیە، جێی سەرسوڕمانە کە هەوڵێکی کـــەم دراوە بۆ هێنانەئـــارای رێککەوتنێك.. کە رژێمەکە لە نیوەی باشـــوری سوریادا، لە کەناری رۆژئاوادا حکومڕانی بکات و یاخیبوانیش باکوور و رۆژهەڵاتیان بە دەستەوەبێت، و رەنگـــە کوردەکانیش لە خاڵێکی دووری باکوری رۆژهەڵاتدا بـــن. ئەم چارەســـەرەش دەبێتەهۆی وەســـتانی شـــەڕەکە، یان خاوکردنـــەوەی و رێگە دەدات خەڵکـــی ژیانی خۆیان بنیـــات بنێنەوە و بگەڕێنەوە ســـەر ماڵ و حاڵی خۆیان. بە دڵنیاییەوە ئەمە چارەســـەرێکی میسالی نییە، لەبەر ئەوەی هەر لایەك دەیەوێت هەموو شـــتێك بباتەوە. لەبەر ئەوە جێی سەرســـوڕمانێکی گەورە بوو بۆ وەزیـــری دەرەوە کێری، کە بە لێدوانی بەهێز باس لە گۆڕینی رژێمی ئەســـەد بکات. ئەمەش بـــە مانای ئەوە دێت ئەمریکا پشـــتیوانی زیاتری یاخیبوان دەکات و سعودیشە دەتوانێت پتر پشتیوانی یاخیبوان بکات بۆ ئەوەی فشاری بەردەوام لەسەر ئەسەد بکات، ئەوان پێیانوایە ئەسەد وەك پێویست لاواز نییە و دەبێت کاری زیاتر بکەن بۆ ئەوەی ئەسەد پتر لاواز بێت.

*** مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و چارەنووسی سوریا خەڵکی ســـوریا بڕیاری لەبارەوە دەدات، و دەبینین کە کێشـــەی وەك سوریا بە گفتوگۆ چارەسەر نابێت، بۆ نموونە ئەمریکا ٨٠٠ ملیار دۆلاری لە عێراقدا خەرجکرد، بەڵام بارودۆخی عێراق بەو شێوەیە نییە کە ئەوان لە پێناویدا هاتن؟**

- ئەوە راســـتە، بەڵام دەســـتێوەردانی ئەمریـــکاش عێراقی گۆڕی، بەڵام کێشـــەکەی چارەسەرنەکرد، بەڵکو تەرازووی هێزی گۆڕی، کە بە دڵنیاییەوە هێزی بە شیعەکان و هێزی بە کوردەکان بەخشـــی و ســـوننەکانیش دۆڕان بووە بەشیان. کە بەبێ دەســـتێوەردانی ئەمریکا ئەمە رووی نەدەدا. بۆیە زۆرێك لە ســـوریەکان بەو چاوەوە لـــە ئەمریکا دەڕوانن کە کێشـــەی سوریایان بۆ چارەســـەر بکات، بە تایبەتی زۆرێك لـــە ئەندامانی چینـــی ناوەند و چینی باڵای ســـوریا بە ترســـەوە لە موعارەزەی ئیسلامی دەڕوانن و بە ترسیشەوە لە حکومەتەکەی ئەسەد دەڕوانن و هیچ چارەسەرێك بۆ خۆیان نابینن، جگە لە سیحرێکی رۆژئاوایی.

*** ئەگەر ســـەیری ئەزموونی میسر بکەین ئەوا دەبینین کە ئەزموونی حکومڕانی ئیسلامیەکان شکستی هێناوە، لەبەر ئەوەی میســـر یەکێکە لە وڵاتـــە گرنگەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا، میســـریەکان لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان بۆ ئیخوان موسلمین دا، و ئێستاش لەلایەن سوپای میسرەوە بە رێکخراوێکی تیرۆریستی دادەنرێت، کەواتە دۆخی سوریاش پتر لە دەیەیەك شەڕ و ناسەقامگیری بەخۆوە دەبینێت؟**

- رەنگە بۆ دەیەیەك شـــەڕ و ناســـەقامگیری لە ســـوریادا ببینێـــت، وەك لوبنان. جیـــاوازی عێراق و لوبنـــان، ئەوەیە سوپای سوری چووە لوبنان و چەکی لە میلیشیا جیاوازەکان وەرگرت و بە دڵنیاییـــەوە چەکی لە حزبوڵا وەرنەگرتەوە... بەڵام دەرفەتێك هەبوو لە تائیف بۆ ئەوەی دەوڵەتەکە بنیات بنرێتەوە، لەبەر ئەوەی ســـوپای ســـوری چەکی لە هەموو میلیشـــیاکان وەردەگرتەوە و وڵاتەکەی داگیر دەکرد. بەڵام لە عێراقدا ئەمریکا ئەم ئەرکەی گرتەئەســـتۆ، بەڵام ئەرکە گەورەکەیان ئەوە نەبوو کە ســـەددامیان تێکشکاند و سوپایان هەڵوەشـــاندەوە و بەعسیان ریشـــەکێش کرد، بەدڵنیاییەوە ئەم کارەیان کرد و دەســـەڵاتی سوننەیان تێکشکاند، بەڵام رەنگە گرنگترین شتێك کردبێتیان بریتییە لە سەرکوتکردنی سەرجەم ئەو میلیشیا شیعانەی تەحەددای دەسەڵاتیان دەکرد. بێگومان میلیشـــیای بەهێز هەبوون و ململانێی دەســـەڵاتیان دەکرد، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی عێراق دەیەیەك شەڕ بەخۆوە ببینێت و بـــە دڵنیاییەوە ئەمریکا یارمەتـــی مالیکی دا بۆ ئەوەی میلیشیای خۆی و سوپای خۆی بنیات بنێت...ئەمەش لە روویەکەوە بووەهۆی ئەوەی هەندێ سەقامگیری بێتەئاراوە، بە دڵنیاییەوە ئەو کەســـێکە بە زۆری شیعەگەرایی دەکات و زۆر دژی سوننەیە، بەڵام هێشتا دەوڵەتە. لە سوریا هێزێکی دەرەکی داگیرکەر بوونی نابێت، ســـوپای سوری نابێت وەك ئـــەوەی لە لوبنان هەبوو، و ســـوپای ئەمریکیش نابێت وەك ئەوەی لە عێراقدا هەبـــوو. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە میلیشـــیاکان- کە ژمارەیان زۆرە- و سوپاسی سوریش- کە ئێستا وەك میلیشـــیای لێهاتووە، بۆ ماوەیەکی زۆر شەڕی یەکتر دەکەن بێ ئەوەی کۆتاییەکە دیاری بێت.

*** ئومێدی بەشـــێکی زۆری چینی ناوەند و چینی باڵای ســـوریا ئەمریکایە، ئایا تا چ رادەیـــەك مەحاڵە ئەمریکا**



**دەستێوەردان بکات لە سوریادا، کە هەر شەڕ و نائارامیەك لە هەر شـــوێنێکی دنیا دروست دەبێت ئومێدەکە ئەمریکا دەبێت بۆ ئەوەی چارەسەری بکات، بەڵام کێشەی سوریا هەڵگری چەندیـــن تەحەددیە، وەك بوونی روســـیا و چین و ئێران و دۆخی ئابووری ئەمریکا؟**

- ئەمە لە ســـایەی ئیدارەی ئۆبامادا روونادات، ئاشکرایە ســـەرۆك ئۆباما بڕیاریداوە کە راســـتەوخۆ تێوەنەگلێت لە سوریا.. و پارەیەکی زۆر لە ســـوریادا خەرج ناکات. رەنگە سەرۆکی داهاتوو پارەی زیاتر تەرخان بکات، بەڵام دەرفەتەکان زۆر دوورن. تەنانـــەت ئەگەر ســـەرۆکێکی کۆماریش بێت، لەبەر ئـــەوەی بینیمان لە ئەیلوولدا و کاتـــی دەنگداندا بۆ بۆردومانکردنی ئەسەد لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، پارتی کۆماریەکان تێکڕا دژی بوون، تەنها دوو کەس نەبێت کە مەککەین و سیناتۆرێکی دیکە بوون کە دەنگیان بۆ دا. هیچ کەســـێك نەیویســـت ئۆباما بۆردومانی سوریا بکات، ئەمە لە بەشـــێکیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەیانەوێت زیان بە ئۆباما بگەیەنن، بەڵام کەســـیش نایەوێت پارە لە سوریادا خەرج بکرێت. ئەمریکیەکان نازانن ســـوریا چیە و ئەوان حەز بەم کارە ناکەن و حەزیان بەوە نەکرد ئەمریکا ملیارەها دۆلار لـــە عێراقدا خەرج بکات، ئەوان حەز بەو راســـتیە ناکەن کە ئەمە هیچ شتێکی بەدەست نەهێنا و ئەمریکا شکستی هێنا لە رووی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانیەوە لە ئەفغانستان و عێراق و ئەوان نایانەوێت ئەم کارە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکرێت و دەیانەوێت پارەکە لە ناوخۆدا خەرج بکرێت. کەواتە خەڵکی ئاســـایی ئەمریکا کە من لێرە لـــە ئۆکلاهۆما دەژیم، کەس نایەوێت دەســـتێوەردان بکرێت. بەڵام کاتێك دەچیتە واشنتۆن کەسانێکی زۆر هەن دەیانەوێت دەستێوەردان لە سوریا بکرێت و پارەی تێدا خەرج بکرێت، بەڵام ئەمە واشـــنتۆنە و ئەمانە کەســـانێکی کەمن و بایەخ بە کاروباری دەرەوە دەدەن. بەڵام خەڵکە ئاساییەکە بە هیچ شێوەیەك ئەمەیان ناوێت.

*** لەم بارودۆخەدا پرسی کورد لە سوریا چۆن دەبینیت، ئایا تاچەند کورد لەم دەرفەتە سوودمەند دەبێت؟**

- پێموایە کوردەکان پێشـــکەوتن بەدەســـت دەهێنن، پێموایە یەکێك لە ســـەرکەوتنەکانی ژنێـــڤ بریتییە لە راگەیاندنی ئۆتۆنۆمی لەلایەن کوردەکانـــەوە، لەبەر ئەوەی لە ژنێڤ و قەتەر، موعارەزە رەتیان کردەوە کوردەکان بانگهێشـــت بکەن، لەبەر ئەوە ئۆتۆنۆمیی خۆیان راگەیاند و کانتۆنیان دروست کرد و رایانگەیانـــد دەنگدان دەکەن، پێموایـــە کوردەکان لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی دەڕۆن و ئەوان سەرکەوتوانە بەرگریـــان لـــە خۆیان کـــردووە لـــە دژی داعش(دەوڵەتی ئیسلامی ) و بەرەی نوسرە و یەکگرتوویەکی لە رادەبەدەریان پیشـــانداوە، ئەمە سەرەڕای دابەشـــبوونی قووڵیان لەبارەی ئـــەوەی کێ حکومڕانی بـــکات و بابەتەکانی دیکە، بەڵام ئەوەنـــدە یەکگرتنیان تێدایە کەلەســـەر ئـــەرزی واقیع ببنە هێزێکی شـــەڕکەری کارا و بە چەشنی میلیشیا عەرەبەکان دابەش نەبوونە.



## پرۆفیسۆر ئارام نیرگوزیان
لە سەنتەری (CSIS) بۆ گوڵان:

# ئۆپۆزسیۆنی سوریاش پێش ژنیف دوو، دەیزانی کە شاندی رژێمی ئەسەد سازش لەسەر دوورخستنەوەی ئەسەد لە دەسەڵات ناکات

**پرۆفیسۆر ئارام نیرگوزیان توێژەری باڵای کۆرسی ئارلی بیرکە بۆ دیراساتی ستراتیژی لە ئامۆژگای ستراتیژی بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ستراتیژ و دینامکیەتی سەربازی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە رۆژ هەڵاتی ناوەڕاستیش زیاتر جەخت لەسەر پەیوەندییەکانی ئیران و ئەمریکا و باری ناسەقامگیری سوریا دەکاتەوە، بۆ بەدواداچوونی پرسی سوریا و ئاکامەکانی کۆنگرەی ژنیف دوو، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر نیرگوزیان کرد و ئەم وتوێژەی لەگەڵ ئەنجامدا:**

*** دوای زیاتر لە سێ ساڵ و بۆ یەکەم جار شاندی رژێمی ئەسەد و ئەنجوومەنی نیشتمانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا پێکەوە لە ژنیف کۆبوونەوە، بەڕێزت وەك چاودێر و تایبەتمەند لەسەر رەوشی سوریا چۆن سەیری ئەو کۆنگرەیە دەکەیت؟**

- سەرەتا پێویستە گفتوگۆکانی ژنێڤ٢ لە ڕوانگەی ناوەڕۆکی دانوستاندنی نێوان هەر لایەنگەلێك لەبارەی کۆمەڵێك کێشەی ناسك و هەستیاری ئەمنیەوە سەیر بکرێت، ئەمەش هەر بە تەنها بەسەر سوریادا جێبەجێ نابێت، ئەگەر لە گفتوگۆکانی نێوان ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت بڕوانین بۆ پەکخستنی چەکە ناووکیەکان و سیستمەکانی هەڵدانیان،... دەبینین کاتێك ئەم گفتوگۆیانە دەستیانپێکرد هەر لایەنێك هەڵوێستێکی تەبەنی دەکرد کە قابیلی گفتوگۆکردن نەبێت. بەڵام ئیدەی قورسترین پرۆسەی گفتوگۆکان بەم شێوەیە دەست پێدەکەن، تۆ هەمیشە خاڵێکی دەستپێکت دەبێت و شتێك بەدەست دەهێنێت کە ڕەنگە هەر لە بنەڕەتدا بە مەحاڵت زانیبێت، وەك خودی ئەوەی موعارەزە و ڕژێم پێکەوە و لەسەر یەك مێز دابنیشن و گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا بکەن، هیچ کەسێك کە بە دواداچوونی کردبێت بۆ قەیرانی سوریا یان بۆ شەڕی ناوخۆ و پرۆسەکانی گفتوگۆ لە شوێنەکانی دیکە پێشبینیەکی واقیعی نەبووە کە دەکرێت هەمو شتەکان چارەسەر بکرێن و هەر پێشکەوتنێك بەدەست بێت پێشکەوتنێکی درێژخایەن دەبێت، بەڵکو

زۆربەمان تەنها پێشبینی ئەوەمان دەكرد پێكەوە كۆببنەوە و گفتوگۆكانیش چەند ڕۆژێكیان خایاند. و هەوڵدەدرێت پێشكەوتن لە هەندێ مەسەلەدا بهێنرێتەدی، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەستكەوتە، بەڵام ئێمە تەركیز لەسەر هەوڵەكان دەكەینەوە لە مەودای كورتدا، واتە ئەوەی بڵێیت من ئێستا دەمەوێت گفتوگۆ بكەم و دەمەوێت هەر ئێستاش دەرئەنجامێك بەدەست بهێنم و من لە ڕۆژگاری زانیاریدا دەژیم و دەمانەوێت بە خێرایی دەرئەنجام بەدەست بهێنین، بەڵام ئێمە ڕانەهاتووین بەوەی هەندێ ناكۆكی كاتی پێویستە. كەواتە ژنێف ٢ ناچارمان دەكات ئەوەمان بێتەوە یاد كە بوونی ژمارە لە دوای ژنێڤەوە خۆی لە خۆدا گرنگی مەسەلەكە دەرناخات، چونكە لە كۆتاییدا چەندەها گفتوگۆی دیكە دەكرێن و هەندێكیان لە ژنێف و هەندێكیان لە شوێنەكانی دیكە. ئەگەر ئەزمونی شەڕی ناوخۆیی لوبنان شتێكی فێركردبێتین، ئەوا زۆر بە ئاسانی بۆی هەیە دە جار و زیاتر هەوڵی شكستخواردوو ببینین لە گفتوگۆكانی ئاشتیدا، بەڵام لە كۆتاییدا دەرئەنجامێكیان لێدەكەوێتەوە، بەڵام دەبێت هەلومەرجەكە گونجاو بێت، لە حاڵەتی سوریادا هەلومەرجی گونجاو بریتییە لەوەی سەرپەرشتیارەكان، سعودیە و ئێران، ئامادەی سازشی سەخت بن بۆ هێوركردنەوەی بارودۆخەكە، بەڵام هێشتا ئەمە لە ئارادا نییە، ئەگەرچی خودی ئەوەی ڕووبەڕوو یەكتریان بینیوە خۆی لە خۆیدا دەستكەوتە.

*** بەڵام ئەوەی بینیمان هیچ لایەك لە ڕژێمی ئەسەد و ئۆپۆزسیۆن هیچ سازشێكیان پیشان نەدا، بۆ ئەوەی ئومێدێك بۆ چارەسەری ئاشتی هەبێت، ئایا ئەمە پرۆسەكە ناگەیەنێتە بن بەست؟**

- دووبارەی دەكەمەوە كەس پێشبینی ئەوەی نەدەكرد لە گفتوگۆكانی ژنێڤدا موعارەزە یان ڕژێم قوربانی بە گرنگترین هەڵوێستە سیاسیەكانی خۆیان بدەن، و موعارەزە و پشتیوانەكانی بۆ یەك دەقەش وا خۆیان دەرنەخستووە كە ڕژێم شاندەكەی دەنێرێت بۆ ژنێف و چاوی دەكاتەوە و درك بەوە دەكات كە پێویستە ئەسەد دەستبەرداری دەسەڵات بێت. ئەوەی لە هەموو شتێكی دیكە زیاتر بوونی هەیە، ئەوەیە تێبگەن لەوەی گفتوگۆكردن باشترە لە شەڕ، هەمیشە كات هەیە بۆ شەڕكردن. لەوە زیاتر و لە پەیوەندیدا بۆ خۆپاڵاوتن بۆ سەرۆكایەتی، هەمیشە شتێكی سروشتیە كە ڕژێم و پشتیوانەكان پشتیوانی بیرۆكەی دووبارە خۆهەڵبژاردنەوەی بكات و شتێكی سروشتیشە كە موعارەزە پێچەوانەی ئەمە بڵێت. دووبارە ئەمە بریتییە لە گرتنەبەری هەڵوێستێك كە پێناچێت تۆ ئامادەی سازشكردن بیت و لە ئێستاشدا پێناچێت هیچ لایەك سازش بكات، لەبەر ئەوەی هەر لایەك پێی وایە دەتوانێت سەركەوتو بێت، بەڵام كاتێك بە بنبەست گەیشتن ڕوودەدات، ئەوا- بەهۆی سەرپەرشتیاری شەڕكەرانەوە لەسەر ئەرزی واقیع- كە سعودیە و ئێران هەر یەكەیان پشتیوانی لایەنێك دەكەن- ڕەنگە ئەو كاتە هەندێ ئاڵوگۆڕی بێتە ئاراوە.

*** هەستدەكرێت ئەو وڵاتانەی خۆیان بە پشتیوانی گەلی سوریا دەزانن، كاتێك لێدوان بۆ ڕاگەیاندن دەدەن قسەی زۆر توند بەرامبەر رژێمی ئەسەد دەكەن، بەڵام لەگەڵ واقیعی مانەوەی رژێمی ئەسەد زۆر نەرمن، ئایا چۆن ئەم هاودژییە دەخوێنیتەوە؟**

- دەبێت وڵاتانی وەك ئەمەریكا و بەریتانیا مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا بكەن كە چەند خەڵكی پەیوەندیداری ناوخۆ هەن، ئەوا ئەوەندەش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بوونیان هەیە، ئەوان تەنها قسە لەگەڵ خەڵكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سوریا و كەنداو ناكەن، بەڵكو قسە لەگەڵ هاوپەیمان و ڕكابەرەكانیان لە وڵاتەكەدا دەكەن. ئێستا ئەگەر بتەوێت بزانیت حكومەتە جیاوازەكان چۆن بیر لە سوریا یان ئەسەد دەكەنەوە، ئەوا مەسەلەكە ئەوە نییە حەزیان پێیەتی یان نا، ناحەزیەكی گشتی هەیە، بەڵام ئەمە هۆكارێك نییە بۆ سیاسەتكردن، بەڵكو سیاسەتی واقیعی ئەوەیە ئێستا قبوڵكردنێك هەیە لەلایەن ئەو حكومەتانەی تەركیز لەسەر سوریا دەكەنەوە، كە لە مەودای كورت و مامناوەندا ئەسەد لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، تەنها ئەو كاتە نەبێت كە هاوسەنگی هێز بە ڕادەیەكی گەورە بگۆڕێت، یان دەستێوەردانێكی نێودەوڵەتی هەبێت، كە ئاماژەی هیچیان لە ئارادا نییە. ئەوەی زۆر جێی بایەخە ئەوەیە كە دەبیستیت دوو دەوڵەت و دەوڵەتانی دیكەش، هەڵوێستی زۆر بەهێز دەگرنەبەر، ئەویش بۆ ئەوەی گفتوگۆیەكی ڕاستەقینە لەگەڵ شەریكە ئیقلیمیەكان و ڕكابەرەكاندا بكەن، وەك وڵاتانی وەك سعودیە و ئێران، واتە لە پێگەی هێزەوە گفتوگۆیان لەگەڵ بكەن. بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە ئێرانەوە، قبوڵكردنێك هەیە، یاخود بەلای كەمەوە ئاستێك لە تێگەیشتن هەیە كە بەلای ئێرانەوە ناكرێت گفتوگۆ لەسەر ئەسەد بكرێت، پێش ئەوەی تەرتیباتێكی درێژخایەن لە سوریا بێتە ئاراوە. واتە ئەمە مەسەلەی ئاڵوگۆڕێكی ستراتیجییە دوای هاتنەدی ئەو دەرئەنجامە. ئێران بە ئاشكرا ڕایدەگەیەنێت كە دەستبەردانی پشتیوانی ئەسەد نابێت، بەڵام بە چەشنی ئەمەریكا و بەریتانیا ئەم مەسەلەیە دیوێكی دیكەی هەیە، وڵاتانی ڕۆژئاواش لەوە تێدەگەن كە لە مەودای كورتدا ئەسەد لە جێی خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام لە پەیوەندیدا بە ئێران و سعودیەوە ئەوا ئەوان بە ئاشكرا بە زمانێكی سازش هەڵنەگر قسە دەكەن، بەڵام دەبێت لە مەودای دووردا هەڵسەنگاندنێكی واقیعیانە بكەن كە هەردوولا پێویستە سازش بكەن و ڕەنگە ئەسەدیش باجی تێگەیشتنێكی نوێ بێت لە نێوان ئێران و سعودیە و ڕەنگە نەبێتە ئەو باجەش، كە دەبێت سعودیەش باجی خۆی بدات.

**دەبێت وڵاتانی وەك ئەمەریكا و بەریتانیا مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا بكەن كە چەند خەڵكی پەیوەندیداری ناوخۆ هەن، ئەوا ئەوەندەش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بوونیان هەیە**

**هەمیشە شتێكی سروشتییە كە ڕژێم و پشتیوانەكان پشتیوانی بیرۆكەی دووبارە خۆهەڵبژاردنەوەی بكات و شتێكی سروشتیشە كە موعارەزە پێچەوانەی ئەمە بڵێت**

**بۆی هەیە دە جار و زیاتر هەوڵی شكستخواردوو ببینین لە گفتوگۆكانی ئاشتیدا، بەڵام لە كۆتاییدا دەرئەنجامێكیان لێدەكەوێتەوە**

# عەقڵ و بەربەستەکانی



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

عەقڵ پرەنسیپێکی رەها و تۆکمە نییە، هەروەها بریتی نییە لە کیانێکی خۆبەزلزانی دوور لەو بوارەی سەرچاوەی لێوە دەگیرێت تا بنەماکانی لەسەر پڕ بکرێتەوەو رێبازی پێ پێڕەو بکرێت، ئەو، واتا عەقڵ، بە پێچەوانەی هەموو ئەم بۆچوونانەیە، هاوکوفی ئەو بوارەیەو لە هەناویدا نەبێت گەشەناکات و پێناگات ..

عەقڵ زاتی خۆی بونیات دەنێت، دواتر وەریدەچەرخێنێت، کاتێك ئەو کەرەسە تەکنیکیانەی پێ دروست دەکاتەوە، کە جیهانی سروشتی پێ ئاوەز دەکرێت..

بە هۆی عەقڵەوە کاروباری پێوەندیدار بە مرۆڤایەتی دابین دەکرێن، عەقڵ تەکنیکی زەینیەتێکی تایبەتمەندە بە مەیدانە دیاریکراوەکانی ئەزموون و مەعریفە، تواناگەلێکە بۆ راپەڕاندنی چالاکییەکان پێ بە پێی بنەماکان، بە دەلالەتی ئەو بابەتانەی پشتیان پێ دەبەستێت، ئەم بنەماو تەکنیکانە وەردەچەرخێن، وەك چۆن دەوەستێتە سەر ئەو زمانەی پشتی پێ دەبەسترێت لە بەکارهێنانیداو، دواجار لەسەر ئاستی پەرەسەندنی تەکنۆزانستی دەوەستێتەوە، بە مێژووی سیۆسیۆسیاسی دەبەسترێتەوە..

کەواتە لە هەناوی شێوازەکانی مەعقولێەتدا نەبێت، هەرگیز عەقڵ نەشونما ناکات، بە هیچ شێوەیەك ئەم شێوازانەی مەعقولێەت جیاناکرێتەوە لە کەرەسەکانی عەقڵ و تەکنیکەکانی یان لە بابەتەکانی لێوەی سەرچاوە دەگرێت و لەو زمانەی بەکاری دەهێنێت، هەروەها ناتوانرێت دابڕێنرێت لەو چەوتی و هەڵانەی کە عەقڵ لەگەڵیاندا دەجەنگێت، یان ئەو بەربەستانەی تێیان دەپەڕێنێت، یان ئەو بنەمایانەی لەگەڵیاندا ململانێ دەکات..

بەڵام بواری ئەم مەعقولێەتەو ئەو بەربەستانەی عەقڵ لە رووبەڕووبوونەوەیاندایە وەك خۆیان نامێننەوە، بەڵکو زۆربەی جار نوێ دەبنەوە، ئەم بەربەستانەی ناوونیشانی هەمەجۆر لە خۆ دەنێن بە پێی بوارو قۆناغ و فەیلەسوفەکانی کە ناوی هەمەجۆریان لێ دەنێن، هەندێ جار ناوی ئەفسانەو هەندێك جاریش ناوی بەربەستی ئیپستمۆلۆژیان بە باڵادا بڕیوە، هەندێك جاریش لە ژێر ناوی ئیدیۆلۆژیادا ناوزەدکراوە..

کەواتە ئەو بەربەستانە چین کە لەئەمڕۆدا عەقڵ رووبەڕوویان دەبێتەوە، ئاخۆ دەتوانێت لە ئاستیاندا چ بکات..؟

کاتێك لەسەر بەربەستە نوێیەکان دەدوێین، بە زەڕوڕەت مەرج نییە بەربەستە تەقلیدیەکان بەسەرچووبن: ئەوەش ناگەیەنێت کە مەعریفەی زانستی لە کەشوهەوای ئاگربەس و لێپرسینەوەدا ئەنجام بدرێت، ئەوەش ناگەیەنێت کە جیهانمان لە هەموو شێوازگەلێکی ئەفسانەیی ئازادکراو بێت، واتای ئەوەش ناگەیەنێت کە جیهانێکی بێ ئیدیۆلۆژیا بێت، ئەم بەربەستانە بە ئەکتیڤکراوی و زیندوویێتی دەمێننەوە، بەڵام بە گۆڕینی بەرگی دەرەوەی نەبێت وەرناسوڕێت..

بێگومان ئەمە راسترەو جێی بڕواهێنانێکی زیاترە لە چاو ئەو بەربەستە ئیدیۆلۆژیانەی کە وا دەبینرێن کە لە جیهانی ئێمەدا سازگاروکارابن، بە پێچەوانەی ئەوەی کە تا ئێستا

کاریان پێ کراوە، وەك چۆن لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا زانست و ئیدیۆلۆژیا بەرابەر یەکتر هاوکوف دەبوونەوە، یان حەقیقەت و ئیدیۆلۆژیا بەرابەر یەکتر دەکرانەوە، لە بنەڕەتەوە وا دادەنرا کە میکانیزمەکانی ئیدیۆلۆژیا بریتیی بێت لەسەر لە نوێ بەرهەم هانینەوەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان، یان بەو پێیەی کەرەسەگەلی ئاوەژووکردنەوەو شێواوبن، یان بەو پێیەی زۆر ئەکتیڤانە لە هەوڵدا بوو بڕوایەکی دیاریکراو بڵاوبکاتەوەو لە بەرانبەر هەر رۆحیەتێکی رەخنەئامێزانە راوەستێتەوە..

بەسروشتی حاڵ ئەمڕۆ لە تواناماندا نییە عەقڵ و ئیدیۆلۆژیا بەرامبەر یەکتر بکەینەوە ئەگەر تەنیا پشتبەستوو بین بەو مانایانەی تایبەتمەندن بە میکانیزمەکانی ئیدیۆلۆژیا، چونکە ئەم میکانیزمانە ئەمڕۆ لە ناوەندی واقیعیدا کاریان پێ ناکرێت، تەنانەت بۆ شێواندنی واقیعیش بەکارنایەتەوە، رەنگە بۆ پەردەپۆشکردنی دژبەرییەکانیشی ناکرێتە بنەڕەت، بەڵکو لە خولقاندنیدا کارایە، ناڵێین کە واقیع دەخولقێنێت، بەڵکو ئەو شتانە دەخولقێنێت کە وەك واقیع دەکارێن، میکانیزمی ئیدیۆلۆژیا ئەمڕۆ بە شێوەیەکە کە واقیع تێیدا کارتێکراوە بەو شتانەی لەسەری دەوترێن، یان وێنای پێ دەکەنەوە، لۆژیکی هەڵسوڕێنەر لێرەدا لۆژیکێکی نامۆن، خەون و واقیع ئاوێزان بە یەکتر دەکاتەوە، ئەو واقیعە دەخولقێنێت کە دەیخەملێنێت، لەم بارەیەوە ئیدیۆلۆژیا ئەوەیە کە وا لە شتەکان دەکات ببنە حەقیقەت ئەویش بە جەخت کردنەوەی هەمیشەیی لەسەر ئەوەی کە بەو شێوەیەن کە خۆی وێنای دەکاتەوە، کرۆکی ناواقیعیەتی واقیعن، کرۆکی سوریالیەتی واقیعن، کەواتە ئەمە واقیعێکە کە تێیدا شتێك لە واقیعیەتی تێدا بزر دەبێت، واقیع نزیك دەبێتەوە لە وەهم و وەردەچەرخێت بۆ دیتران و سینەما..

کەواتە ئەمڕۆ سەیر نەبێت بە لامانەوە کە شاشەکە بریتی بێت لە کۆپیەکی ئەو واقیعە، ئەگەر هەر خۆی خودی واقیعەکەش نەبێت لە راستەوخۆیەتی و زیندوویێتی و ژیانیدا، تەنانەت چەمکی رووداوی لێ هەڵدەهێنجرێت لە کاتێکدا رووداوەکان واقیعی هەمەجۆرن کە راگەیاندن رایاندەکێشێت تا بمانخاتە ناو باری وێستاو تێیدا نغرۆمان بکات.

ئەمڕۆ ناکرێت دیالۆگ لەسەر عەقڵ و بەربەستەکانی بکەین ئەگەر ئەم میکانیزمەی ئیدیۆلۆژیا لە بەرگە نوێیەکەیدا بەسەر نەکرێتەوە، یان بێ ئەوەی هۆیەکانی راگەیاندن وەك بەربەستەکانی فیکری تەماشا نەکرێن، راگەیاندن ئەمڕۆ بووەتە خۆراکێکی رۆژانە تا ئەو رادەیەی لە تواناماندایە قسەبکەین لەسەر ئەوەی بە راگەیاندن بووترێت تۆتالیتاریەتی راگەیاندن، بە مەرجێك پێویستە ئەوەش بزانین کە تۆتالیتاریەت لە فەلەکی هیۆمانستیدا بە شێوەیەکی جیاواز لە واتاکانی کە کاری پێ کراوە دەکارێت، ئەمڕۆ لە باکگراوەندی تۆتالیتاریەتدا نازییەکی رووگرژو شیوعییەکی پەڕگیر نادیترێت، بەڵکو باکگراوەند بۆتە راگەیاندنێك بە هۆیەوە کۆمەڵێ کەس بەرهەم دەهێنێت کە توانای خۆیان لە دەست داوەو ناتوانن درك بە حەقیقەتەکانی ئەزموونی واقیع بکەن، کۆمەڵە تاکێك کە لە توانایاندا نییە هەست بە حەقیقەتی جیهانی واقیعیانەو واتاکانی بکەن، کەسانێك بەرهەمدێنێت لە توانایاندا نییە راست و دروستی گوتارەکان دیاری بکەن، بەڵکو کەرەسەکانی روونبوونەوەی وێنەکانیان لێ ون بووە، لە ئاکامدا بوونەتە کەسانێکی کۆنکرێتی ئامادە بۆ قبوڵکردنی هەر گووتارێك لە جیهاندا، چونکە توانای جیاکردنەوەو جیاکارییان نەماوە، توانای بیرکردنەوەیان لە دەست داوە..

ڕاگەیاندن لەم حاڵەتەدا بووەتە ئامرازی بنەڕەتی بۆ بزرکردنی واقیعیەتی واقیع، راگەیاندن لە پشت ئەو دۆخەوەیە کە وا لە واقیع دەکات بە جلوبەرگی وەهم بپۆشێت، وای لێ دەکات ببێتە دیتران و دیمەنسازی، وای نیشان دەدا کە شاشە بریتییە لە وێنەیەکی راستەقینەی واقیع، واقیع وا نیشان دەدات کە لە راستەوخۆیەتی و زیندەیی و ژیانەکەیدا قەتیسدراوە، رووداوەکان دەبنە واقیعێکی هەمەجۆر کە هەمیشە دووپات دەبنەوەو پەلکێش دەکرێتە سەر ئەو شتانەی کە باری نائاسایی گەورە بکرێتەوە لە قەبارەی خۆی زیاتر، بە شێوەیەك وا نیشان دەدرێت کە ریسواییەکان و کوشتنی سەدان کەس و پێشێلکردنی مافەکان و ئەنجامدانی تاوانەکان ببێتە کارێکی سادەی باوی رۆژانەی خەڵکی، وێنەی تەرمی هەڵچنراوو لاشەی پەرتوبڵاوی سەرشەقامەکان و خانووە رووخاوەکان و ئاگری هەڵایساو کە بە هۆی جەنگەکان و کارەساتە سروشتیەکان دەکەونەوە ببنە شتێکی ئاسایی رۆژانەیی، ببنە واقیعێکی قبوڵکراوی رۆژانە، ئەمەش وا لە تاك دەکات هەستی جیاکاری لە نێوان ئەوەی پێویستە بکرێت و ئەوەی پێویست نییە ئەنجام بدرێت ون ببێت، هەستی جیاکاری لە نێوان ئەوەی پێویستە قبوڵ بکرێت و ئەوەی پێویست ناکات ون ببێت، ئەوەی پێویستە بووترێت و ئەوەی لە وتن نایەت تێکەڵ بکرێن، ئەوەی پێویستە رەتبکرێتەوەو نارەزایی لەسەر بدرێت، ئەوانەی پێویست بە نارەزایی دەربڕین ناکەن و ئازار زیاتر دەکەن، ئەوانەی گڕ لە هەستەکانمان بەردەدەن و ئەوانەی هەستەکانمان سارد دەکەنەوە هەمووی بەسەرد یەکتردا کراون..

ونبوونی ئەم توانستەی جیاکارییە یان وەك هەندێ وا ناوی لێ دەنێت سەرئێشانی ئایدیۆلۆژیایی، ئایا ئەمە هۆکار نیین بۆ ئەوەی زۆر بە هەڵپەوە رابکەین بەرەو پێشەوەی ئەو حاڵەتانەی ناکۆکی نەریتی دەچەسپێنن و وا لە وەچەیەکی تەواو خۆبە تەوەرزان دەکەن هەست بکەن بەوەی عەقڵ توانای بەسەرهیچ شتێکدا نەمابێت، هیچ رێگەچارەیەکی بۆ نەمابێتەوە لەبەردەم بەربەستە تازەکاندا..

---


*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**

ئەمڕۆ لە باکگراوەندی تۆتالیتاریەتدا نازییەکی رووگرژ و شیوعیەکی پەڕگیر نادیترێت، بەڵکو باکگراوەند بۆتە راگەیاندنێک بە هۆیەوە کۆمەڵێ کەس بەرهەم دەهێنێت کە توانای خۆیان لە دەست داوەو ناتوانن درک بە حەقیقەتەکانی ئەزموونی واقیعی بکەن، کۆمەڵە تاکێک کە لە توانایاندا نییە هەست بە حەقیقەتی جیهانی واقیعیانەو واتاکانی بکەن

لە تواناماندا نییە عەقڵ و ئیدیۆلۆژیا بەرابەر یەکتر بکەینەوە ئەگەر تەنیا پشتبەستوو بین بەو مانایانەی تایبەتمەندن بە میکانیزمەکانی ئیدیۆلۆژیا، چونکە ئەم میکانیزمانە ئەمڕۆ لە ناوەندی واقیعیدا کاریان پێ ناکرێت

راگەیاندن ئەمڕۆ بووەتە خۆراکێکی رۆژانە تا ئەو رادەیەی لە تواناماندایە قسەبکەین لەسەر ئەوەی بە راگەیاندن بووترێت تۆتالیتاریەتی راگەیاندن، بە مەرجێک پێویستە ئەوەش بزانین کە تۆتالیتاریەت لە فەلەکی هیۆمانستیدا بە شێوەیەکی جیاواز لە واتاکانی کە کاری پێ کراوە دەکارێت






### تایبەتمەندێتیی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان

# پردێ ناوچەیەکی بەپیتە بۆ کشتوکاڵ، بەڵام جووتیاران دەستبەرداری پیشەکەیان دەبن









کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە و دەکرێت لەرێگای بە مۆدێرنکردنی کشتوکاڵەوە ئابووری نیشتمانی پێش بخرێت و ئەم کەرتە ببێتە کۆڵەگەیەکی گرنگی ئابووری، بەتایبەتی لەهەرێمێکدا کە خاوەنی زیاتر لە ١ ملیۆن و نیو هێکتار لەزەوی ئاودێرو دێمی هەیەو ژینگەیەکی لەباری چوار وەرزەی هەیە، بێگومان بوونی زیاتر لە ٣٥٠٠ گوند و چەندین ناحیەو قەزا کە پێشتر خاوەنی ژێرخانێکی لەباری کشتوکاڵییان هەبووەو بەسەدان دەستی کار لەکێڵگە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکان سەرقاڵی پیشەی بەرهەمداریی بوون، هەمووی کۆمەڵە فاکتەرێکی لەبارن بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی و پێشخستنی ئابووری و کردنەوەی دەرگایەکی گرنگی بەدەستهێنانی داهات. بەڵام وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوندو تێکدانی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان کە بەدرێژایی سێ دەیە لەلایەن حکومەتەکانی بەغداوە دژ بەهەرێمی کوردستان و دانیشتوانەکەی پیادەکراوە، دۆخێکی وای خوڵقاندووە پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لەهەرێمی کوردستان بکشێتەوە بۆ دواوەو تەنیا لە٩٪ی هێزی کاری کوردستان کارو پیشەی کشتوکاڵی بکەن و بگرە بەرێژەی ١٠٪ی بەرهەمی ناوخۆی کوردستان دابین بکرێت. لەم دۆخەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە پلانێکی درێژخایەن هەیە بۆ ئەوەی چارەسەری کەموکورتیەکانی ژێرخانی کەرتەکە بکات و بەسەر شوێنەوارە وێرانکارییەکانی تێکداندا زاڵ بێت؛ تەنانەت بوژانەوەی ئەم کەرتە پێویستی بەبودجەیەکی زیاترو بەرنامەو پلانی درێژخایەن و تۆکمە هەیە، تاوەکو لەرێگای بوژانەوەی ئەم کەرتەوە هەنگاو بەرەو بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراکی بنێین و هەلی کار بۆ سەدان کەس بدۆزرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵی رێگرە لەبەردەم کۆچکردنی دانیشتوانی گوندو ناحیەو قەزاکان کە ئێستا زۆر لەگوندنشینەکان بەرەو سەنتەری شارەکان کۆچ دەکەن و زەوییە کشتوکاڵییەکانیشیان بە پارچە پارچەکراوی دەفرۆشن و پرۆژەی غەیرە کشتوکاڵی لەسەر دادەمەزرێت . لەم رێڕەوەدا وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پلانی ستراتیژیی ٥ ساڵەی بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ راگەیاندووە، بەڵام رێژەی زیادکردنی بەرهەم و بەروبوومەکان بەراورد بەساڵانی رابردوو بەپێی خواست و ویستەکانی گەیشتن بەخۆبژێویی نەبووە، لەکاتێکدا ((گەیشتن بە خۆبژێویی))؛ پەیامیی سەرەکی ئەو پلانە ستراتیژییە پێنج ساڵییەی وەزارەت بوو، تەنانەت نەتوانرا پرۆژەکانی سایلۆ و کۆگای ساردکەرەوەو ئاودێری و جۆگەو کارگەکانی پیشەسازیی خۆراکیش بەپێی پێویست جێبەجێ بکرێت، گەرچی لەم بارەیەوە پلان و بەرنامەی زۆر لەبەردەستدایە بۆ جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی کۆگای ساردکەرەوەو سایلۆ، لەم بارەیەوە پرۆفیسۆر دکتۆر کەریم سالح عەبدول راوێژکار لەوەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و شارەزا لەبواری کشتوکاڵ لە لێدوانێکی دا بۆ گۆڤاری گوڵان ئاماژەی بەوەکردبوو: (هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی لەباری هەیە بۆ بەرهەم هێنانی چەندین دانەوێڵەو سەوزەو میوە، بەڵام هێشتا نەتوانراوە کەرتی کشتوکاڵ لەشێوازە کۆنەکەی دەربازی بێت و سوود لەتوێژینەوەکان وەرنەگیراوە و تەنانەت پلان نییە بۆ راگرتنی باڵانس لەنێوان تەرخانکردنی زەوی بۆ کشتوکاڵ و بیناسازیی، هەربۆیە ئاستی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان وەکو پێویست نییە)، ئەم شارەزایەی بواری کشتوکاڵ باسی لەو

**لە ڕێگای بەمۆدێرنکردنی ژێرخانی کشتوکاڵەوە ئاستی بەرهەمداریی بەرزدەکرێتەوەو هەنگاو بەرەو باشکردنی ئابووری هەرێم دەنرێت**

**بەشداری کەرتی کشتوکاڵ لەبەرهەمی ناوخۆیی کوردستان بە ١٠٪ دادەنرێت و تەنیا لە ٩٪ی دانیشتوانی کوردستان پیشەی کشتوکاڵیی دەکەن**

**کاتی ئەوەهاتووە بۆ بووژانەوەی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات ڕوو لە ڕاکێشانی وەبەرهێنەران و پرۆژەکانی پیشەسازیی خۆراکی بکەین و کاری کشتوکاڵی لەو تەقلیدیی و شێوازە کۆنە بگۆڕین**



**چارەسەرکردنی کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان و ڕێگا نەدان بە پارچە پارچەکردن و بەکارهێنانی وەکو شوێنی نیشتەجێبوون و شەخسی پارمەتیدەرە بۆ باش بەکارهێنانی زەوییەکان لەبواری کشتوکاڵدا**

**هەردوو وەزارەتەکانی کشتوکاڵ لە حکومەتی بەغداو هەرێم هیچ کارو پرۆژەیەکی کشتوکاڵیان لەسنووری پردێ ئەنجام نەداوە**

مەترسیەش کرد کە لە ئاکامی بەجێهێشتنی ئیشوکاری کشتوکاڵی لە گوندەکان کەوتۆتەوەو کاریگەریی خراپی لەسەر پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵ داناوە. ئەمە لەکاتێکدا پیشەی کشتوکاڵی وا دەخوازێت ئەوەی کاری کشتوکاڵی دەکات دەبێت لەشارۆچکەکان و گوندەکان نیشتەجێ بێت.

دیاردەی کۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ سەنتەری شارە گەورەکان و دامەزراندنیان لەکەرتی حکومەت تا دێت لەزیادبووندایە و بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیش لەئاست داواکاریی و خواستەکاندا نییەو توانای کێبڕکێی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی وڵاتانی ناوچەکەی نییە، ئەوەی لەم ڕاپۆرتەدا مەبەستمانە گەیشتنە بەو ڕاستیەی کە تادێت خەڵکی دەستبەرداری کاری کشتوکاڵی دەبن، هەربۆیە پێویستە ڕوو لە بەمۆدێرنکردنی ژێرخانی کشتوکاڵ بکەین و وەبەرهێنانی تێدا بکرێت و ڕوو لەدروستکردنی پرۆژەی پیشەسازیی خۆراکی بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش ناحیەی (پردێ)مان وەکو نموونە وەرگرت کە دەکەوێتە سەرە ڕێی هاووڵاتیانی هەولێر بەرەو کەرکوك و سلێمانی و بەغداو ناوچەکانی دیکەی عێراق تەنانەت لەساڵانی سەرەتای هەشتاکاندا لە پارێزگای بەسرەو سەرجەم پارێزگاکانی دیکەی عێراق ڕوویان لەم ناحیەیە دەکرد بۆ دابینکردنی بەروبوومە کشتوکاڵیەکانیان. ڕووبەری سنووری شارەوانی سەنتەری ناحیەکەش ٧١٠ دۆنمە و زەوییەکی بەرفراوانی بەپیتی کشتوکاڵی هەیە، هەر بۆیە زۆربەی خەڵکەکەی پێشتر بەکاری کشتوکاڵی و بێستان و شینایییەوە خەریك بوون، (عەبدولموتەڵیب نەجمەدین) بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ بەڕاشکاوانە پەنجەی خستە سەر یەکە یەکەی کەموکوڕییەکان ئەو پێی وابوو گەرچی ناوچەکەیان لەدەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بەحوکمی ئەوەی نزیکە لەپایتەختی کوردستان کە چڕترین قەرەباڵغی دانیشتوانی تێدایەو زۆرترین خواست و داواکارییان لەسەر سەوزەو میوە هەیە، هەربۆیە ناوچەکەیان قوڵاییەکی ستراتیژی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت گەربێتوو ئاوڕێکی لێبدرێتەوەو ڕێگا لەدەستبەرداربوونی زیاتری کاری کشتوکاڵی بگیرێت، بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ لەم چاوپێکەوتنەیدا کە لەگەڵ بەڕێزی ئەنجامامان دا وتی: پردێ ژمارەی دانیشتوانەکەی ٦٠ هەزار کەسەو ٣٦ گوندی لەخۆگرتووەو خاوەنی ١١٧ هەزار دۆنم زەویی کشتوکاڵییە و خاکێکی بەپیت و ئاو و کەشێکی زۆر گونجاوەو زێیەکی گەورەی پێیدا تێپەڕ دەبێت، ئەمە وایکردووە پیشەی سەرەکی دانیشتوانی پردێ کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداریی بێت، پردێ بە بەروبوومەکانی سەوزایی و باینجان و دانەوێڵەو بیبەر و تور و کاهو و چەندین سەوزەی دیکە بەناوبانگە، بەڵام بەدوو قۆناغ لەدوای ساڵی ١٩٩١ و ٢٠٠٣وە خەڵکی ڕوویان لەدامەزراندن لەکەرتی حکومی کردوو ژمارەیەکی زۆریشیان بۆ سەنتەری شارە گەورەکان کۆچیان کردوو دەستبەرداریی کاری کشتوکاڵی بوون، ئەم دەستبەرداره هاوکات بوو لەگەڵ نەبوونی بەرنامەو پرۆژەی ڕێکوپێکی زانستی بۆ بوژانەوەی ژێرخانی کشتوکاڵ بەتایبەتی لەبواری ئاودێرییەوە، بەرادەیەك لەکاتی هاتنی وشکەساڵیی جووتیاران زیانێکی گەورەیان بەرکەوت و زۆربەیان چیتر نەگەڕانەوە سەر پیشەی جووتیاریی. ئەمە جگە لەوەی حکومەتی عێراق لە کاتی خۆی تاپۆی زەوی کشتوکاڵی ئەو گوندانەی گۆڕیبوون و خستبوویە سەر خەڵکی تر و سەر چەند وەزارەتێك کە تا ئەمڕۆ چارەسەری ئەم کێشەیەی بۆ نەکردووین، گەرچی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاریدابوو کوژاندنەوەی زەوییە کشتوکاڵیەکانی سنوورەکە هەڵبووەشێنرێتەوە، بەڵام وەزارەتی داد و فەرمانگەی تۆماری خانووبەرە بڕیارەکەی جێبەجێ نەکرد، بەمەش لەناوچەکەمان بەهیچ شێوەیەك جووتیارەکان لە پرۆژەکانی قەرزی کشتوکاڵی و پیشەسازیی و پێدانی خانووی پلاستیکی سوودمەند نەبوون، ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر بەجێهێشتنی کاری کشتوکاڵیی و ئاژەڵداری هەبوو.

بەم جۆرە ڕەخساندنی بواری تر بۆ گوندنشینان و ئەوانەی کار لەبواری کشتوکاڵدا دەکەن؛ بووە هۆی بەجێهێشتنی ئیشوکاری کشتوکاڵی، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ نغرۆکردنی بازاڕەکانی کوردستان و عێراق بە بەرهەمە کشتوکاڵییە جیاجیاکانی وڵاتانی بیانی کە بووە هۆی پاشەکشە و دڵەڕاوکێ بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمە خۆماڵییەکان لەلایەن جووتیارانەوە. بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ لەم ڕووەوە وتی: نەبوونی کۆگای ساردکەرەوەو کارگەکانی قوتوبەندو پیشەسازیی خۆراکی و دابەش نەکردنی ژووری پلاستیکی وایانکردووە لەیەك کات و وەرزێکی دیاریکراودا جووتیاران بەرهەمەکانیان بنێرنە بازاڕ کە هاوکاتە لەگەڵ هاتنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی وڵاتانی دەوروبەرو دابەزینی نرخەکەی و زیانگەیاندن بەجووتیاران، تەنانەت داواکاری دابینکردنی ژووری

پلاستیکی و شووشەیی لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقەوە ڕەتکرایەوە بەبیانووی نەبوونی بودجە، لێرەدا داوا لەوەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەم گرنگی زیاتر بەم ناوچە کوردستانییەی نزیك هەردوو شاری هەولێر و کەرکوك بدەن، چونکە تا ئێستا هەردوو وەزارەتی حکومەتی بەغداو هەرێم هیچ کارو پرۆژەیەکی کشتوکاڵییان لەسنووری پردێ ئەنجام نەداوە. هەرچەندە نووسراومان لە ڕێگای پارێزگای کەرکوك و فەرمانگەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کردووەو داوامان لەهەریەك لە ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان کردووە کە وەکو ناوچەی شوان و قەرەهەنجیر خەڵکی ئەم ناوچەیەش لە پێشینەکانی خانووبەرەو قەرزی کشتوکاڵی بێبەش نەبن. کەچی تا ئێستا وەڵاممان نەدراوەتەوە. لەکاتێکدا ناوچەکەمان پەیوەندی و وابەستەیە لەنێوان کوردستان و ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق کەچی پرۆژەیەکی پێشکەوتوومان نییە بۆ عەلوەیەکی فراوان و مۆدێرن کە تێیدا دەتوانرێت ئاڵوێری هەموو بەروبوومەکانی عێراق و کوردستان بکرێت، لەلایەکی دیکەوە بەپێویستی دەزانین کۆلێژەکانی کشتوکاڵ کێڵگەو تاقیگەکانیان لە پردێ دابمەزرێت، لەبواری پرۆژەکانی ئاودێریشەوە کە کەموکوڕی زۆرمان هەیە داوامانکردووە پرۆژەی بەنداوێك لەگوندی قەرە سالم بەهاوشێوەی بەنداوی دووبز دروست بکرێت.

سەبارەت بەبواری ئاژەڵداریش کە بەهاوشێوەی کشتوکاڵ بەپەراوێزخراوەو ژمارەی ئاژەڵی ناوخۆیی زۆر کەمی کردووەو لەبەرامبەردا بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان مەڕو ماڵات و ئاژەڵ لەوڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی لە ئێرانەوە دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان؛ بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ لەم ڕووەوە تیشکی ختەسەر ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکان و نەگەڕانەوەیان بۆ شوێنی زێدی باوباپیرانیان، هەربۆیە ئەو پێیوابوو بەهۆی ئەم حاڵەتەوە بەخێوکردنی مەڕوماڵات لەناوچەکەیان زۆر کەمی کردووە، بۆ سەلماندنی قسەکەشی وتی: چەکی قەرەبووکردنەوەو ڕاکێشانی خزمەتگوزارییەکان هانی گوندنشینەکانی نەدا بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەڕانەوەیان بۆ سەر زێدی باوو باپیرانیان، بەرادەیەك ئێستا گوندمان هەیە دوو ماڵ یا چەند ماڵێکی کەمی گەڕاوەتەوە، هەربۆیە کاتی ئەوەهاتووە بۆ بوژانەوەی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات پێویستە ڕوو لە ڕاکێشانی وەبەرهێنەران و پرۆژەکانی پیشەسازیی خۆراکی و دروستکردنی شوێنی هاوچەرخ و گەورەی بەخێوکردنی ئاژەڵ و کێڵگەکانی پەلەوەرو بەخێوکردنی ماسی و هەنگ بکەین و کاری کشتوکاڵی لەو تەقلیدیی و شێوازە کۆنە بگۆڕین و کۆمپانیاکان ڕوو لەوەبەرهێنان لەکەرتی کشتوکاڵ بکەن. بۆ ئەمەش پێویستە سەرەتا گرفتی زەوییە کشتوکاڵییەکان چارەسەر بکرێن، لێرەشدا داواکارم لەوەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەهەرێمی کوردستان تیمێك پێکبهێنن بۆ سەردانمان و دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەری گونجاو و یاسایی.

یارمەتیدانی جووتیاران بۆ گۆڕینی شێوازی کۆنی کشتوکاڵی دەبێتە هۆی پێشکەوتنی بواری کشتوکاڵی و هاندانی هاتنە پێشەوەی وەبەرهێنەر، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان هەمووی سەرەتای ڕێگایە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان و پاراستنی ئاسایشی خۆراك و پەرەپێدانی ئابووری و دۆزینەوەی سەرچاوەی تری داهات.



**بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ بۆ ( گوڵان ):**

# حکومەتی عێراق و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان هیچ کارو پرۆژەیەکی کشتوکاڵییان لە پردێ ئەنجام نەداوە